ئیرۆتیك
لە شیعری (حەمام)ی
(شێرکۆ بێکەس)دا

ئیرۆتیك لە شیعری
(حەمام)ی (شێرکۆ بێکەس)دا

لێکۆڵینەوەی

د. دەریا حەوێزی   د. هاوژین صلیوە

٢٠١٥

- ناوی کتێب: ئیرۆتیک لە شیعری (حەمام)ی (شێرکۆ بێکەس)دا.
- ناوی نووسەران: د. دەریا حەوێزی، د. هاوژین صلیوە.
- چاپ: چاپخانەی شەهاب-هەولێر
- دیزاینی بەرگ: حامد سەقزی
- دەرهێنانی هونەری: هاوژین
- چاپی یەکەم، ٢٠١٥
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (٧٥٥)ی ساڵی (٢٠١٥)ی پێدراوە.

ناوەرۆك

بابەت	لاپەڕە
پێشەکی	
بەشی یەکەم: زاراوەو چەمکی ئیرۆتیك	٩
تەوەرەی یەکەم: چەمکەکانی سێکس و ئیرۆتیك........	٩
تەوەرەی دووەم: پەیوەندی ئیرۆتیك بە ئەدەبەوە........	١٨
تەوەرەی سێیەم: ئیرۆتیك و ڕۆمانسیزم	٢٦
بەشی دووەم: قۆناغەکانی ئیرۆتیك لە شیعری (حەمام)دا :	٣٠
تەوەرەی یەکەم: بایەخدان بەڕێکپۆشی و چوون بەرەو ئیرۆتیك........	٣٠
تەوەرەی دووەم: بەرەو ئیرۆتیك و گەیشتن بە ئۆرگازم........	٥٣
تەوەرەی سێیەم: خستنە ڕووی شیعری (حەمام) لە ڕێی بۆچوونەکانی سیگمۆند فرۆید	٨٨
تەوەرەی چوارەم: هاوسەنگی لە نێوان شیعری (حەمام)ی شێرکۆ بێکەس و شیعرێکی قوبادی جەلیزادەدا	٩٠
خستنە ڕووی دەقی شیعری (حەمام)ی شێرکۆ بێکەس........	٩٨
ئەنجام........	١١٥
سەرچاوەکان........	١١٦
کورتەیەك بە زمانی عــــەرەبی	١٢٢
کورتەیەك بە زمانی ئینگلیزی	١٢٣

پێشەکی

غەریزەی جنسی و حەزی ئیرۆتیك لە لای هەموو مرۆڤێکدا هەیە، ئەو غەریزەو حەزانەش وەك بابەتێکی واقعی خۆیان دەخزێننە نێو بابەتە ئەدەبییەکان، لە ڕێی زمانی ئەدەبییەوە لەنێو ژانرە ئەدەبییەکاندا دەگیرسێنەوە، شیعریش پشکی شێری بەردەکەوێت، هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هێشتا لێکۆڵینەوەی زۆر لەبارەیەوە نەکراوە، هەرچەندە تێکستی ئیرۆتیکی پانتاییەکی زۆری لە ئەدەبی کوردی داگیرکردووە، هەر لە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانەوە تاوەکو ئێستا.

سنووری لێکۆڵینەوەکە: تاقە شیعرێکی (شێرکۆ بێکەس)ە بەناوی (حەمام)، کە لە مارتی (٢٠١٠) دا لە سلێمانی نووسراوە، لە دیوانە شیعرێکدا بەناونیشانی (خێراکە مردن خەریکە بگات) لەساڵی (٢٠١٣) بڵاوکراوەتەوە، شاعیر لە پاڵ ناونیشانی شیعرەکەی نووسیویەتی (شیعرێکی ڕۆمانسی و ئیرۆتیکییە)، ئەم شیعرە شێوەی چیرۆکێکە، کەوا لە ناوەڕۆکیدا گەنجێك بە خەیاڵ بەرەو لای دەستگیرانەکەی دەچێت، خەیاڵەکەشی خەیاڵێکی ئیرۆتیکیانەی جوانە، کە بەسەریەکەوەو بە شێوەیەکی زنجیرەیی باس لە بەسەرهاتەکانی ئەو گەنجە دەکات، دەقێکی گونجاوە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە، کەوا لێکدانەوەوشیکردنەوەیئەوخەیاڵە، پنتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە پێکدەهێنێت.

ئامانجی لێکۆڵینەوە: بریتییە لە خستنە ڕووی زاراوەو چەمکی ئیرۆتیك و بەستنەوەی بە دەقە شیعرەکەو ڕاڤەکردنی دەقەکەو دۆزینەوەو خستنەڕووی پێکهاتەو پلەکانی ئیرۆتیك لە دەقەکەدا.

گرفتی لێكۆڵینەوە: كەمی سەرچاوە بە زمانی كوردی، درێژی دەقەكە كە نەدەكرا بیپچڕێنین، چونكە بە سەریەكەوە پلەكان و قۆناغەكانی ئیرۆتیك دەخاتە ڕوو، بۆیە پەنامان بۆ ئەوە برد دەقەكە بكەینە چەند وێستگەیەك، تاوەكو بۆ لێكدانەوەو خستنەڕوو ئاسانتر بێت.

میتۆدی لێكۆڵینەوەكە: میتۆدی وەسفی دەروونشیكاریمان گرتۆتەبەر، لە بەشی یەكەمدا میتۆدی وەسفی و لە بەشی دووەمدا میتۆدی دەروونشیكاری و لە هەندێ شوێنی بەشی دووەمدا هەردوو میتۆدەكە تێكەڵكراون.

ستراكتۆری لێكۆڵینەوەكە: لە دووبەش پێكهاتووە، بەشی یەكەممان كردووە بە چەند تەوەرەیەك، لەوانە: یەكەم (چەمكەكانی سێكس و ئیرۆتیك)، كە تێیدا باسی زاراوەو چەمكی ئیرۆتیكمان كردووە و ماناو مەدلوولەكانمان خستۆتە ڕوو، لە تەوەرەی دووەمدا بە ناوی (پەیوەندی ئیرۆتیك بە ئەدەبەوە)، تێیدا باسی لایەنی ئیرۆتیك و سێكسمان كردووە، لەو تەوەرەدا بە پشت بەستن بە بیروڕای زاناو توێژەرانی دەروونی، ڕەنگدانەوەی ئەو بابەتانە لە نێو ئەدەبیاتدا ڕوونكراوەتەوە، تەوەرەی سێیەم: بریتییە لە (ئیرۆتیك و ڕۆمانسیزم)، كە هەردووكییان جیهانێكی هاوبەشیان هەیە و كەشوهەوایان لەیەكەوە نزیكە، چونكە ڕۆمانسییەكان گرنگییەكی زۆریان بە لایەنی هەست و سۆزو داوە، گرنگییان بە نەستی تاك و كپتە سێكسییەكان داوە، ئەمانەش دێنەوە نێو جیهانی ئیرۆتیك.

بەشی دووەمی لێكۆڵینەوەكەمان لە چوار تەوەرە پێكهاتووە، كە تایبەتە بە دەرخستنی قۆناغەكانی ئیرۆتیك، هەروەك ئەوەی لە خوێندنەوەی شیعرەكەدا دەبینرێت، سەرەتا بە دیمەنی ڕۆمانسی و سۆزدارییەوە دەستپێدەكات، و ئینجا قۆناغەكانی ئیرۆتیك بە چەند وێستگەیەكی بەدوایەكدا هاتوو دەبینرێن، هەر بۆیە بەپێی ئەم وێستگانەو بۆ كارئاسانی و بۆ باشتر گەیاندنی مەبەستی

لێکۆڵینەوەکە بە خوێنەر، شیعرەکە بەسەر چەند بەشێکدا دابەش دەکەین و هەریەکەیان بەجیا دەخەینە ڕوو، لە تەوەرەی یەکەمی ئەم بەشەدا بە ناوی:(بایەخدان بە ڕێکپۆشی و چوون بەرەو ئیرۆتیك)، قسە لەسەر ئەم لایەنانە کراوە، کەوا شاکەسی چیرۆکە شیعرەکە لە حاڵەتی خودشەیدانی و بایەخدان بە ڕێکپۆشیدا دەبینرێت، کە لە دە وێستگەدا شیعرەکە خراوەتە ڕوو، لە تەوەرەی دووەمیشدا کە بە ناوی: (بەرەو ئیرۆتیك و گەیشتن بەئۆرگازم)ە و بۆ باشتر شیکردنەوە خستنە ڕووی شیعرەکە، بە دە وێستگەی جیاجیای شیعرەکە، سەرەتاکانی ورووژاندن و ئارەزووبزواندن شیکراوەتەوە، لەوێوە بە خەیاڵێکی ئیرۆتیکیانەوە بەرەو لای دەستگیرانەکەی دەڕوات، تێیدا پلەکانی ئیرۆتیك و گەیشتن بە دوا پلەی ئۆرگازم پێبەپێ دەقەکە شیکراوەتەوە، لە تەوەرەی سێیەمدا بە ناوی (خستنە ڕووی شیعری حەمام لە ڕێی بۆچوونەکانی سیگمۆند فرۆید)ە، کە بە هێڵکارییەوە شیعرەکەمان بەپێی بۆچوونەکانی فرۆید خستۆتە ڕوو، لە تەوەرەی چوارەمیشدا بەناوی (هاوسەنگی لە نێوان شیعری (حەمام)ی شێرکۆ بێکەس و شیعری (بیرم چوو ئاوی حەمامەکە بگرمەوە)ی قوبادی جەلیزادە)، بەراوردی ئەم دوو دەقە شیعرەی هەردوو شاعیری هاوچەرخی کوردمان کردووە، کەوا بە لای ئێمەوە خاڵی هاوبەشییان زۆرەو بە پێویستمان زانی لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەریبخەین، ئینجا تەواوی دەقی شیعری (حەمام)ی (شێرکۆ بێکەس)مان خستۆتە ڕوو، بۆ ئەوەی خوێنەر بەسەر یەکەوە بتوانێ شیعرەکە بیخوێنێتەوە، دواتریش گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە لێکۆڵینەوەکەدا پێیان گەیشتووین، ئینجا لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان، دواتریش پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بەرچاو دەکەون.

بەشی یەکەم
زاراوەو چەمکی ئیرۆتیك

تەوەرەی یەکەم
چەمکەکانی سێکس و ئیرۆتیك

ئیرۆتیك کردەیەکی ئەخلاقی تاکەکەسی نییە،بەڵکو هەڵگری کارو پەرچەکرداری کەلتووری و ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمەیە، کە تاکەکان تێیدا دەژین[١]، ڕەهەندی سایکۆلۆژیای Eroticism بە دەستەواژەکانی (سیگمۆند فرۆید) دەبەسترێتەوە، کە ئەویش لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ میتۆلۆژیای گریکە کۆنەکان plato (ئەفلاتون) باسی ستاتیکای هەرە باڵا دەکات، جا ئەڵقەی زنجیرە سایکۆلۆژییەکان، کە ڕووەو خۆشەویستی و عیشق دەچن بەم شێوەیەیە:

ڕووخسارە جوانەکانی سەر زەوی ← شێوازی نازدار

شێوازی نازدار ← کردەوە جوڵەی نازدار

کردەوە جوڵەی نازدار ← دەگاتە ترۆپکی ڕوخسارە جوانەکان[٢]

1) Grand,L., Laws and Attitudes towaedes towards Homosexuality from Antiquity to the modern Era ponte 43:4-5 (1987) p.122-129.
2) The Symposium, in Benjamin Jowett trans, The Essential plato 1999-p. 746.

هەڵبەتــە نــابێ زاراوەی ئیرۆتیــك Erotic لەگــەڵ زاراوەی ڕووتــی pornography تێكــەڵ بكرێــت كــە بابــەتێكی وێنــەكاری سێكســییەو بەمەبەستی وروژاندنی سێكسی نمایشدەكرێت، كە لەشێوەی وێنەو پۆسـكارت و پەیكەرو گرتەی فۆتۆگرافی فیلمسازیدا دەخرێنە بەردەست، چـونكە لەڕاسـتیدا ئەم زاراوەیە هەر واتای وێنەو نیگار لەخۆ ناگرێت، بەڵكو چالاكی جەستەیشـی تێدایە، هەرچەندە مەرج نییە دیمەنـەكان كتومـت سێكسـی بـن[٣]، سـەبارەت بەزاراوەی ئیرۆتیك Erotic لەوشـەی (Erotikos) گریكییـەوە وەرگـیراوەو مێژووەكەی بۆ ساڵی (١٦١٥- ١٦٢٥) دەگەڕێتەوە، لە فەرهەنگی ئینگلیزیـدا ئــەم مانایانــە دەبەخشــێت: وروژانــدن، یــا تێركردنــی ئــارەزووی سێكســی. عەودالّبوون، یان دەسـتبازیكردن لەگـەڵ هەوەسـبازی سێكسـی. كەوتنـە ژێـر ئارەزووییەكی قورس و بە جۆشی سێكسی[٤]، پێشڕەوی سەید برایم لەمبارەیەوە دەڵێت: " گەر سەرنج بدەین ئیرۆتیكی گریكی زۆر لـە (ڕووت)ی كوردییـەوە نزیكە،... لەوەش زیاتر لە هەندێ ناوچەی بناری قەندیلدا لە كاتێ كـە دەڵـێن غەزال ئیڕووتە، ئەوا مەبەستیان غەزال ڕووتە"[٥].

ئیرۆتێك لەم سەردەمەی ئـەمڕۆدا وەك زاراوەیـەك لـە بـواری ئـەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا بەكاردێت، هەرچەندە ئەم زاراوەیە هەندێكجار لەگەڵ سـێكس بە هاوواتا دادەنرێن، بەڵام ئەم دوو زاراوەیە جیاوازن، سەبارەت بە سـێكس وەك غەریزەیەكی مرۆڤی چەندین پێناسـەی جۆراوجـۆر دێتـە كایـەوە،" ئـارەزووی

3) http:en.wikipedia.org/wiki/pornography
4) http: dictionary.reference.com/browse/erotics
٥) ڕووتەمەنی لە ئەدەبی فۆلكلۆری كوردیدا، پێشڕەوی سەید برایم، ٢٠٠٨، ل. ٣٦.

سێکسی Libido پرۆگرامێکی دیاریکراوە لە جەستەی مرۆڤ و گیانەوەردا هەیە، کە بەردەوام ئامانجی پارێزگاریکردنە لە جۆر، چونکە هیچ کەسێك فێری باڵندەو ماسی و ئاسك و پشیلەی نەکردووە کە هەندێکجار ئەو کردارە ئاڵۆزانە بکەن، کە پێویستن بۆ بەدەستهێنانی جووتبوونی سێکسی، پرۆگرامی ئەم کارانە لە ڕێگای کۆدی بۆماوەیی تایبەت بەرەمەك (غەریزە)ی سێکسیەوە دیاریدەکرێن"(٦)، ئیرۆتیك باس لە حەزو ئارەزووە نهێنییەکان دەکات، تاوتوێی چێژی پەنهانی ژیان دەکات، سنوورە داخراوەکانی نێرو مێ دەشکێنێ و ژیانیان بە ڕووتی پیشاندەدات(٧)، مارینا پێناسەی ئیرۆتیك بەم شێوەیە دەکاو دەڵێت:" دەربڕینێکی ناسکی تۆمارکراوە بۆ سێکس"(٨)، کەواتە ئیرۆتیك هەست بزوتن و مەیل و حەزی سێکسی بە مرۆڤ دەبەخشێت. ئەمانەش خاڵی جیاکەرەوەن لە نێوان سێکس و ئیرۆتیکدا.

ئەگەر چاوێك بە مێژوودا بخشێنین دەردەکەوێت،" ئەو کاتەی جیهان بەمرۆڤ ئاوەدان کراوەتەوە، هەموو هەلومەرجی ژیانی بۆ دابینکراوە، بە پێویستییە گیانی و لاشەیی و دەروونی و ژیری و جنسی و هی دیکەشەوە، دیارە بە پێی چۆنییەتی پێکهاتنە کیمیاوییەکەی ئینسان و بۆ مانەوەی جۆرەکەی زۆر شتی دەوێت، ئەوەی ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی پاراستنی جۆر،

---

٦) سێکس لە مرۆڤدا (١-٥)، پەرچڤەی دانا محەمەد، گۆڤاری زانستی سەردەم، گۆڤارێکی زانستی گشتی وەرزییە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەری دەکات، ژمارە ٣٣، ل. ١٥٥.

٧) ڕووتەمەنی لەئەدەبی کوردیدا، ل. ٢٢.

٨) هەمان سەرچاوە، ل. ٢٥.

ئەگەر گشت هۆیەکانی دیکە هەبن و مرۆڤ خۆی لە کرداری جینسی پەرێز گرت ئەوا هێندەی پێ ناچێت مرۆڤایەتی لە بەین دەچێت"[٩]، چونکە مرۆڤ لەوەدا لە ئاژەڵ جیادەکرێتەوە، کەوا بە پێچەوانەی ئاژەڵەوە دەتوانێت تا ڕادەیەکی دیاریکراو حەزە سێکسییەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکات، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا" مرۆڤی کۆن هەمیشە ویستوویەتی هەموو شتێك بەرجەستە بکات، بۆیە ئەفسانەی سۆمەری و ئاشووری و گریکی و ڕۆمانی، دەیەها ئەفسانەو داستانی تر، لە هزرو بیری خۆیاندا زەوی دەکەن بە (مێینە) و ئاسمان بە (نێرینە). ئەم بەرجەستە کردنە جۆرە لێکدانەوەیەکی هزری مرۆڤایەتی بووە بۆ ئەو دیاردەو بوونەوەرانەی کەوتوونەتە بەرچاوی ئەوکات. هەر لەم ئەفسانانەوە تاکو هزری پۆستمۆدێرنزمی جیهانی ئەمڕۆ، چەمکی (ئافرەت) لە هەموو چەمکێك پتر بە مێینە نیشاندراوە. (هەق، جوانی، زاوزێ، خێروبێر، شوێن، خاك، بەهرە، بەخشین... (ئەمانە هەموویان ڕەنگدانەوەی پارچەیەکن لە پارچەکانی هونەر، نەك ڕەنگدانەوەی تاوان و ڕووتبوونەوە... لە ئایینە کۆنەکانیش ئافرەت بایەخێکی گرنگی هەبووە، بووە بە خواوەند، واتە لووتکەی دەسەلاّت، دەسەلاّتی ڕەها بۆ زاوزێ و جوانی، بۆ بەهرەو بەخشین. هەر لە خواوەندی (ئینانا) ی عەشتارو (ئەستەر)ی تەورات و (ئەفرۆدێت)ی گریکی و (ڤینۆس)ی ڕۆمانییەوە، تا دەگاتە (کاوشکا)ی هۆرییەکان. ئەمانە هەموویان ئافرەت

---

٩) ئافرەت لە چیرۆکی کوردی دا ١٩٢٥ـ ١٩٧٠، صەباحی غالب، کۆماری عێراق، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاّوکردنەوەی کوردی، دار الحرية للطباعة، بەغداد، ١٩٧٩، ل٢٧١.

بوون"[١٠]، سەرەڕای ئەوەش" سۆمەرییەکان زۆر سووتاوی مومارەسەی سێکسی سێکسی بوون، کەوا بە نەریتێکی کۆمەڵایەتییان دادەنا، سەرەڕای ئەوەی کە نەریتێکی ئایینی بوو بۆ پاراستنی نەوەکان، داستانی گەلگامێش وەك سەرچاوەیەکی گرنگی ئیرۆتیکا سەیر دەکرێت، کەوا چەند نەریت و دیمەنێکی سێکسی تێدا دەردەکەوێت"[١١]، هەموو ئەوانەی باسکران بەڵگەی ئەوەن کەوا ئافرەت لەم کۆمەڵگا سەرەتاییانەدا بەرز ڕاگیراوە، ئەگەر بپەڕینەوە بۆ قۆناغێکی مێژوویی دواتریش، دەبینین" هەر لە سەردەمی یۆنانەوە دوو جۆرە خۆشەویستی بەرامبەر ئافرەت دەستنیشانکراون: یەکەمیان: حەز یا خۆشەویستی لەش، کە وشەی Erosخوای خۆشەویستی، بۆ وەسفکردنی بەکاردێ. دووەمیان: خۆشەویستی عوزری (ئەگاپیە Agape) یە، ئەم جۆرە خۆشەویستییە زۆرجاریش بە خۆشەویستی ئەفلاتونی دەناسرێت، چونکە ئەفلاتون هەوڵیداوە خۆشەویستی لەش (ئیرۆسی) بخاتە ژێر تەئسیری فەلسەفە میسالییەکەی خۆیەوەو ڕەنگێکی ڕۆحی پێبدا. لە گفتوگۆی داوەت Bang vet دا، ئەفلاتون لە زمانی سوکراتەوە ڕای خۆی بەرامبەر خۆشەویستی دەردەبڕێت... بە لای ئەوەوە خۆشەویستی جۆرە حەزو ئارەزوویەکە لەو شتانەی

---

١٠) ئافرەت لە فێمینیستی شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێودا، ناسیح حوسێن سلێمان، عەبدوڵڵا پەشێو شاعیرێك لە ڕەگەزی سەربزێوی، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی زیاد نادر عالڵایی، لە بڵاوکراوەکانی خانەی ئەربیل بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣، ل. ٥٠.

١١) إيروتيكية الجسد في ملحمة كلكامش، مركز نور، حكمت مهدي جبار www.alnoor.se/article.asp

کە نیمانن، لەو شتانەی کە لێیان مەحرووومین و دەستمان ناکەون...، واتە خۆشەویستی لە پێداویستی و موحتاجییەوە پەیدا دەبێت... (ئیرۆس) یش بە لای ئەفلاتونەوە خۆی جوان نییە، بۆیە بە دوای جوانییدا دەگەڕێت... مرۆڤیش چونکە خۆی ناتەواوە، ئەوا هەمیشە بە دوای جوانی و تەواوییدا وێڵ و عەوداڵە... مادام هەر خواوەندە کە بێ کەموکورتی و نوقسانی بێت، ئەوا جوانی تەواو، جوانی موتڵەق، جوانی یەزدانە... ئەو پێویستی بە خۆشویستنی کەس نییە، بەڵام هەموو کەس پێویستی بە خۆشەویستی ئەوە... بۆیە مرۆڤی ناتەواوو موحتاج، لە گەشتە ئەبەدییەکەی بە شوێن جوانییدا، دەبێت بە ناچاری پلەبەپلە سەربکەوێت و ڕوو بکاتە ئاسمان، ڕوو بکاتە جوانی یەزدانی"[١٢]، دواتریش کاتێك کە ئایینە جیاجیاکان دەرکەوتوون، دەبینرێت" داستانە ئایینییەکان بە ژیانی بەختەوەریانەی بێزار ئامێزی ئادەم لە بەهەشتدا دەستپێدەکەن،... لەو ساتەوەی ئادەم و حەوا خۆیان لەسەر زەوی بینییەوە، شارەزای ئەوە دەبن، کە ئێستا پێی دەڵێن (سێکس). لە سەرەتادا هەریەکەیان بە دوای شتکێدا دەگەڕێت (گەڵا هەنجیر)، تاوەکو ئەندامی سێکسی خۆی پێ داپۆشێت، بەڵام ئەوە ڕێگا لەوە ناگرێت، کە حەوا لە ئادەم سکی پڕبێت و هابیل و قابیلی ببێت"[١٣]، هەربۆیە دەبینین" سێکس یەکێکە لەو پێداویستییە مرۆییانەی لە بەرایی دروستبوونی مرۆڤایەتییەوە، کێشەو ململانێ و چۆنێتی و

---

١٢) ئافرەت و جوانی لە شیعری گۆراندا، کەمال مەمەند، گۆڤاری نووسەری کورد، گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد، ژمارە ١، ئایاری ١٩٧٩، ل. ١٠.

١٣) سێ کوچکەی حەرامکراو، لێکۆڵینەوەیەکە لە مەڕ ئایین و سێکس و کێشەی چینایەتی، نوسینی بوعەلی یاسین، وەرگێڕانی سیروان محمد، ل. ٢٣.

چەندێتی لەسەرە، چونکە سێکس وەکو پێداویستییەکانی تر، مرۆڤێك و کەرەستەیەك یاخود خواردەمەنییەك نابەستێتەوە، بەڵکو مرۆڤێك و مرۆڤێکی تر دەبەستێتەوە، ئەمەیان کۆمەڵێك ئیلتیزام و هەست و سۆزی لێ سەرچاوە دەگرێت، لە هەمووی گرنگتریش مێژوویەك دروستدەکات، کە پاشان خۆ لێدەربازکردنی، کارێکی زەحمەتە، چونکە تۆ مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ دەکەیت، دوو گەوهەرتان پێیە، ئاڵوگۆڕی دەکەن و لە ئەنجامدا کەسی سێیەم دێتەدی، ئیتر خێزان و شارو دەوڵەت و جیهان دروست دەبێت"[١٤]، واتە سێکس مەرجێکی سەرەکییە بۆ دروستبوونی خێزان، ئەو خێزانەی لە ژنێك و پیاوێك پێکدێن، چونکە هەر لەو دەمەوە کە بە بەرەبەیانی ژیانی مرۆڤایەتی دادەنرێ ئەمن وا دەزانم پیاوێکی تایبەتی بۆ ژنێکی تایبەتی بووە، بەڵام دوای ئەوەی ژمارەی ئادەمی زۆر بوون، بەپێی بیرکردنەوەو تێکەڵاوی ئەو پەیوەندییە گۆڕاوە، جار بووە چەند پیاوێ بۆ ژنێ بوون، جاریش هەبووە چەند ژنێك بۆ پیاوێك بوون، بووشە کۆمەڵێ پیاو بۆ کۆمەڵێ ژن بوون، دیارە هەر کاتێ لە ژنێ زیاتر بۆ پیاوێ بوو یا بە پێچەوانەوە، مانای تێکچوونی یەکسانییەو پەیوەندی جینسی و کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی لە نێوانیاندا ئاسایی نامێنێت، پێ بزانن یا نەزانن لایەکیان هەر تووشی بەشخوراوی دەبێ و لە کۆتاییدا پێکەوە هەڵناکەن و تەبایی لە نێوانیاندا هەڵدەگیرێت، بۆیە چاکترین جۆری ژن و مێردایەتی ئەوەیە

١٤) قەیرانی ڕووبەری سێکس لە پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکاندا، نەوزاد ئەحمەد حسێن، گۆڤاری ئاییندە، گۆڤاری ئەدەب و هونەری هاوچەرخە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەریدەکات، ژمارە ٣٠ ئاداری ٢٠٠٢، ل. ٣٦.

کە هەریەکەیان تاقانەی ئەوی دیکەیان بێت، ئەوەش لە کاتێکدا دێتە دی کە پێشکەوتنی کۆمەڵگا لەوپەڕی بەرزی و هۆشیاریدا بێت، لاموایە ئەگەر ئەوە بکرێتە یاسایەکی رۆحی و خەڵکی بەو پێیە گۆش و پەروەردە بکرێت ئەوا کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش کەمدەبنەوە[١٥]، هەرچەندە لە هەموو کۆمەڵگایەك ئەم نەریتە هاوشێوە نییەو جیاوازە، و لە هەندێك کۆمەڵگادا ژن و پیاو تەنها بە یەك پەیوەندی سێکسییەوە پەیوەست نابن، بەڵام لە کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای کوردیدا، کەوا بە هۆی دابونەریتە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، کۆمەڵگایەکی داخراوە لە ڕووی سێکسییەوە، زۆرجار بەهۆی ئەو داخراوییە چەپاندنی سێکسی هاتۆتە کایەوە، ئەو چەپاندنەش هەندێکجار لادان و ئاڵۆزی لێوە دروستبووە، هەروەکو دەبیسترێت،" لاوێکی کورد لە ڕێکخراوێکی نێو دەوڵەتی دامەزرێت، لەگەڵ بینینی یەکەمین کچی خۆرئاواییدا، سەربەستی سێکسی بیر دەکەوێتەوەو قیروسیای لێدەکات و لێی دەچێتە پێشەوەو پێی دەڵێت: Please give me one kiss واتە: تکایە یەك ماچم بدەری"[١٦]، دیارە ئەم نموونەیە لە ژیانی ڕۆژانەی ئەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا بەدیدەکرێت، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین مەبەست لە سێکس هەر" تەنها لەبەر زاوزێ نییە، لە پێناوی خۆشەویستی و چێژو بەختیاری مرۆڤایەتی دایە، کەواتە لێرەدا دەبێ ئەوە بە نەزەر وەربگیرێ نەچێتە سنووری کاری ئاژەڵی"[١٧]، ئەگەر

١٥) ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا، ل. ٢٧١، ٢٧٢.

١٦) قەیرانی ڕووبەری سێکس لە پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکاندا، ل. ٣٦.

١٧) ئیرۆتیك لە شیعری نالیدا، زانا خەلیل، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل. ١٩.

باس لە پەیوەندی سێکسی بکرێت، ئەوا دەبێت بە وردی لەوە بکۆڵینەوە، کـەوا پەیوەندییەکە لە کوێدا پەیوەندییەکی ئاساییەو لە کوێدا سنووری ئاسایی خـۆی دەپسێنێت، ئەوەش یاساو نەریتە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان دیاریدەکەن، ئـەو پەیوەندییە سێکسییەی لە کۆمەڵگای کوردەوارییدا ڕێگەی پێدرا بێـت، تـەنها پەیوەندی نێوان ژن و مێردە، واتە پەیوەندی سێکسی نێوان هەردوو هاوسەرەکە، لەم نێوانەدا شەرع و یاسا پەیڕەوکراوەکان ڕێگەی چێژ وەرگرتنی لە پەیوەنـدیی سێکسی پێداون، هەروەکو لـەم دەقـە شـیعرەی کەرەسـتەی لێکۆڵینەوەکـەمان پێکدەهێنێت، لاوێك دەبینین کەوا بـە هـەموو هـۆش و نەسـتییەوە ئـارەزووی گەیشتن بە جەستەی دەسـتگیرانەکەی دەکـات، ئـەم بابەتـە دەبێتـە خاڵێـك و لێکۆڵینەوەکەمان بە دەوریدا دەسووڕێتەوە، جا بەهۆی ئـەوەی شـاعیر لـە پـاڵ ناونیشانی دەقەکەیدا دەنووسێت شیعرێکی ئیرۆتیکی و ڕۆمانسـییە، پێویسـتە لەم سەرەتایەدا کەمێك لەسەر ئەم دوو زاراوەیە بوەستین.

تەوەرەی دووەم
پەیوەندی ئیرۆتیك بە ئەدەبەوە

زۆرجار لە پێناسەکردنی ئەدەبدا دەگوترێت ئەدەب ئاوێنەی کۆمەڵگایە، کاتێك کۆمەڵگاش لە مرۆڤ پێکبێت، ئەوا بێگومان هەرچی لەناو کۆمەڵگادا ڕوودەدات لە دەقە ئەدەبییەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا دەردەکەوێت، هەربۆیەش لە پێناسەکردنی سێکسدا دەگوترێت: " سێکس وەك هەر غەریزەیەکی تر پێویستی ژیانی مرۆڤە، بە بڕوای هەندێك لە زانایانی سایکۆلۆجیاو بە تایبەتی (فرۆید)، سێکس لایەنێکی دیاری (نەست) پێکدەهێنێت و پاڵنەری سەرەکییە بۆ داهێنان، بۆیە لە ڕوانگەی سێکسەوە دەیانڕوانییە دەقی شیعری و شیکردنەوەو لێکدانەوەیان بۆ وێنەکانی دەکرد. هەرچەندە دانانی سێکس بە تاکە پاڵنەری داهێنان لە لایەن زۆرێك لە دەروونناسان و بە تایبەتی خوێندکارەکانی (فرۆید) لەوانە (ئەدلەر) ڕەتکرایەوەو بە یەکێك لە پاڵنەرەکان دانرا، لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵینەوەو باسکردنی هۆکارو ئەنجام و کاریگەرییەکانی سێکس بوو بە جێگەی مشتومڕی گەلێك لە زانایانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی، جا لەبەرئەوەی ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی بەرهەمی مرۆڤەو دەروون و کۆمەڵ لە داهێنانیدا ڕۆڵیان هەیە، دەبینین لە بواری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیشدا بایەخی پێدراوە، لەمڕووەوە دەگوترێت: لایەنێکی ڕەخنەی ئەدەبی ئەمریکی جەخت لەسەر سێکس دەکات و بەهێزێکی ئاراستەکەر لە

ژیان و بەرهەمەکانی نووسەر دەیزانێت"[18]، سەرەڕای ئەم لێکدانەوەیە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ زاراوەی ئیرۆس یان ئیرۆتیك، دەبینین لە دەربڕینێکی تردا سەبارەت بەو زاراوەیە دەگوترێت:" بە پێی کۆمیدیای چۆلەکەکانی ئەرستۆڤان ٤٥٠ـ ٣٨٥ پ.ز ئیرۆس لە نیکس (شەو) بە دوو باڵی ڕەشەوە لەدایکبووە، خاوەنی دوو باڵی زێڕینەو تیرەکانی بە ئارەزووی خۆی دەهاوێژێت، بە بوونەوەرێکی نێرەمووك دادەنرێت، چونکە هەردوو خاسیەتی نێرو مێی تێدا کۆبۆتەوە، بەوهۆیەوە توانای کۆکردنەوەی ڕەگەزەکانی بەیەکەوە هەیە، ئەو خواوەندی جوانییەو جوانی خۆشدەوێت، هەرکەسێك بکەوێتە بەر تیرەکانی دەبێتە شاعیر"[19]، هەر لەسەر ئەم بنەمایانەی سەرەوەش ئەدەبێك هاتە کایەوە کە بە ئەدەبی ئیرۆتیکی ناودەنرێت،" ئەدەبی ئیرۆتیکی پێکهاتووە لە چیرۆکی خەیاڵی و ڕاستەقینە کە پەیوەستە بە پەیوەندی سێکسییەوە، لەبەرئەوەی غەریزەی وروژاندن خوێنەری خۆی هەیە، بۆیە ئەمجۆرە ئەدەبە هاتەکایەوە، بەڵام لە دوای بڵاوبوونەوەی ئایینەکان و هاتنەکایەی بەربەستی شەرعی زۆربەی بڵاوکراوەکانی ئەمجۆرە ئەدەبە بە نهێنی بڵاودەکرانەوە"[20]، سەرەڕای ئەوەش لە هەموو کۆمەڵگایەکدا دەبینرێت،" هەرچەندە پیاو هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی لە باری ئافرەت و هێزی کەمبکاتەوە. هەروەها هەوڵی

---

١٨) سێکس و پیری و گۆشەگیری لە شیعرەکانی هێمندا (١٩٦٨-١٩٨٣ز)، د. فەرهاد قادر کریم، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، گۆڤارێکی ئەکادیمییە زانکۆی کۆیە دەری دەکات، ژمارە ٢٣، حوزەیران، ٢٠١٢، ل. ١١٨.

١٩) ألأیروتیکا، www.alimbratur.com

٢٠) www.en.m. Wikipedia.org/wiki/ Erotic- Litrature .

بەردەوامی بۆ ئەوەی کە بە نزمتری داناوەو لەو کەمترەو شایانی هیچ بایـەخێك و گرنگییەك نییە، بەڵام ئـافرەت لـە هـزری پیـاودا شـوێنێکی زۆری گرتـووە، هەرچەند کە توانی لە زۆربەی بوارەکـانی کۆمەڵگـەی دوورخاتـەوە، بـەڵام وەك مۆتەکە هزری داگیرکردووە، ناتوانێت لە هزری خۆی دەرکـات، ناتوانێـت لێـی ڕاکات بۆ هەر کوێیەك بچێت، ئەوەی بەرهەمی ئەدیبان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بخاتە ڕوو لەکۆن و نوێ، سەری سوڕ دەمێنێت لەو ڕادە زۆرەی چیرۆك و شـیعرو ڕۆمانانەی باسی ئافرەت دەکەن"[٢١]، بە دەربڕینێکی ڕوونـتر دەتـوانین بڵـێین:" مرۆڤایەتی لە سـەرەتایەکی زووەوە لـوتی بـە کێشـەو مەسـەلەی جینسـییەوە تەقیوەتـەوە، داسـتان و ئەفسـانەکان پـڕن لـە زۆرانبـازی جینسـی لـە بـەینی قارەمانەکانیاندا، ئـەدەبی فۆلکلـۆریش لـەوبارەوە بەشـێکی چـاکی بـۆ خـۆی گرتووە، هەروەکو ئەوە بە گشتی باسکراوە، گـەلێك لـە فەیلەسـووف و گـەورە پیاوان و زانا دەروونییەکانیش بـە تایبـەتی قسـەیان لێـوە کـردووە، ئاشـکرایە هەریەکەیان بە پێی مەودای ژیریتی و چینایەتی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی خـۆی لێکیداوەتەوە"[٢٢]، ئەگەر قوڵبینەوە بۆ ناو ئەدەبی نووسراوی کـوردیش، ئـەوا دەتـوانین بڵـێین بـەهۆی سروشـتی کۆمـەڵگای کـوردی، هـەروەکو لەمـەوپێش ئاماژەمان پێکرد، کە بەهۆی نەریتە ئـایینی و کۆمەڵایەتییەکانـەوە لـە ڕووی سێکسییەوە تا ڕادەیەکی زۆر کۆمەڵگایەکی داخـراوە،" قـەیرانی سـێکس لـە

---

٢١) ڕوخساری ڕووتی ئافرەتی عەرەب، نەوال سەعداوی، وەرگێڕان زەروان، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل. ١٠٨.

٢٢) ئافرەت لەچیرۆکی کوردی دا، صەباحی غالب، ل.٢٧٢، ٢٧٣.

کۆمەڵگای کوردەواریدا، شایانی لەسەر نووسین و قوڵبوونەوەو چڕبوونەوەیە، چونکە هەندێ لە سۆسیۆلۆژەکان لەو باوەڕەدان پاشکۆیەتی و بەجێمانی میللەتەکەمان بۆ هەندێ هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکێکیان قەیرانی سێکسە. بەو پێیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە، پێویستمان بە گوتارو ئەدەبیاتێکی وەهایە، بتوانێت سەرە داوەکانی ئەو کلافەیە بداتە دەستمان، تاکو بتوانین شیبکەینەوە... ئەمەیش کارێکی هەروا سانا نییە، بۆیە نووسەرو بیریاری سانایش ناتوانن خۆیانی لەقەرەبدەن. ئەوانەی لەسەر کۆچی کورد بۆ هەندەران دەدوێن، هەرگیز ئاگایان لەوە نییە کە یەکێك لە هەرە گەورەترین هۆکانی سەرهەڵگرتنی لاوی کورد، قەیرانی سێکسە، ئەو لەرێی ڕاگەیاندنەوە، دنیای سەرنگون لەناو سێکسدا دەبینێت و خۆیشی تەمەنی لە سی ساڵ لایداوەو هێشتا ماچێکی نەکردووە، ئا ئەم جیاوازییە ترسناکەیە بە ڕاستەوخۆ یاخود بە ناڕاستەوخۆ، ئەو کۆچە بەربڵاوەی لەناو لاواندا بەرپاکردوە"(٢٣)، ئەم بابەتە کەرەستەیەکی خاوی زۆر بەرهەمی ئەدەبی کوردی پێکدەهێنێت، هەر بەهۆی ئەم هۆکارانەیە بە درێژایی مێژووی ئەدەبی کوردی تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت،" گرنگترین کێشە لەگەڵ سەرهەڵدانی شیعری کوردییەوە بەرجەستە بوویێت، کێشەی ئافرەتە. یەکێك لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان کە هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆش بەردەوامە. کێشەی بە کەم زانینی نرخی مرۆڤە وەکو بوونەوەرێکی هۆشمند بە تایبەتی ئافرەت، چونکە ئافرەت لای ئێمە هەتا ئێستا زانیاریی تەواو دەربارەی خۆی نازانێت و نەزانییەکەشی سەبارەت بە بەهای کۆمەڵایەتی، وای لێکردووە

٢٣) قەیرانی ڕووبەڕی سێکس لە پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکاندا، ل. ٣٦، ٣٧.

ئەرکی سەرشانی خۆی و مافەکەی وەکو (دایك ـ خوشك ـ ژن) دەستەبەر نەکات. هۆیەکەشی ئەوەیە کە هێشتا ئامێتەی کۆمەڵگایەکی شارستانی و پێشکەوتووی ئایدۆلۆژی نەبووە"[٢٤]، بەمهۆیەوە سێکس و پەیوەندییە سێکسییەکان بەشێکی زۆری دەقی ئەدەبی پێکدەهێنن، بەڵام بە داخەوە بەهۆی ئەوەی بە هێڵی سوور داندراوە، تەنانەت ڕەخنەگرانی بواری ئەدەبیش نەیانتوانیوە زۆر خۆیان لە قەرەی وەها باسێك بدەن.

لە جۆرەکانی شیعریشدا جۆرێك شیعر هەیە، کەوا هەندێکجار لەگەڵ ئیرۆتیکدا هاوشێوە دەبن، ئەویش بریتییە لە شیعری داشۆرین، لەبارەی سەرهەڵدانی ئەو جۆرەی شیعرەوە دەگوترێت: " شیعر، هەر زوو بە گوێرەی میزاجی کەسێتی شاعیرەکانەوە، دوو لقی لێبۆتەوە، ئەوانەی بەرزو سەنگین بوون کەوتنە لاسایکردنەوەی کردەوەی بەرزو کاری کەسانی جوامێرو گەڕناس، کەچی ئەوانەی پەست و نزم بوون لەبارەی کەسانی نزمتری ئەم ژیانەیان نووسی. بەم چەشنە، جۆرێکیان وێردی ئایینی و پیاهەڵدانیان نووسی و ئەوانی تر دەستیان بە نووسینی توانج و داشۆرین کرد"[٢٥]، داشۆرین " جۆرێکە لە شیعر،

---

٢٤) سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، لەڕوانگەی پێوەرە ئاکاری و ئاینییەکانەوە (شیعری کوردی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە) بە نموونە، د. ئازاد عەبدلواحید کەریم، لە بلاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەلایەتی کەرکوك، چاپی دووەم، ٢٠١٣، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، ل. ٢٧٦.

٢٥) هونەری شیعر (شیعر ناسی)، ئەرەستۆ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پێشەکی و پەراوێزی عەزیز گەردی، لە بلاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل. ٢٢.

پێچەوانەی ستایشە، کاتێك شاعیر دەیەوێت گوزارشت لە تورەیی و گاڵتەپێکردنی خۆی بەرامبەر بە کەسێکی دیاریکراو بکات، بە پێچەوانەی ستایش کە لەسەر بنەمای ئارەزوو و سەرنجڕاکێشان دروستدەبێت، داشۆرین لەسەر بنەمای بە کەم سەیرکردن و گاڵتەپێکردن دێتەکایەوە، هەرچەندە زۆرجار کۆمیدی دەبێت، بەڵام بە ئامانجی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا دەنووسرێت"[٢٦]، بەشێوەیەکی ڕوونتر دەشێت لە پێناسەی داشۆریندا بڵێین:" شیعری داشۆرین: ئەو شیعرەیە کە خەوشەکانی ئەو کەسە دەژمێردرێ و پیشانیان دەدات، کە شیعرەکەی ئاڕاستە دەکرێ. ئەمەش لە ئەنجامی سۆزی ڕق و کینە لای شاعیر لەدایکدەبێت"[٢٧]، ئەمجۆرەی شیعر جیاوازە لە شیعری ئیرۆتیك، چونکە بنەمای ئیرۆتیك خۆشەویستییەو نەك گاڵتەپێگرن و خەوش لێگرتن، بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە کەوا ئەو دووجۆرە شیعرە تێکەڵدەکەن.

شیعری ئیرۆتیکی، یان " هۆنراوەی سێکسی لە چەند شێوەیەکی جیاوازدا خۆی دەبینێتەوە:

١. بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆو ئاشکرا، باسی پرۆسیسی سێکسی، نێوان نێرو مێ دەکات، لە ئەندامەکانی زاوزێی نێرینەو مێینە دەدوێ، وەك ئەو هۆنراوانەی هەردوو هۆنەری کلاسیکی کورد (ئەدەب)و (ناری) هۆنیویانەتەوە، یا (قانع) لە هۆنراوەی (خاتوو شەیتان لە خەوا)

٢٦) هجاء، شعر، من ویكیبیدیا، الموسوعة الحرة، www.wikipedia.org

٢٧) ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، دکتۆرە شوکریە رسول، مطابع تعلیم العالي، أربيل، ١٩٨٩، ل. ٤٦.

نووسیوێتی)"(٢٨)، شاعیر بارێکی نائاگایی دروستدەکات، دانەپاڵ شەیتان، لە ڕووی دەروونییەوە ئەوە دەگەیەنێت، کە ڕاستە بە حەزێك گەیشتووە، بەڵام وایدەردەخات کەوا شەیتان ئەمەی پێکردووە، بۆ ئەوەی دەروونی ئاسوودە بێت لە ئەنجامدانی ئەو کارە لە خەوەکەیدا.

٢. " بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بە هێما، لە پرۆسیسی سێکس دەدوێ، بەسەر ئەندامەکانی زاوزێی نێرینەو مێینەدا هەڵدەدا، بەمشێوەیە کار لەمرۆ دەکا، هەستی ڕادەکێشێ، دەیهەژێنێ و ئارەزووی سێکسی لا پەیدا دەکا، وەکو (نالی) لە هۆنراوەی (ئیلتیقای پۆلاو ئاسن) و ئەو هۆنراوەیەی بۆ (مەستوورە) خانمی نووسیووە)"(٢٩)، جا بۆ ئەوەی بەهانەیەك بۆ خۆی بهێنێتەوە، دەڵێت ئەوە لەژێر کۆنترۆڵی خۆم نەبووە، خەونێکە بینیوومەو وەك خۆی دەیگێڕمەوە، حەزو خولیا سێکسییەکانی خۆی بۆ جەستەی مەستوورە دەداتە پاڵ خەون، بۆ ئەوەی بڵێ خۆشم حەزم نەدەکرد ئەم کارە ڕووبدات، بەڵکو ئەوەم لە خەوندا دیتووەو لەژێر کۆنترۆڵی خۆمدا نەبووە، ئەوا لێرەدا خەونەکەم دەگێڕمەوە.

٣. " لەپڕۆسیسی سێکسی نادوێ، بەڵام باسی ئەندامە ناسکەکانی نێرو مێ دەکا، سەرنجی خوێنەر بۆ پڕۆسیسی سێکس ڕادەکێشێ، لەم بوارەدا هێندێ لە هۆنراوەکانی (گۆران، مەدهۆش، حەسیب قەرەداخی، کامیل

---

٢٨) یاقووت و زمڕووتی کوردیی، دکتۆر حوسێن موحەمەد عەزیز، بەرگی چوارەم، چاپی یەکەم، کوردستان، سلێمانی، ٢٠١١، ل. ١٣٣، ١٣٤.

٢٩) هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

ژیر، شێرکۆ بێکەس) لەم بەشەدا جێی خۆیان دەکەنەوە، یا ئەو دوو هۆنراوەیەی (کوردی) بۆ (قاله) ی گوتووەو (مەولەوی) بۆ (شاگرد ئاسنگەرێکی نووسیووە)، هەر لەم بەشەدا پۆلێندەکرێن، پێموایە ئەمجۆرەیان بەشی هەرە زۆری هۆنراوەی سێکسیی لە وێژەی کوردیدا بۆ خۆی داگیر دەکا"[٣٠].

٤. " باسی هەموو پرۆسیسەکەو ئامرازەکانی سێکس دەکا، بەلام شێوەی داشۆرین بە خۆیەوە دەبینێ بەهۆی هێرشکردنە سەر کەسی دووەمەوە، یا لەشەڕە هۆنراوەدا، دوو هۆنەر وەلامی یەکدی دەدەنەوە، زۆر بە ڕاشکاویی باسی پرۆسیسی سێکس، ئەندامەکانی زاوزێی نێرینەو مێینەش دەکەن، وەك هۆنەران (شێخ ڕەزای تالەبانی، شوکری فەزلێی) لە هۆنراوەکانیاندا پێڕەویانکردووە"[٣١]. هەموو ئەو شیعرانەش بە پێی تێورەکەی فرۆید دەتوانرێت لێکۆلینەوەیان بۆ بکرێت، هەروەکو لەکۆتایی ئەم لێکۆلینەوەیەدا پیشاندراوە.

---

٣٠) هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

٣١) هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

تەوەرەی سێیەم
ئیرۆتیك و ڕۆمانسیزم

ڕۆمانسیزم، کەوا زۆرجاریش بە ڕۆمانسی، ڕۆمانتیك، ڕۆمانتیکییەت، ناودەنرێت، بریتییە لە ڕێبازو قوتابخانەیەکی ئەدەبی[٣٢]، لە پێناسەکردنیشدا دەگوترێت:" ڕۆمانسیزم Romantisme یان ڕۆمانتیزم بەو بزووتنەوە ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەرییە دەگوترێ، کە لە ئەوروپا لە کۆتایی سەدەی ١٨م بەملاوە بنەماکانی ئازادی و زاتییەتیان Subjectivite بڵاوکردەوە دژی بنەماکانی کلاسیزم و عەقڵخوازی فەیلەسووفانەی کلاسیکەکان. ڕۆمانسیزم بە ڕێبازەکە دەگوترێ، بەڵام ڕۆمانتیك Romantique ئاوەڵناوە، هەروەها بە داهێنی سەر بە ڕێبازەکە دەگوترێ. وشەی ڕۆمانسییەت هەمان واتای ڕۆمانسیزم دەگەیەنێ. وشەی ڕۆمانسی واتای ڕۆمانتیك (نووسەرو هونەرمەندی ڕۆمانتیك) دەگەیەنێ. عەرەب و کورد دایانهێناون"[٣٣]، لە بنەڕەتدا ئەو ڕێبازەی کە بە ڕۆمانسیزم ناونراوە" بریتییە لە پارچەیەکی ئەدەبی، یا کارێکی ئەدەبی، کە بە ڕۆمانس Romance یان Romanz بچێت، وەکو لە فەرەنسی کۆن واتای وشەکە بەم شێوەیە بوو، Romance یش وەکو لە سەدەکانی ناوەڕاست ئەورووپییەکان پێناسەیان کردووە: بریتی بوو لەو چیرۆکە درێژەی وێنەی کۆمەڵگای باڵا ـ ئەرستۆقراتی ـ،

---

٣٢) هەمان سەرچاوە، ل. ٤٦، ٤٧.

٣٣) ڕێبازە ئەدەبییەکان، وەرگێڕان و توێژینەوەی فەرهاد پیرباڵ، دەزگای وەرگێڕان، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل. ٥١.

هەروەها وێنەی کارە ئەسپسوارییە بەرزەکانی لەسەر بنەماکانی موغامەرات و پاڵەوانێتی و خۆشەویستی پاکی لە پەرستش چووە دەکێشا، ئینجا بە تێپەڕینی ڕۆژگار، واتای ئەوە ئەو وشەیە فراوانتر بوو و ئیدیکە هەموو ئەو داستانانەی گرتەوە، کە لەپێش ئەو جۆرە چیرۆکانە هەبوون، هەروەها سەربردە ئاینیەکانی پڕ لە قوربانیدان و تەنانەت ئەو چیرۆکە واقیعیانەشی گرتەوە، کە گیانی ڕۆمانسییەتییان بە سەردا زاڵە"(٣٤)، سەرەڕای ئەم پێناسانە، یەکێك لەم خاسیەتانەی ڕۆمانسیزم لە کلاسیك جیا دەکاتەوە، ئەوەیە " کلاسیکەکان ئەقڵ و هۆش بە بناغەی شیعری کلاسیك دەزانن، کەچی ڕۆمانتیکەکان پتر پابەندی هەست و خەیاڵپەروەرین"(٣٥)، کەواتە ئەگەر بمانەوێت لە بارەی ڕۆمانسییەتەوە بدوێین " دەبێ بزانرێ، لای ڕۆمانسییەکان، لەپاڵ عەقڵدا، دڵ و هەست و سۆزیش دنیایەکی تایبەت و سەربەخۆی هەیە، لای مرۆڤ هەست و نەست پێش فیکرو عەقڵ دەکەوێت، هەروەها ئارەزووش زیاتر لە هەقیقەت کاریگەرێتیی هەیە. لەمڕووەوە بە ڕای ڕۆمانسییەکان، پێویستە هەست و هەوەسەکانی ڕۆح، پێشچاو بخرێن و لێیان بکۆڵدرێتەوە. ئەلفرێد دی مۆسیێ دەیگوت: ئێمە دەبێ وڕێنەکانیشمان بنووسین. واتە دڵ دەبێ بێ قەیدو بەند هەرچی شتێکی حەزدەکا

---

٣٤) قۆناغی پێش ڕۆمانسیزمی شیعری کوردی ١٨٥١-١٩٢١، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی مێژوویە، ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتیی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٦، ل. ٦١.

٣٥) قوتابخانە ئەدەبییەکان، ڕەزا سەید حسێنی، و. حەمە کەریم عارف، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦، ل. ٥٨.

بیڵێ، بیڵێت. دەربڕینی خەم، خەون، ئازادی، سۆزو هەستە خرۆشەکان، تەنیایی و خەڵوەت و خۆشەویستی، بابەتە دیارەکانی رۆمانسیزمن. لە ئەنجامی ئەم بایەخدانەی نووسەری ڕۆمانسی بە دەروون، لە ئەنجامی ئەم ڕۆچوونەی هونەرمەندی ڕۆمانسی بەناو کانگای تاکەکەسدا، دەبینین هونەر لە ڕووی دەروونناسییەوە دەوڵەمەندتر دەبێت، ئەدەب قووڵاییەکی سایکۆلۆژیی بە بڕشت پەیدا دەکات"[٣٦]، لە شیکردنەوەی ئەم پێناسانەدا دەگەین بەو ڕاستییەی کە" هونەرمەندی ڕۆمانتیك خۆزی و پێداویستییە ڕوحییەکانی خۆی زۆر بەلاوە گرنگەو دەڵێت ئەوەی کە ئیلهام بە هونەرمەند دەبەخشێت و بە ماناو چەمکی ژیان دەژمێردرێ (خۆشەویستی و پەیوەندییە)، دەبێ ئەم پەیوەندییە ئازاد بێ. ئەگەر هونەرمەند بەهۆی گوشاری کۆمەڵگەو یاساکانی ڕەوشت یان هەندێ خورافاتەوە بەربەرەکانی بکرێ و تواناو بەهرەکانی بە پەنهانی بمێننەوە، هەقی خۆیەتی، کە دەربارەی کۆمەڵگەو یاسا ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگە داوەری بکات و حوکمی خۆی بدات و ژینگەو ئەخلاقێك فەراهەم بکات کە بۆ نەشونمای ئەو لەبار بێ ـ ئەدەبیات نابێ یاسایەك بێ بۆ سنووردار کردنی خۆشەویستی و پەیوەندییەکان. ئەدەبیات بۆی هەیە هەر گۆشەیەکی ژیان، چ جوان و چ ناشرین، چ بەرزو چ نزم، بکات بە بابەت و کەرەستەی خۆی. دەتوانێت لەهەر سەردەمێکی مێژوویی و لەهەر جۆرە دیمەنێکی دونیا وەربگرێ"[٣٧]، لە ئەنسکلۆپیدیای ساڵی (١٧٥٥) نووسراوە، کە شێوەیەکە لە خۆشەویستی ڕۆمانسی ئامێز مرۆڤ بەرەو هەوەسبازی سێکسی ڕادەکێشێت، واتا شێوەیەکی

---

٣٦) ڕێبازە ئەدەبییەکان، وەرگێڕان و توێژینەوەی فەرهاد پیرباڵ، ل. ٧١.

٣٧) قوتابخانە ئەدەبییەکان، ل. ٥٩.

بالآی ڕووتەمەنییە، بەڵام بە دەرهێنـانێکی پوختـەترو جوانترو پەسـندترو پـڕ وروژاندن بە وەستاکارییەکی شاراوە(٣٨).

هەموو ئەو خاسیەتانەی لـە ڕۆمانسـیزمدا دەردەکـەوێت لـەم شـیعرەی شـێرکۆ بێکەسـدا بەرجەسـتە دەبـن، کـەوا لێکۆڵینەوەکـەی بەردەسـتمان پێکدەهێنێت، هەروەکو لە بەشی داهاتووی لێکۆڵینەوەکەدا ڕوونی دەکەینـەوە، لەوێدا هەمووومان ئەو مافە بە ڕەوا دەزانین، کەوا شاعیر بە خۆی داوە، کـە لـە پـاڵ ناونیشـانی شـیعرەکەی ناونیشـانی ڕۆمانسـیزمی نووسـیووە، چـونکە ڕۆمانسییەت گرنگی بە سروشت و جوانی ئـافرەت دەدات، زۆرجـار لـە دەمـی کەسی ئاسایشەوە دەبیستین کاتێك لە کەش و هەوایەکی خۆش و جوان و دڵگیر دابنیشێ بەکەشوهەوایەکی ڕۆمانسی ناویدەبات، واتـا ئـاڵ و واڵایـی و جـوانی ناسکی و دیمەنی سروشت و ئافرەت و جوانی لەنێو کرۆکی ڕۆمانسییەتدان، بۆیە دەقە ئیرۆتیکییەکان سەودا لەگەڵ ڕۆمانسییەت و جوانیـدا دەکـەن و هەسـت و سۆز دەبزوێنن.

هەڵبەتـە تایبەتمەندییـەکانی ئـەدەبی ڕۆمانسـیزم ئەمانـەن: ئـافرەت، سروشت، ڕەشبینی، نامۆیی،...لەو تایبەتمەندییە نزیك دەبێتەوە کە ئیرۆتیکـە، ڕۆمانسییەت گرنگی بەخودی تاکەکان دەدات و شۆڕدەبێتەوە بـۆ نـاخ، شـێرکۆ بێکەس لەڕێی کوڕو کچێکەوە شۆڕبۆتەوە بۆ نـاو نـاخی خـۆی و حـەزو خولیـا کپبووەکانی دەخاتە ڕوو.

---

38) Andrea Dworkin.(n.d).Brainy Quote.com.Retrieved August 18-2011-from Brom Beainy Quote.com

بەشی دووەم
ئیرۆتیك لەشیعری (حەمام)دا

تەوەرەی یەکەم
بایەخدان بە ڕێکپۆشی و چوون بەرەو ئیرۆتیك

پێکهاتەی شیعرەکە بە چەند وێستگەیەك خۆی نمایشدەکات، بۆیە بۆ کارئاسانی توێژینەوەکەمان، شیعرەکە دەکەین بە چەند بەشێك و هەریەکەیان ناوێکی لێدەنێین، بۆ ئەوەی بتوانین بابەتەکە بەرچاوتر بێت و زنجیرەی بەسەرهات و ڕووداوی شیعرەکە بە وردی بخەینە ڕوو و وێستگە وێستگە لێکدانەوەی بۆ بکەین.

یەکەم: دەستپێك:

لە دەستپێکی ئەم دەقە شیعرەدا شاعیر لەسەر زمانی گەنجێکی دەستگیراندار دێتە قسە، بۆئەوەی زیاتر ڕەوایەتی بە بابەتەکە بدات و شۆڕبێتەوە نێو کەلتوورو بڵێ ئەوەتا حاڵی کچ و کوڕێکی دەستگیراندار لەم وڵاتە ئاوایە، ئەی ئەگەر دەستگیراندار نەبن دەبێ چۆن بێ!؟ ئەو لاوە ڕۆژەکانی دوای دەستنیشانکردنی دەستگیرانەکەی دەژمێرێت و دەڵێت:-

ژماردوومە پازدە ڕۆژە دەزگیرانی و
ئەڵقەی پەنجەی دەستی ڕاستمان
دوو ئەستێرەی زێڕینن و
جریوەیان زۆر تازەیە،

ئاوێنەی پێکەنینیشمان
چون ڕوومەت و چاوی گەشمان
بۆ یەکتر ئەبریسکێنەوە!
له ناوەوەش ماخۆلان و هەوەسی جنس ژیلەمۆیەو
بای گەنجێتی لێی ئەدات و
گڕ ئەگرێت و لرفەی دێت و
بەردەوامیش
کوورەیەکی داگیرساوی
شەوانەیەو ڕۆژانەیە!
هەموو ڕۆژێ دوو سێ جارێ
به بیانووی جۆراو جۆرەوە،
که کەس بڕوایان پێناکا،
دێمە ماڵتان!
ئەوا ئێستاش خۆم گۆڕیوەو
بەر ئاوێنەی دیوارەکه بەرنادەم و
لاجانگ درێژ...له پەڕەی گوێش بەرەو خوارتر
جارێك لەسەر لا تەماشای خۆم ئەکەم و
جارێکی تر، ڕێك بەرامبەری ئەوەستم
ئەچمە پێشی و دێمە دواوەو
دەست ئەخەمە سەر کەمەرو... ل. ٧٥

لەم کۆپلەیەدا شاعیر باسی لە کوڕێکی گەنج دەکات کە پازدە ڕۆژە دەستگیرانی هەیە، دەستگیران لەناو ئەو نەتەوانەی پەیڕەوی شەریعەتی ئیسلامی دەکەن، بریتییە لە قۆناغێك پێش هاوسەرگیری، ئەو قۆناغە لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە کوڕێك داوای هاوسەرگیری لە کچێك دەکات، واتە خوازبێنی دەکات،" خوازبێنی بریتییە لەداواکردنی پیاوێك بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی دیاریکراو، جا ئەم داوایە ئاراستەی ئەو ئافرەتە بکات یان خێزانی ئافرەتەکە"[٣٩]، تا ئەوکاتەی هەردوو هاوسەر دەچنە پەردەوە. لەم دەقەدا شاعیر باس لە ساتێکی ئەو قۆناغە ناسکە دەکات کە بە دەستگیرانی ناسراوە، لە سەرەتادا وەسفی جلوبەرگ و جەستەی خۆی و حەزو ئارەزووەکانی دەکات، بە دوو وێنەی نوێوە شۆڕ دەبێتەوە نێو جیهانی خەیاڵ، هەڵقەی دەستە ڕاستییان وەك ئەستێرەیەك وەسفدەکات، ئاشکرایە لە ماوەی دەستگیرانیدا هەردوولا هەڵقەکانیان لە پەنجەی دەستی ڕاستییان دەکەن، دوای هاوسەرگیری هەڵقەکان دەگوازرێنەوە بۆ دەستی چەپ، لای شاعیریش ئەو هەڵقە زێڕینە تەزوویەکی خۆش بەو گەنجە دەبەخشێت، دوای ئەو دیمەنە، بەردەوام دەبێت و دەریدەخات کەوا تەنانەت پێکەنینیشیان وەك ئاوێنەیەك مانای ڕوونی و جوانی دەبەخشن و چۆنییەتی پێکەنینەکەیان پیشاندەدات، واتە باسی کوڕێك دەکات

٣٩) الوسيط في شرح قانون الأحوال الشخصية العراقي رقم ١٨٨ لسنة ١٩٥٩ و تعديلاته، (عقد الزواج، و الفرقة و آثارها، و حقوق الأقارب)، تأليف الأستاذ المساعد الدكتور فاروق عبدالله كريم، طبع على نفقة جامعة السليمانية، جامعة السليمانية، ٢٠٠٤، ل. ٢٣.

لە هەڕەتی گەنجی دایە، پازدە ڕۆژە دەستگیرانی هەیە کەچی زۆر شەرمنانە دەچێتە ماڵی دەستگیرانەکەی.

ئەو کەسەی شاکەسی چیرۆکە شیعرییەکە پێکدەهێنێت، ڕێگەی ئەوەی پێنادرێت پیاسەیەك لەگەڵ دەستگیرانەکەی بکات و یەکتر بدوێنن و دەستی یەکتر بگرن، شاعیر باس لە گەنجێکی سەردەمی خۆی دەکات، واتا ساڵانی شەست و هەفتاکانی سەدەی بیستەم، ڕەنگە خۆشی لە هەندێ لە وەسفەکاندا ببێتە شاکەسی بەسەرهاتەکان، بۆنموونە وەك لە گوتەی (لاجانگ درێژ) دا دەردەکەوێت، سەردەمی گەنجی شێرکۆ بێکەس مۆدیلی لاجانگی درێژ بووە، لە وێنە کۆنەکانی شێرکۆ بێکەسدا، ئەوانەی لە ساڵانی شەست و هەفتاکاندا گیراون ئەو مۆدێلە دەبینرێت، بەڵگەیەکی تر بۆ ئەو بۆچوونە دەکرێت بریتی بێت لەو وتەیەی خودی شاعیر کەوا لە دیمانەیەکدا لێی دەپرسن: " یەکەم چرپەی خۆشەویستی لە ژیانی تایبەتی خۆتدا!"(٤٠)، شاعیر لە وەڵامدا دەڵێت:" خۆشترین و زیندووترین ساتە وەختەکانی ژیانی مرۆڤ بە لای منەوە ساتە وەختە ڕۆمانسییەکانن، ئەو کاتانەی کە جۆرێك لە توانەوە لە ئاوێتە بوونی دوو جەستە لە نێوان دوو خۆشەویستدا ڕوو دەدات، بەڵام قەتیش ئەم تینویەتییە ناشکێت و وەك غەریزەیەکی ئەزەلی هەمیشە لە نوێبوونەوەدایە، هەروەکو (بایرۆن) ی شاعیری ئینگلیزی دەڵێت: (خۆزگە هەرچی دەم و لێوی ژنی جوانی ئەم دنیایە دەبوون بەیەك دەم و منیش ماچم بکردایەو تەواو بوایە)، بەڵام هەرگیز تەواو نابێت، یەکەم چرپە، یەکەم ماچ بێ، یەکەم نامە بێ، هەر هەموویان ئەو یادگارانەن کە بیرچوونەوەیان بۆ نییە. ئێمە زۆر ڕووداوی گەورەو

---

٤٠) شێرکۆ بێکەس گفتوگۆ، گۆڤاری رۆمانسی، گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی وەرزییە، ئا: جەبار سابیر، ژمارە ١، بەهاری ٢٠٠٧ی زایینی، ل. ٥.

بەسەرهات و وێنەی ژیانی ڕۆژانەی خۆمان بیر ئەچێتەوە، بەڵام یەکەم ماچمان هەرگیز بیر ناچێتەوە، یەکەم دەستگوشین و یەکەم ساتە وەختەکانی دڵداری خۆمان بیر ناچێتەوە"[٤١]، دوورنییە هەر ئەم هەستە ڕۆمانسییەی شاعیر ئاماژەی پێکردووە، هەوێنی لە دایکبوونی ئەم دەقە شیعرە بووبێت، هەروەکو دواترو لە کۆپلەکانی تردا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە شاعیر لەتەمەنی حەفتا ساڵی واتا لە ساڵی (٢٠١٠) ئەم شیعرەی نووسیوە، دوای چەندین ساڵ بیرو هۆشی بۆ سەردەمی گەنجی دەگێڕێتەوە، بە هونەری فلاش باك گەڕاوەتەوە سەردەمی هەرەتی گەنجی خۆیی و باسی کۆمەڵگای ئەوسا دەکات، فلاش باك لە بنەڕەتدا هونەرێکی تایبەت بە ڕۆمان و چیرۆکە، کەوا بەهۆیەوە نووسەر لە خاڵێکی دەقەکەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ دواوەو دیمەنێکی ڕابردوو دەگێڕێتەوە، شاعیر ئەم هونەرەی هێناوەتە ناو شیعرەوە، بەهۆیەوە دیمەنی گەنجی خۆی دەخاتە ڕوو، هەروەها بەهۆی ئەوەی هەمیشە واقیعی ژیان لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا ڕەنگدەدەنەوە، چونکە" ئەدەب و سەرجەم ژیانی ڕۆشنبیری هەر نەتەوەو میللەتێك ڕەنگدانەوەی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییە"[٤٢]، هەربۆیە دەبینین شاعیر باس لە زەمەنێك دەکات، کە مۆبایل و ئینتەرنێت نەبووە، تاکە هۆکاربۆ ئەوەی کە کوڕ و کچ قسەیەك لەگەڵ یەکتردا بکەن و سۆزو خۆشەویستی بۆ یەکتر دووپات بکەنەوە، ئەوە بووە کە یەکتر ببینن و بەرەو ڕوو لەگەڵ یەکتری بدوێن.

---

٤١) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

٤٢) بزووتنەوەی ڕوانگەو شیعری نوێی کوردی، شادمان قادر حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٥، ل. ٧.

دووەم: خۆخەریککردن بە ڕێکپۆشی:

لە چەند دێری دواتری دەقە شـیعرییەکەدا، شاکەسـی چیرۆکە شـیعرییەکە خەریکی بایەخدانە بە جوانی و ڕێکپۆشی و لەبەرخۆیەوە دەڵێت:

ئەمجارەیان بەتەنها هەر دەم و چاوم

لە ئاوێنەکە زۆر نزیك ئەخەمەوە

لەولای لێومەوە زیپکەیەك بەدی ئەکەم

زۆر بچوکە، بەڵام ئەبێ بەمەراق و

خۆم لە دڵما گەورەی ئەکەم.

لە پڕ بەبیرم دێتەوە: نیو قولانجێ

پاژنەی پێمی بۆ هەڵئەبڕم، لەسەر ڕەفەی

گەچینی ژوور، شووشە بۆنی سەر نەکراوەی

مارکەی" پاریس" دائەگرم و کلاوەکەی با ئەدەم و

ئەکرێتەوە و ئەمسەر ئەوسەر،

دوو کەڕەت ڕای ئەوەشێنم و دەمی ئەکەمە ڕوخسارم و

چوار پێنج جارێ پژ...پژ...پژ

لە ڕوومەت و لە سمێڵ و لە لاجانگ و

لە لامل و ملیوانی کراسەکەی ئەپڕژێنم،

هەندێ شوێنی ڕیشی تاشراو

بۆ ساتێ ئەچوزێنەوەو

چوزانەوەیان زۆر تیژەو

چاوێکم پێ ئەنوقێنن!

ئەوسا ئیتر ئەچمە دواوەو قۆپچەی چاکەت دائەخەم و
ئێجگار دڵم بە خۆم خۆشەو
هەر خۆیشم خۆم هەڵئەکێشم... ل. ٧٧

ئەو گەنجەی لە شیعرەکەدا دەردەکەوێت، لە هەڕەتی گەنجی دایـە، زۆر دڵـی بە ژیان خۆشە، زۆر خەریکی خۆ جوانکردنە، تەنانەت زیپکەیـەکی بچـووك لـە لای لێویەوە دەرچووە، کە شتێکی وانییە کەچـی پێـی سـەغڵەت بـووە، گـەنج هەمیشە بیر لە جـوانی و نایـابی خـۆی دەکاتـەوە، کـاتێ کـە مـرۆڤ تەمـەنی هەڵدەکشێت سەرەتا مووی سەری وردە وردە سپی دەبێ، تەنانەت خەفەت لـەو تاڵە مووەش دەخوات کە سپی دەبێت، مرۆڤ پێی خۆشە هەمیشە گەنج بێـت و هەمیشە جوان بێت، دواتر تاڵەموو لـە دوای تاڵـەموو سـپی دەبـن و ڕوخسـار لۆچی تێدەکەوێت و نیشانەکانی پیری بە دەردەکەون، واتا مرۆڤ پلە بەپلە خـۆی لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و بەرەو پیری چوون ڕادەهێنێت.

شاعیر لە ڕێی ڕۆمانسـییەت و جوانییـەوە دەیـەوێ بخزێتـە نێـو جیهـانی شیعرەکەی، لێرەدا هونەرکارییەکی تر بەدیدەکرێت، کە بریتییە لە ئابووریکردن لە بیرو وشەدا، ئەم حاڵەتەش لەوەدا دەردەکەوێت، کەوا شاعیر لە شـیعرەکەیدا وەسفی ڕیش تاشینی ئەم گەنجە ناکات، بەڵکو ڕیشەکە تاشراوەو بـۆنی لێـداوەو دەبرژێتەوە، واتە وەسفێکی دوورودرێژی بە چەند وشەیەکی کەم دەربڕیووە.

سێیەم: خودشەیدایی (نەرگسییەت):

لە بەشێکی دواتری شیعرەکەدا، گەنجە لەوپەڕی خودشەیدایی و باوەڕ بە خۆبووندا دەبینرێت، هەروەکو دەڵێت:

بە ڕاستی تەواو گۆڕاوم و
بووم بە " ئازاد" ێکی ترو
بەقەد"ڕۆك هدسن" قۆزم و
تۆش"جنیڤەر جۆنز"ی خۆمیت،
ئەوەتا وا
"کافێ"یەکەم حەرفی ناوە جوانەکەشتم
خستۆتە ناو دڵێکەوەو
داومە لە یەخەی چاکەتم!... ل. ٧٧

نەرگسییەت یان خودشەیدایی بوونی کوڕەکە لەوەدایە کە زۆر سەیری ئاوێنە دەکات و زۆر ڕای لە خۆیەتی، narciss ناوی کوڕێکی ئەفسوناوی جوانە لە ناو ئاودا وێنەی دەموچاوی خۆی دەبینێت و شەیدای خۆی دەبێت و خۆی بە ئاوەکەدا دەدات و دەخنکێت[٤٣]، دواتریش وەك زاراوەیەك بە واتای خود شەیدایی جێگیر بووە. لە دەقە شیعرییەکەدا گەنجەکە لە هەرەتی گەنجی دایەو زۆر شەیدای خۆیەتی، هەڵبەتە گەنج جەستەیەکی تۆکمەی هەیەو نەخۆشی کەمتر زەفەری پێدەبا، هەڵچوون و لایەنی سۆزداری هەمیشە لە ناخیدا جۆش دەخوات، هەمیشە گەنج خۆی لە شوێن پاڵەوانی فیلمەکان دادەنێت و خەیاڵ و زیندەخەونی زۆرە، چێژێکی زۆر لەم خەیاڵ و زیندە خەونانە

٤٣) نەخۆشی و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، چ. ٢، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠١٠، ل. ١٨٢.

وەردەگرێت، هەروەك لە بەشەکانی دواتری شیعرەکەدا ئەو زیندەخەوانە دەگۆڕێن بۆ خەوو خەیاڵی سێکسی و زیاتر هەڵوەستەیان لەسەر دەکەین.

چوارەم: ڕاوە وێنەی ڕۆمانسییانە:ـ

دواتـرو لـە بەشـێکی تـری دەقـە شـیعرییەکەدا، جۆرێـك لـە وێنـەکاری بەدیدەکرێت، لە هۆڵێکدا چەند وەسفێکی یەکبەدوایەکی گەنجەکە بەدیدەکرێت:

وا ئەمجارەش قاچ لەسەر قاچ
لە هۆڵەکەدا دانیشتووم
قۆندرەی باتەی قاوەیی
پێش هاتنم بۆیاخکراو
گەردێ چییە پێوەی نییەو
لەسەر تاکی هەڵبڕاویان
کە لە چەرمی بە بریسکەی ورد ئەمەوە،
نیوەی دەم و چاوم دیارەو
ئاوێنەیە!
قژی ڕەش و پڕی چەند جار شانە شکێن،
هێشتا کزرەو بۆ پشتەوە داهاتووە،
" لەم ساتەدا تەپڵی سەرم
خوروویەکی زۆر نەگریسی تێئەکەوێ،
هەرچۆنێك بێ، خۆم ڕائەگرم، نایخورێنم
بۆ ئەوەی قژم تێکنەچێ "!... ل. ٧٩

هەروەك لەمەوپێش سەرەتایەکمان لە بارەی ڕۆمانتیکەوە خستەبەرچاو، " وشەی ڕۆمانتیك کە لە سەدەی هەڤدەدا، لە ئینگلستان دەربارەی دەربڕینی شاعیرانە بەکاردەهات، لە ساڵی ١٦٧٦دا هاتە فەرەنساوە. تا ماوەیەکی زۆر بەرانبەر بە خەیاڵئەنگێزو ئەفسانەیی بەکاردەبراو تا ساڵی ١٧٧٥ بە واتاکەی ئەمڕۆی بەکارنەهاتووە. لەو کاتانەدا کلاسیکە شکست خواردووەکان بۆ گاڵتەکردن بەلایەنگرانی ڕۆمانتیزم ئەو زاراوەیان بەکاردێنا. لێ نووسەرانی تازەش ئەو زاراوەیان پەسەند کردو بەوپەڕی شانازییەوە بەکاریان دەهێنا"[(٤٤)]، ئەوەی لەم کۆپلەیەی دەقەکەدا دەبینرێت، جۆرێك لە ڕۆمانسییەت پێکدەهێنێت، چونکە" ئەوەی ڕۆمانسییەکان وەك ڕێباز هێنایانە ئارا ئەوە بوو کە ڕاستییە بیرییەکانییان نەدەکردە سەرچاوەی دەربڕینەکانیان، ئەوان وایان دەردەبڕی کە جوانی ئاوێنەی دەربڕینی ئەو ڕاستییەیە. ئەم جوانییەشیان لە هەموو توێژو بەشێکی کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا دەبینی. شیعر، لای ئەوان چەند ناسکترو سادەترو ئازادترو دڵبەندتر بووایە هێندە زیاتر دەچووە دڵەوە. شیعری ڕۆمانسی واتاو مەبەستەکانی لە سنووورە دیاریکراوەکانی ئەو سەردەمە دەربازکرد. بڵاوترین بوار لە هەڵبەستی ڕۆمانسیدا خۆشەویستی بوو"[(٤٥)]. ڕازی بوونی ئەم گەنجە بە جوانی خۆی و خۆڕێکخستن و بایەخ بە خۆدانی بە نیازی بینینی دەستگیران، پڕپڕە لە حەزی جوانی و شەیدابوون، وێنە وەسفکراوەکان مانایان ڕوون و ئاشکراو جوانە، کە وەسفێکی زۆر وردو سەرنجڕاکێشی پێشکەشکردووە، گەنجێك لە هەموو ڕوویەکەوە لە جەستەی خۆی ڕازییە.

---

٤٤) قوتابخانه ئەدەبییەکان، ل. ٥٦.

٤٥) ڕێبازە ئەدەبییەکان، وەرگێڕان و توێژینەوەی فەرهاد پیربال، ل. ٦٢.

پێنجەم: گەڕانەوە بۆ زەمەنی گەنجی شاعیر(فلاش باك):

فلاش باك وەك لەمەوپێش ئاماژەی پێکرا، بە واتای گەڕانەوە بۆ زەمەنێکی ڕابردوو لە نێو دەقی ئەدەبیدا، شاعیر وەك هونەرێك لەم دەقە شیعرەدا بەرجەستەی کردووە، بە هۆی ئەم هونەرەوە لە کاتی ئێستای ڕووداوەکانەوە بەرەو کات و زەمەنێکی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، هەروەکو دەڵێت:

کراس تازە ئوتووکراو
بەحاڵ بۆنی دوای ئوتووەکەی هێشتا لێدێ
خەتی پانتۆڵ دەمی تیژەو بە شاقوڵی،
تا پشتی پێ، ڕێك ڕاوەستاو
دەلنگی لە خوارەوە پان و پۆڕەو
دوو ئەوەندەی سەرو پوز و لای ڕان ئەبێ،
چاکەتی قات، دوو قلێشەو... ل. ٧٩

لەم چەند دێڕەدا شاعیر لە ڕێگەی فلاش باکەوە لە زەمەنی ئەمڕۆی دەقەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنێکی ڕابردوو، کە بریتییە لە سەردەمی گەنجی خۆی، وێنەی ئەو گەنجە دەکێشێت کەوا زۆر جوان و بە شەوق و ڕەونەقەوە خۆی ڕێکخستووە، وەسفی جلوبەرگی دەکات، بەڵام لە جۆری ڕەنگدا تەنها باسی ڕەنگی پێڵاو و پانتۆڵەکەی دەکات، نازانین چاکەتەکەی چ ڕەنگێکە بۆینباغی بەستووە یانا؟ قایشەکەی چ ڕەنگێکە؟ شێرکۆ بێکەس لە گونجاندنی ڕەنگەکاندا زۆر گرنگی بە هەماهەنگی جلوبەرگەکانی خۆی نەدەدا، تەنها لە لەبەرکردنی کراسی سپی و هێلەگ و پانتۆڵی ڕەشدا جۆرە ڕێکخستنێکی جوانی هەبوو،

هەرچەندە لە تەمەنی گەنجیدا بۆینباغی بەستووەو ڕێکپۆش بووە، بەڵام لەم دواییانەدا ئەوەندە گرنگی بە جلوبەرگ نەدەدا، کەواتە ئەوەی لەو دەقەدا دەبینرێت ڕوانینی شاعیرە لە گونجاندنی ڕەنگەکان لەگەڵ یەکتریدا، لە جۆری پانتۆڵەکەشدا وەسفی ئەو مۆدیلە دەکات کە لە سەردەمی خۆیدا باو بووە، پانتۆڵی شاڵستۆن، کەوا شێوازێکی تایبەت بووە لە پانتۆڵی پیاوان و دەلنگی ئەو جۆرە پانتۆڵە زۆر پان بووە، ئێستا ئەم شێوازە لە ناو گەنجانی کۆمەڵگای ئێمەدا نابینرێت، شاعیر بە فلاش باك گەڕاوەتەوە سەردەمی گەنجی خۆی و باسی جۆری ستایل و جلوبەرگی ئەوکات دەکات لە وەسفی ماڵ و کۆڵان و... کار لەسەر فلاشباك دەکات.

شەشەم: دڵەڕاوکێ:

خاسیەتێکی گرنگ لە خاسیەتەکانی مرۆڤی کامڵ بریتییە لە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی، کەوا زۆرجار هەریەکەمان لە بڕیاردان لە ژیانی ڕۆژانەماندا هەستی پێدەکەین، بەهۆی ئەم هەستەوە زۆرجار ناتوانین بە جارێك بڕیارێکی دیاریکراو بدەین،" نیگەرانی بابەتێکی ترە لەو بابەتانەی کە بەڵگەن بۆ سەلماندنی بوونی مرۆڤ لەناو جیهاندا، نیگەرانی هۆکارێکی ئاشکرای نییە، لەوەدا لە ترس جیادەبێتەوە، بۆ نموونە تاکێك لە گورگێك دەترسێت، بەڵام نیگەرانی و دوودڵی

بابەتێکی دیاریکراوییان نییە، بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەمان پێکـدەهێنێت"[٤٦]، ئەم هەستەش لە دێڕەکانی دواتری دەقەکەدا بەرچاو دەکەوێت:

هەندێ جاریش لەسەر کورسی چایخانەکان
چمکیان لە درزێ گیرئەبێ،
لە خۆمەوە
زوو زوو دەست ئەبەم بۆ ملم،
بێ ئەوەی شل بووبێتەوە،
بۆینباخ توند ئەکەمەوە!
هیچ نەبووەو لە خۆمەوە شڵەژاوم
پاکەتی درێژی"سۆمەر" لە گیرفانم دەرئەهێنم
"قیسارە" کەی لە ناو خەیاڵدا ئەژەنم،
لەو ساتەدا
- دەمم لەلای دەمی ئەوەو -
پێی نازانم جگەرەیەك
سەرەو قنگ دائەگیرسێنم،
تووتن ئەچێتە دەممەوەو
بە زمانمەوە ئەنووسێ و

---

٤٦) جیهانبینی شیعری هاوچەرخی کوردی (کرمانجی ناوەڕاست) لەباشووری کوردستاندا، د. دەریا جەمال حەویز حەوێزی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ژمارە (٢٦٨)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤، ل. ١٩٦.

ئەوسا سەرێك بائەدەم و

خۆشم بەخۆم پێئەکەنم!

لەسەر تەپڵەکی تەنیشتم

دەست ئەدەمە گۆڤارێك و ئەیکەمەوە،

"مارلین مۆرۆ"دەرئەکەوێ

"با"یەك کراسە سپییەکەی،

بەرەو ژوور هەڵداوەتەوەو

ئەویش ئەیەوێ بە دوو دەست

کراسی هەڵفڕیو بگرێ،

گۆڤار لە چاوم نزیکتر ئەخەمەوە

بەشکو سەرو تر ببینم!

ئەوسا تفێك قوت ئەدەم و

لە جێی خۆی دایئەنێمەوە!... ل. ٨٢

نیگەرانی و دڵەڕاوکێ لەوکاتەدا ڕوودەدات، کە ترسێك یەخەی مرۆڤ بگرێت، یان خەیاڵ و لێکدانەوەی زۆر بە زەیندا بێت، هەڵبەتە نیگەرانی و شڵەژانی کەسی سەرەکی دەقە شیعرەکە لەوەدایە کە دەیەوێت زوو بگاتە لای دەستگیرانەکەی، شڵەژاوەو دەیەوێ کات تێپەڕبێت تا بگاتە ساتی گەیشتن بە دەستگیرانەکەی، نیگەرانی و شڵەژانەکەی تێکەڵ بە دونیای سۆزو خەیاڵات بووە، فەزای هەموو شیعرەکە لە فلاش باکی شاعیرەوە هەڵقوڵاوە، هەروەکو باس لە جۆرە پاکەتە جگەرەیەك دەکات کە هی زەمەنی گەنجی خۆیەتی، ئەوەتا

هەر بە خەیاڵ و بیرکردنەوە لە دەستگیرانەکەی، وێنەی ئامێری قیسارەکەی نێو پاکەتی جگەرەی سۆمەر پیشاندەدات و ئەو پاکەتە جگەرەیە وا دەبینێت کـەوا مۆسیقا دەژەنێ، جگەرەکە بەسەراوبن لەسەر لێوەکانی دادەنێت، ئنجـا دەسـت دەداتە ڕۆژنامەیەك کە وێنەی (مارلین مۆرۆ) ی تێدا دەبینێ و شەیدای دەبـێ، هەڵبەتە ناوبراو هونەرمەندێکی بەناوبانگی سینەمای ئەمریکییە، خانمێکی زۆر جوان بووە، لەساڵانی ٥٠ پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو ناوبـانگی دەرکـردووە، لـە ساڵی (١٩٥٤) مارلین مۆرۆ سەردانی کۆریای کرد لەبەر جوانی شوهرەتی کاری سینەمایی بە هەزارەها گەنج پێشوازییان لێکـرد، هـەر بەمهۆیـەوە تـا چـەند ســاڵێکی دواتــریش نــاو و وێنــەی ئــەم شــۆخە لــە ڕیکــلام بازرگانییــەکان بەکاردەهات، هەروەکو لەم ڕۆژنامەیەی دەست ئەم گەنجەشدا دەردەکەوێت.

حەوتەم: دوور لە تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو:

ئاشکرایە ئەمڕۆ تەکنەلۆژیا سەراپای ژیانی مرۆڤی داگیرکـردووە، زۆربــەی کارەکانی ڕۆژانەمان بە ئامێرو داهێنانەکانی تەکنەلۆژیا دەورە دراوە، بەڵام لەم دەقە شیعرەدا ژینگەیەك پیشاندەدرێت، کەوا لەگشت هۆکارەکـانی تەکنــەلۆژیا بێبەشە، لەو دیمەنانەی دەرکەوتووە، جگە لەوەی ڕادیۆییــەك وەك بەرهــەمێکی ســادەی تەکنــەلۆژیا دەردەکــەوێت، هــیچ ئــامێرێکی تەکنــەلۆژی و هۆکــارو دەرئەنجامەکانی تەکنەلۆژیا بەدیناکرێت، بەڵکو ژینگەیــەکی ســادەی دوور لــە تەکنەلۆژیا دەبینرێت، هەروەکو دەڵێت:

لە ڕادیۆی ماڵێکی دووری گەڕەکەوە

لەسەر باسکەکانی هەوا

وەك هەورازو نشێو بکا،

جارێ بەرزو جارێ نزم
دەنگی سۆزی شەماڵ سائیب
" ئەرێ لەیلێ "
سەربانەو سەربان ڕێ ئەکاو
لەگەڵ حەزێکی فێنکدا
ئەگاتە گوێ،
لەملاشەوە
بۆنی ئاوڕشێنی نزیك
لەسەر گڵە سووری حەوشە،
تێکەڵ بە گۆرانی ئەبێ و
کونە لووتم
مشەمشی بۆنی خۆشی تێ ئەکەوێ
لەم ساتەدا من دەنگ و بۆنی دڵداری
بەیەکەوە هەڵئەمژم!... ل. ٨٣

لەم چەند دێڕەی دواییدا، شاعیر شۆڕبۆتەوە بۆ زەمەنی ساڵانی شەست و حەفتاکان، ڕۆچۆتە نێو خەیاڵێکی ڕۆمانسییانە، لە وەسفی دەنگی ڕادیۆکەدا کە گوێی لەگۆرانی شەماڵ سائیب دەبێت و گۆرانییەکەش گۆرانییەکی عاشقانەیە، (ئەرێ لەیلێ)، ئەوکات ژیان وەك ئێستا ئاڵۆز نەبووە، لە شەقامەکاندا دەنگی ئۆتۆمبیل و هاتوباتی خەڵك ئەوەندە زۆر نەبوو، ماڵەکانیش زۆری یەك نهۆم بوون، بۆیە دەنگەکە سەربانەو سەربان هاتووە، پەندی کوردەواریش دەڵێت:

(دەنگـی دەهـۆڵ لـە دوور خۆشـە)، ئـەم مۆسـیقاو ئـاوازە خۆشـە چـێژێکی ڕۆمانسییانەی ئارامیی پێبەخشیووە، ئەوەندەی تر دەیخاتـە بـارێکی سـۆزداری خۆش و بە جۆش، هەروەکو دواتر لە وەسفی ئاوڕشـێنی گڵەسـووری حەوشـەش دیسانەوە دێتەوە ناو بۆنێکی سروشتی وەك بۆنی یەکەم بارانی پاییز دڵڕفێن، لە ڕێی هەستی بۆنکردن و بیستن و بەرکەوتن ئارەزووی سۆزداری و حـەزی جـوانی زیاتر دەبزوێت و زیاترو زیاتر بیروهۆشی بۆ لای دەستگیرانەکەی دەچێت.

هەشتەم: سۆزی عیشق:

عیشق وەك دوا پلەی سۆزو خۆشەویستی بەشێکی گرنگ لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ پێکدەهێنێت، ئەم بابەتەش لە کۆنەوە خاڵی سـەرەکی بنیـاتی داسـتان و ئەفسانەو چیرۆکەکان بووە، ئەگـەر گوزەرێـك بـە مێـژووی ئـەدەبی کوردیشـدا بکەین، چەندین نموونەی باڵا دەدۆزینەوە کەوا بە دەوری عیشقدا دەسـووڕێنەوە، تا ئەمڕۆش گشت ژانرەکانی ئەدەب لە عیشق بێبەش نین، بە هەمان شـێوەش عیشق خاڵێکی سەرەکییە کەوا لەم دەقە شیعرەدا بەرجەستەکراوە:

لە پەنجەرەوە تیلماسکیَ
لە هەتاوی گەنج هاتۆتە
باوەشمەوەو
لەبەر ئەودا، ڕەنگی شینی پانتۆڵەکەم
گەلیَ جوانتر دەر ئەکەویَ!
کە دەست ئەدەم لەناوچەوان و ڕوومەتم
گەرم گەرم
وا هەست ئەکەم

گڕی مۆمیٚ لەناو خوێنما بەهێواشی
دەسووتێت و
بەرە بەرە پلەی گەرمام سەرئەکەویٚ!،
من ئێستاکە دڵم بەقەد دڵی سێوی
سەر لقی باخەکە خۆشە
ئەڵێی شەربەیەکی تازەم،
قاقام پڕەو پێکەنینم لیٚ ئەڕژیٚ!
حەزو ئارەزووم غوبابەو
کەڵە شێری ئەم تەمەنەم
وەخت و ناوەختی بۆنییەو
هەر ئەخوێنیٚ... ل. ٨٥

یەکێك لەو خاڵانەی کەوا ڕۆمانتیکی پێی دەناسرێتەوە، ئەوەیە" ڕۆمانتیکەکان هەست و سۆزیان لە سەرووی عەقڵەوە دەبینی و بە باشترو جوانترینیان دەزانی، هەروەها مەیلێکی زۆریان هەبوو بۆ دەربڕینی خەم و پەژارەو ماتەمین، کە دواتر ئەم خەم و پەژارە ماتەمینییە باڵیان کێشا بەسەر هەموو ئەدەبیاتی ڕۆمانسیدا و بووە یەکێك لە نیشانەکانی، و تەنیایی و گۆشەگیری و ڕەشبینی خاسیەتی دیاری ڕۆمانتیکەکانن"[٤٧]، ئەو خاسیەتەی ڕۆمانتیك لەم وێنە خەیاڵییەدا بەرجەستە بووە، کەوا لەم بەشەی شیعرەکەدا

٤٧) ڕێبازە ئەدەبییەکان، وەرگێڕان و توێژینەوەی فەرهاد پیرباڵ، ل. ٦٢.

دەردەکەوێت، کەوا تێیدا هەتاو بە (هەتاوی گـەنج) ناودەبرێـت، لەگـەڵ ئـەو تیشکە پانتۆڵـە شـینەکانی دەبریسـکێنتەوە، بەهۆیـەوە هەسـت بـە جـۆش و خرۆشێکی زیاتر دەکات، کەوا لە دەربڕینی جوانی وەك کەڵەشێری تازەی تەمەن دەردەکەوێت، لەو کاتەدا ڕوانینی ئەم گەنجە بۆ سروشت و دەوروبەری هەمیشـە جوانی و خۆشی تێدا دەبینرێت، ئەوەتا تاڵە تیشکێك ڕۆشـنایی پێدەبەخشـێت، گڕی مۆمیٚ لە نێو خوێنیدا دەسووتێنێت، خەیاڵفراوانی شاعیر لـە ڕاوە وێنـەی نوێدا دەردەکەوێت، کە دڵی گەنجەکە بەقەد سێوی سەرلق خۆشە، دیـارە سـێوی سـەر لـق بـە شـنەبا دەجولێتـەوە جوانییـەکی بێوێنـە پیشـاندەدات، وەهـا هەستدەکرێت سێوەکە بەکەیفەو سەما دەکات، کاتیٚ ئـاو لـە شـەربەیەکی ئـاو بەتاڵ دەکرێت جۆرە دەنگێکی هەیە کە بە قاقای پێکەنینی چواندووە، هـەموو ئەم جوانییانەش خوێنی دڵی گەرمتر دادەهێنن و پڕپڕی دەکەن لە سۆزی عیشق و زیاتر بیروهۆشی بۆ لای دەستگیرانەکەی پەلکێشی دەکەن.

نۆیەم: دیمەنی ماڵی دەستگیران:

گەنجە دەستگیراندارەکە هەر لە هزرو خەیاڵەکانیـدا بـەردەوام دەبێـت، بـە خەیاڵ بەرەو ماڵی دەستگیرانەکەی دەڕوات:

خێرا خێراش

ئەڵقەی پەنجە با ئەدەم و

قاچی سەر قاچ، ئەلەرزێنم

دایکیشت وا بەرامبەرمەو

لەسەر بەڕەی نەخش و نیگار

درشت و زەق،
بەڕەیەکی زیاد له پێویست درێژکۆڵە،
بە چوار مەشقی دانیشتووەو
کراسێکی گوڵ باتمانی لەبەردایەو
قۆڵەکانی هەڵکردووەو
جلی شۆراو قەد ئەکات و
بە دەنگێکی تۆزێ بەرزیش
- وەك بۆ یەکێکی گوێگران قسە بکا -
باسی گولزاری کچێنی
خۆیم بۆ ئەگێڕێتەوەو
چاویشی هەر لەسەر جلە
" بەسەزمانە وائەزانێ گوێم لێگرتووە،
بەڵام نە سەرو نە دڵ و نە گوێچکەشم،
لای ئەو نییەو
خەیاڵم هەر لەلای تۆیە" ... ل. ٨٦

خەیاڵێکی گەنجانە بەرەو ماڵی دەستگیرانی دەبات، بەڵام لە ماڵی دەستگیراندا ئەوەندەی تر شلەژاوە خەیاڵی هەر لای دەستگیرانەکەیەتی، خودی خۆی دەدوێنێت، شاعیر لە وەسفی ماڵی دەستگیراندا دیسان بۆ ئەو زەمەنە بەسەرچووەی گەنجی خۆی دەگەڕێتەوە، کە هێشتا دانیشتن لەسەر بەڕەو ڕایەخ باو بووە، هەرچەندە دایکی کچە قسەی بۆ دەکات و قسەکانیشی بە تۆنێکی

بەرز گۆ دەکات، کەچی ئەو دەیەوێ لەو جیهانە پڕ ڕۆمانسییەت و خەیاڵە خۆشەی خۆی دانەبڕێت، چونکە تاکە هۆکاری هاتنی ئەم بۆ ئەو ماڵە بینینی دەستگیرانەکەیەتی، کە تەواو شەیدای بووەو تێکەڵ بە خوێن و ژیانی بووە. ئیتر دەڕوانێتە هەر شوێنێك لە گڕی عیشقی خۆی چێژ لە جوانییەکان وەردەگرێت، ئەمە سەرەتای چوونە نێو خەیاڵ و نزیکبوونەوەیە لە زیندەخەون، بۆیە بەلایەوە گرنگ نییە دایکی کچکە چ دەڵێت، چونکە نایەوێت لە خەیاڵە خۆشەکانی خۆی دابڕێت، ئەو هەر بیری لای ئەوەیە ئێستا لە ماڵی دەستگیرانەکەیەتی، هەست بە ترپەی لێدانی دڵی دەستگیرانەکەی دەکات، دەیەوێت بە چاوەکانی خۆی لە نزیکەوە بیبینێت، بەڵام جارێ بەر لەو بینینە هەر بیری لێدەکاتەوەو ناخی خۆی دەدوێنێت و دەیەوێت لە دەوروبەر دوور بکەوێتەوەو بچێتە نێو جیهانی تایبەتی خۆی.

هەر لەم چەند دێڕەدا ئەوە بەدیدەکەین، کەوا لە وەسفی قسەکردنی دایکی کچەکەو گوێ لێنەگرتنی گەنجەکەدا جۆرێك لە تەنزو بزەبەخشین هەیە، شاعیر وەسفێکی وردی هەیە لە وەسفکردنی شوێندا، هەروەکو لە پاڵ وەسفی ئەو شوێنەی کە ماڵی دەستگیرانەکەیەتی ئەو وەسفە تەنزئامێزە تێکەڵ دەکات، وەك لە پێناسەکردنی شوێن لە ئەدەبدا دەگوترێت:" شوێن تەنها نەخشاندن و ڕازاندنەوەو چوارچێوەیەکی دەرەکی نابێت، بەڵکو دەبێتە توخمێکی کاریگەرو ڕەهەندو دەلالەتی زۆرتر"[٤٨]، لێرەشدا وەسفی شوێن ئەم ڕۆڵە گرنگە دەبینێت.

---

٤٨) گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا، د. پەری ساڵح موفتی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ل. ١٧٥.

دەیەم: وێنەی ڕۆمانسی:

لەمەوپێش پێناسەو لێکدانەوەی پێویست بۆ ئەو ڕێبازە ئەدەبییە خرایەڕوو، کەوا بە ڕۆمانسییەت ناسراوە، ئەو بابەتە دیسانەوە لە بەشێکی تری دەقە شیعرەکەدا دەردەکەوێتەوە، هەروەکو دەڵێت:

تۆش لەو سەری ڕاڕەوێکی
نیوە ڕووناکی تەنکەوە،
پشت لە منی و چاوم لێیە
بە ڕۆبێکی پشتێن بەربووی سپییەوە
- ڕۆبەکە کەمێ سپی تر لەپاو پووز-
وا خەریکە دەسکی دەرگاکە بگریت و
بچیتە ناو حەمامەوە.
ئیتر ئەبێ وەکو کراسی داکەنراو
تا ئەو وەختەی تەواو ئەبێ، چاوەڕوان بم!
لەم ساتەدا
ئەبم بەگلۆپی سفرو
کزۆڵەم و ئەڵێی خاولی بەجێماوم... ل. ٨٧

لەم چەند دێڕەی سەرەوەدا دیمەنێکی ڕۆمانسییانەی ورد بەدیدەکرێت، وەك ئاشکرایە" ڕۆمانسیزم وەکو بزووتنەوەیەکی یاخی لە دژی دەسەڵات و یاسا تیۆرییە ڕووتەکانی سەدەی هەژدەم دەستی پێکرد، ئەم یاخیبوونە بە ناوی ئازادی تاکەوە کرا، بۆیە کۆت و یاساکانی کلاسیزم چەند توند بوو، چەند

نووسەری پابەند دەکردو ئازادی بۆ تەسك دەکردنەوە، نووسەرانی ڕۆمانسیزم لێی ڕاپەڕین، هاتن خۆیان ئەوەندە ئازاد کرد، کە بە ئارەزووی خۆیان، چۆن دەتوانن داهێنان بکەن، لە هیچ نەسڵمینەوەو لەمەوە بوو نووسەران بە ئازادی دەیاننووسی..."[٤٩]، لەم دەقەشدا ئەو ئازادییە دەردەکەوێت، بینینی پاوپوزی یارەکەی کە هێندە سپی و جوانن، یەکەم سەرنج و خاڵی ورووژاندنێکی سەرەتاییە، کە کسپەیەکی گەرم بە دڵی دادەهێنێت، لە شوێن خۆی کزۆڵە دەبێت و خۆی دەخواتەوە، چواندنی خۆی بە گڵۆپی سفر مانای کزۆڵەیی خۆی نیشاندەدات، مانای وایە لە فەزایەکی ڕۆمانسیەتی شێوە نیوە تاریك، کە تەنها هەست بە گەرمایی گڵۆپەکە دەکات، کە لە ڕاستیدا گەرمای ناخی خۆیەتی، دەیەوێت شۆڕبێتەوە ناو فەزایەکی خەیاڵاوی و چێژبەخش، لە دایکی کچەو دەوروبەر دابڕێت و چێژ لە خەیاڵە جوانەکانی خۆی ببینێت و بیر لەو پاوپووزە جوانەی کچەکە بکاتەوە.

---

٤٩) قۆناغی پێش ڕۆمانسیزمی شیعری کوردی ١٨٥١-١٩٢١، ل. ٦٩.

تەوەرەی دووەم
بەرەو ئیرۆتیك و گەیشتن بە ئۆرگازم

لـەم تـەوەرەی لێكۆڵینەوەكەمانـدا چـەند دێڕێكـی تـری دەقـە شـیعرەكە شیدەكەینەوە، كەوا خەیاڵێكی ئیرۆتیكییانەی ڕوونی تێـدا بەدیـدەدەكرێت، لـە ڕێگەیەوە شاعیر بەرەو چەقی ئیرۆتیك هـەنگاو دەنێـت،" هەنـدێ جـار حـەزو ئارەزووە كپكراوەكانی نەست لەمیانەی خەوبینینەوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هێماوە تێردەكرێن و دێنە بواری هەستی مرۆڤەوە. بە بڕوای فرۆیـدو هاوبیرانی ئەمانەی سەرەوە بەڵگەی بوونی نەستی مـرۆڤن"[(٥٠)]، نەسـتیش لـە جیهانی خەون و زیندەخەونەوە بنەوان هەڵدەبەستێت بۆ تێركردن و خستنە ڕووی حەزە چەپێندراوەكان، ڕوون و ئاشكراشە مەسەلەی جینس لە وڵاتی ئێمەدا و لە زۆری وڵاتانی دیكە دوو لایەنی هەیە، لایـەنێكی شـەرعی كـە نـەریت و دابـی ئایینی یا كۆمەڵایـەتی ڕێگـای داوەو ژن و پیـاو پێكدەگـەن و دەبێتـە بـەردی بناغەی دروستكردنی خێـزان، سـێكس لـەو كاتـەدا دەبێتـە جـووت بـوونێكی سەربەست لە نێوان دوو كەسی كامڵدا، لایەنەكەی دیكەیان بـۆ ئـەوەی جیـنس بكرێت، ئەوەیە كە پیاوێك خۆی بگەیەنێتە ئافرەتێك، بێگومـان ئەمـەش وەك گشت دیاردەكانی دیكەی ژیان هۆی تایبەتی خۆی هەیە...[(٥١)]، كەواتـە لـەناو زۆر لـە نەتەوەكانـدا، بـە تایبـەتی لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا، تـەنها لـە

---

٥٠) سایكۆلۆژیای گشتی، د. كەریم شەریف قەرەچەتانی، چ. ٢، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل. ٣١٣.

٥١) ئافرەت لەچیرۆكی كوردی دا، ل. ٢٧٦.

هاوسەرگیریدا پڕکردنەوەی غەریزەی سێکسی ڕێپێدراوە، ئەمەش بە هۆکارێك دادەنرێت بۆ نەوە خستنەوەو بەردەوامبوونی ژیان و بەدیهێنانی ئاسوودەیی و ئارامی بۆ هەردوو هاوسەرەکە، سێکس لە ژیاندا چ وەك کارەکەو چ وەك ئامانج شتێکی پیرۆزو پاکە، نکوڵی لەوە ناکرێ بەهۆی ئەوەوەیە وەچەو میراتی جۆری ئادەمی دەپارێزرێ و هۆیەکی هەرە گرنگ و پێویستە بۆ دڵنیایی دەروون و هێمنی دڵ و ئارامگرتنی ویژدان [٥٢]، هەروەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لەمبارەیەوە دەفەرموێت" وَمِنْ آَيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآَيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ"[٥٣]، لە تەفسیری ئەم ئایەتە دا دەگوترێت:" یەکێك لە نیشانەو بەڵگەکانی تری ئەوەیە کە هەر لە خۆتان هاوسەری بۆ دروستکردوون بۆ ئەوەی ئارام بگرن لە لایداو لە نێوانتاندا خۆشەویستی و سۆزو میهرەبانی فەراهەم هێناوە، بە ڕاستی ئا لەو دیاردانەدا نیشانەو بەڵگە هەیە بۆ کەسانێك بیردەکەنەوەو تێدەفکرن"[٥٤]، هەروەها لە ئایەتێکی تردا هەر لەمبارەیەوە خوای گەورە دەفەرموێت: " وَ اللَّهُ جَعَلَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَجَعَلَ لَكُمْ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ بَنِينَ وَحَفَدَةً وَرَزَقَكُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ أَفَبِالْبَاطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَةِ اللَّهِ هُمْ يَكْفُرُونَ"[٥٥]، لە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەشدا هاتووە:" خوا هەر لە خۆتان هاوسەری بۆ فەراهەم هێناون،

---

٥٢) هەمان سەرچاوە، ل. ٢٧٦.

٥٣) قورئانی پیرۆز، سورەتی الروم، ئایەتی ٢١.

٥٤) تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، نووسینی بورهان محمد أمین، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل. ٣١٣.

٥٥) قورئانی پیرۆز، سورەتی النحل، ئایەتی ٧٢.

هەر لە ڕێگەی هاوسەرانتانەوە کوڕو کوڕەزای پێبەخشیوون و لە هەموو رزق و ڕۆزیەکی چاك و پاك و بە سوود بەهرەوەری کردوون، لەگەڵ ئەو ڕاستیانەدا ئایا ئەوانە هەر بڕوا بە شتی پووچ و ناحەقی دەکەن و لە بەرامبەر نازو نیعمەتەکانی خواوە، ئەوانە هەر ناشکورو سوپاس نەپەزێری و بێ باوەڕ دەبن؟"[٥٦]، کەواتە هۆکاری بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیری بۆ ئاسوودەیی و نەوە خستنەوەو ئارامی بەخشینە بە مرۆڤ [٥٧]، و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش تەنها لە نێوان هەردوو هاوسەردا ڕێگە بەکرداری سێکس دراوە، بەڵام ئەگەر قسە لەسەر ئارەزووبزواندن بکرێت، ئەوا دەبینرێت کەوا بە شێوەیەکی گشتی" هێنانە خەیاڵی هروژێنەر کە پەیوەندی بە کەسێکی دی لە توخمەکەی دیکەوە هەبێت، یان پەیوەندی بە یەکتری بینین و هەستە نوێیەکانەوە هەبێت، لای زۆربەی پیاوان وروژاندن دروستدەکەن، بەڵام لە کەمێك لە ژناندا ئەم کارە دەکەن"[٥٨]، بەلای زۆربەی پیاوانەوە" ئەندامەکانی جەستەی ژن، هەموویان شایانی ئەوەن، پیاو سەرنجیان لێبداو پێیانەوە سەرسام بێ، بەڵام هەموو ئەندامەکان دیمەنێکی سێکسی وەك یەکییان نییە، بەڵکو هەندێکیان هەن ئەو دیمەنەیان زۆر بە زەقی و ڕوونی پێوە دیارە، بۆ نموونە: سمت و کەفەڵ، سینەو مەمك، پاوپوز.. پتر لە

---

٥٦) تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، ل. ٢٧٤.

٥٧) بڕوانە: الوسيط في شرح قانون الأحوال الشخصية العراقي رقم ١٨٨ لسنة ١٩٥٩ و تعديلاته، ل. ٣٨.

٥٨) سێکس لە مرۆڤدا (٢-٢)، پەرچڤەی دانا ئەحمەد، گۆڤاری زانستی سەردەم، ژمارە ٣٤، ساڵی ٩، مایسی ٢٠٠٨، گوڵانی ٢٧٠٨ی کوردی، ل. ١٢٤.

ئه‌ندامه‌کانی دیکه‌ی جه‌سته‌ی ژن، ئه‌و خه‌سڵه‌ته‌یان پێوه دیاره"[59]، ئه‌م سه‌رنج و بایه‌خدانه بۆ له‌ش و لاری ئافره‌ت له به‌رهه‌مه ئه‌ده‌بییه‌کانی زۆر له نووسه‌رو شاعیرانی پیاو ده‌بینرێت، هه‌ر به‌مشێوه‌یه‌ش ئیرۆتیك له ئه‌ده‌بدا شوێنی خۆی ده‌کاته‌وه، چونکه" شتێکی زۆر سه‌یر نییه، گه‌ر هه‌موو مرۆڤێ، بۆ ئه‌ندامێکی دیاریکراوی جه‌سته‌ی ژن، به‌شێوه‌یه له شێوه‌کان، ئاره‌زووی سێکسی بجووڵێ، دیاره هۆنه‌ریش، هه‌رگیز له‌م یاسایه به‌ده‌رنه‌بووه‌و به‌ده‌ریش نییه"[60]، هه‌رچه‌نده ده‌رکه‌وتنی ئه‌و بابه‌ته‌ش له هه‌موو ده‌قێکی ئه‌ده‌بیدا هاوشێوه نییه‌و جیاوازه، هه‌روه‌کو له‌م به‌شه‌داو له شیکردنه‌وه‌ی دێڕبه‌دێڕی ده‌قه شیعره‌که‌دا ڕوونیده‌که‌ینه‌وه، له‌م ته‌وه‌ره‌شدا هاوشێوه‌ی ته‌وه‌ره‌ی پێشوو، ده‌قه شیعره‌که ده‌که‌ین به چه‌ند پارچه‌یه‌که‌وه، که‌وا پارچه‌کان هه‌موویان یه‌کبه‌دوای یه‌ك ته‌واوکه‌ری پارچه‌کانی پێشوون، به هه‌موویان مه‌به‌ستی لێکۆڵینه‌وه‌که‌مان ته‌واو ده‌که‌ن.

٥٩) یاقووت و زمرووتی کوردیی، ل. ١٣٥.

٦٠) هه‌مان سه‌رچاوه‌و هه‌مان لاپه‌ڕه.

یازدەهەم: بەرەو ئیرۆتیك:

لەم چەند دێرە شیعرەی داهاتووشدا، دەبینین کەوا گەنجەکە بە هەموو بیرو هۆشییەوە بیر لە گەیشتن بە لەشولاری دەستگیرانەکەی دەکاتەوە، هەروەکو دەڵێت:

زەوقم گڕەو بۆشم نییەو قەدەغەیە
لەگەڵ تۆدا بچمە ژووری حەمامەوە،
لەو دیوەوە تۆ سورگی دەرگات ڕاکێشاو
وا ئێستاکە
لە مابێنی درەوشی چاوی دایکت و
چەند دەرگایەکی پاسەوان،
چەند دیوارێکی زاڵم و
خوشك و برای گزگڵ گزگڵ،
چاوزیت چاوزیت، سەرزل سەرزل،
ژمارە پێنج، ژمارە شەش، ژمارە حەوت،
کەل و پەل و سانسۆری ماڵ،
هەر هەموویان بە دەستە دارینەکەیان،
بە دەستە بەردینەکەیان،
هەردوو چاویان توند توند گرتووم
ئەڵێی تەلبەندی دڕکاوین.
ڕێگەی حەمامیان لێ بەستووم،
لە حەمام دایت و ناتوانم بیمە ژووری.
قەدەغەیە من بەڕووتی تۆ ببینم!... ل. ٨٩

لەم بەشەی شیعرەکەدا، گەنجەی عاشق، لە خەیاڵاتدا دەژی، لەو خەیاڵەیـدا وایدەبینێت، کە دەستگیرانەکەی دەچێتە ناو حەمامەکەو دەرگاکە پێـوەدەدات، ئەم خەیاڵەش خاسیەتێکی تری ڕۆمانسییانەیە کەوا لـەم دەقـەدا دەبینرێـت،" ئەگەر نووسەرانی کلاسیزم بڕوایان بە ئەقڵ هـەبوو و کردبوویانـە هۆکارێـك بـۆ گەیشتن بە ڕاستەقینەکان، ڕۆمانسیزمەکان خەیاڵییان لـە شـوێنی ئـەقڵ دانـاو وایان دانا کە تاکە گەیێنەرە بە ڕاستەقینەکان، لەبەرئەوە بوو، دەهاتن خەیاڵیان بە فراوانی بەکاردەهێنا"[٦١]، ئەم گەنجەش ڕێگەی ئـەوەی پێنادرێـت هاوشـانی دەسـتگیرانەکەی بچـێتە حەمامـەوە، لەبەرئـەوەی جگـە لـەوەی دارو دیـوارو دەرگاکان وەك تەلبەندی دڕکاوین و ڕێگرن، چاوەکانی دایـك و خوشـك و بـرای دەستگیرانەکەشی وەك سانسۆر بەرامبـەری وەسـتاون، بۆیـە تـەنها بـە خـەیاڵ دەتوانێت بەو ئارەزووەی دڵی بگات، هەروەکو فرۆید باس لەوە دەکات، کەسـێ بە حەزی سێکسی نەگات هەوڵدەدات لە ڕێی خـەون و خەیاڵـەوە پێداویسـتییە سێکسییەکانی دابینبکات، پێشیوایە بەشێکی زۆری خەون ڕەنگدانەوەی لایەنی چەپاندنی سێکسییە، هەربۆیە" سێکس لـە کـاری ئەدەبیـدا ڕەنگدانەوەیـەکی زۆری دەبێت، چونکە هـەموو شـتە چـەپێندراوەکان، هەرچـەندە خەفـەبکرێن، ناتوانرێت بە تەواوەتی لەناو ببرێن، بەڵکو لە نێو خـەون و کـارە ئەدەبییەکانـدا ڕەنگدەدەنەوە، چـونکە ڕەمـەکی جنسـی پەیوەنـدی بـە لایـەنی دەروونییـەوە

٦١) قۆناغی پێش ڕۆمانسیزمی شیعری کوردی ١٨٥١-١٩٢١، ل. ٧٠.

هەیە"[٦٢]، ئیتر ئەم گەنجە ورووژاوە لەبەربوونی ئەم هەموو سانسۆرە ناتوانێ جوڵە بکات، ناچار شۆڕدەبێتەوە نێو جیهانی خەیاڵات و دەیەوێ لەوێوە بگات بەچێژ، دەیەوێت بەخەیاڵ بگات بەم کەتوارەی کە قەدەغەیەو تەنها لەڕێی خەیاڵەوە دەتوانێت پێیبگات.

دوانزدەهەم: مەنەلۆگ:

لەم بەشەی شیعرەکەدا هونەرکارییەکی تر دەبینرێت، ئەویش بریتییە لەخۆدواندن (مەنەلۆگ)، " مەنەلۆگ دەربڕینی دەنگێکی ناڕەزایی خودە بەرامبەر بە هەموو کێشەو حەزە چەپێنراوەکان، ڕاستترین و واقیعیترین دەربڕینە، ناتوانرێ بە ئاشکراو پڕ بە دەم هاوار بکرێ و دەربڕدرێ. بۆیە باشترین ڕێگە بۆ ئەم دەربڕینانە مەنەلۆگە"[٦٣]، گەنجەکە ناتوانێت ئەو هەست و سۆزەی لە بیرو خەیاڵیدا پەنگدەخواتەوە، بە شێوەی ئاشکرا دەریببڕێت، بۆیە ناچارە پشت بە مەنەلۆگ ببەستێت، لەڕێگەیەوە ئەو هەستە دەردەخات، هەڵبەتە پشت بە مەنەلۆگی ناوەکی دەبەستێ، واتە ئەو مەنەلۆگەی کە بە بێدەنگ ئەنجام دەدرێ، لەڕێی شەپۆلی هۆشەوە لایەنە دەروونییەکەی خۆی دەخاتە ڕوو، هەروەکو دەڵێت:

---

٦٢) ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، د. هاوژین صلیوە، چ. ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣، ل. ٢٠٣.

٦٣) گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا، ل. ٢٣٠.

من نازانم ئەمە ماڵە،
یان خانی کاروان سەرایە؟!
من نازانم ئاخر ئەم ماڵە جەنجاڵە،
کەی چۆڵ ئەبێ؟
ئەو ڕاڕەوەو، ئەو ژوورانەو، ئەو حەوشەیە،
لە سوچێکدا لە ژێر پلیکانەو دارێکدا،
لە گۆشەی سەر تەنوورێکدا
کەی دەست بازی و ماچێك و باوەشێکم
لای خۆیان بۆ ئەکەنەوە؟!
داڵدەی ئەم هەوەسە گەنجەم،
کەی پێ ئەدەن؟
من نازانم!
زەردە زیڕەو سەرە مێکوتەی منداڵان
چ وەخت ئەڕۆن؟! چ وەخت ئەنوون؟!
ئەم هەمو میوانە زۆرە،
کوللەو سوننە زەردو سوورە،
کەی دەست لە قرتەقرتی خواردنی
گوڵە بەڕۆژە هەڵئەگرن؟! ماڵیان هەیە؟!
کەی هەڵئەستن؟! ئەڕۆنەوە؟!
ئاخر من کەیی و لە کوێوە
قومێ دوو قووم، لەو ناو دەمە بخۆمەوە؟!... ل. ٩٠

ئاشکرایە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵات بە گشتی، کۆمەڵگای کوردەواریش وەك یەکێك لە کۆمەڵگاکانی ئەو ناوچەیە، هەر لە کۆنەوە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی بوون، لەو کۆمەڵگایانەشدا پێویستییان بەوە هەبووە بە هەرەوەزی کاربکەن، بۆیە کۆمەڵ کۆمەڵ، یان لە ماڵێکدا دە دوازدە کەس یان زیاتر پێکەوە ژیاون، واتە خێزانەکان خێزانی گەورە بوون، هەموویان پێکەوە ئیشوکارەکانی ڕۆژانەیان جێبەجێ کردووە، هەروەها لە کۆمەڵگای کشتوکاڵی و شوانکارەییدا منداڵ زۆر دەخەنەوە، ئەوەش بۆ ئاستی ڕۆشنبیرییان دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی ئەوان دەستی کاریان گەرەکە، هەروەکو لەم خێزانەدا دەبینرێت، ئەو گەنجە داماوە کەوتۆتە ناو ماڵێکی وەها جەنجاڵ و بەردەوام هاتوچۆو قەرەباڵغی بە بەرچاوییەوە دێت و دەچێت، ئەویش تامەزرۆی ئەوەیە پەناگەیەك بدۆزێتەوە، تا لە دەستگیرانەکەی نزیکبێتەوە، تا دەرفەتی ماچ و دەست لەملانێی هەبێت، وەك ئاشکرایە"ماچ: وێستگەیەکی ناوەڕاستە لە نێوانی ڕۆمانسییەت و کۆنتاکی جەستەیی، بەڵام ماچکردن پرۆسەی بەرکەوتنی لێوەکانە بەشت یان تەنێکی تر. ماچ لە هەموو کولتووره لێك جیاکاندا سیمبۆلە بۆ خۆشەویستی و ئیرۆتیك و سێکس. ئەو گوزارشتکردنە لە خۆشەویستی و ئیرۆتیك و سێکس بە ماچ، تەنیا لای مرۆڤەکان سنووربەند ناکرێ، بگرە لای زۆر لە ئاژەڵانیش هەڵگری هەمان چەمکە"[٦٤]، ماچ جگە لەوەی چێژ دەبەخشێت، لە کردەی سێکسیشدا خاڵێکی سەرەکی پێکدەهێنێت، بە شێوەیەك " لە کاتی سێکسکردن لەگەڵ ئافرەتدا، پێویستە ماچ و کردارەکانی تری پێش سێکس، بە

٦٤) ئیرۆتیك لە شیعری نالیدا، ل. ٢٣.

ڕێکوپێکی و یەکبەدوای یەك ئەنجامبدرێن، بە شێوەیەکی گشتی ئەو ئەندامانەی لەش ماچ دەکرێن، ناوچەوان، چاوەکان، ڕوومەت، مل، سینگ، مەمك، لێوەکان، ناودەم، هەروەها لای هەندێك لە نەتەوەکان نێوانی ڕانەکان و جومگەکانیش ماچ دەکرێن"[٦٥]، هەروەها لای عەرەبەکانی کەنداو لووت ماچکردن ڕەمزی سڵاوکردنە، کەچی لای ئەڵمان و فەرەنساییەکان گۆنا ماچکردن بە مانای سڵاوکردن دێت. تا ئێستا دەستنیشانی دووسەد جۆری ماچکردن کراوە، بەڵام بەرچاوترینیان بریتین لە ماچکردنی سەر: ئەو جۆرە ماچە بە زۆری لە لایەن کەسێکی بە تەمەنەوە لە یەکێکی لە خۆی کەم تەمەنتر یا لە لایەن پیرەوە لە منداڵ دەکرێ، کە سیمبولێکە بۆ بەخشندەیی و بەزەیی پیاهاتنەوەو خۆشەویستییێکی ناسێکسی، هەروەها ماچکردنی دەست: سیمبولە بۆ ڕێزگرتن، هەندێ جاریش وا ڕێك دەکەوێ لە چوارچێوەی خێزاندا (مێ) دەستی (نێر) ماچ بکات، بەڵام لە کردەی سێکسیدا ماچکردنی گۆنا یا ڕوومەت: ئەو جۆرە ماچە ڕەمزە بۆ سۆزو خۆشەویستی و سڵاوکردن، بێگومان لە کولتوورێك بۆ کولتوورێکی تر دەگۆڕدرێت، جگە لەوەش ماچکردنی ئەندامەکانی تری لەش: وەك لێو، زمان، لامل، مەمك، ڕان، بن هەنگڵ، ناوك، سك.... تاد، ڕەمزی ئیرۆتیك و سێکسن چ لە (مێ) وە لە (نێر) بکرێ، یاخۆ

---

٦٥) الكاماسوترا Kama Sutra ـ علم الجنس الهندي، هو كتاب قديم وجد في الهند، يعتبر أول كتاب في التأريخ عن طرق ممارسة الحب (الجنس)، تأليف: Vatsayayana، نسخة عربية منقحة، كاستون فاتول، تقديم كلود دوزون، مكتبةقميصينت للكتب المجانية http://www.qassimy.com/book. ل. ٣٣.

به پێچەوانەوە[٦٦]، بەڵام ئەو گەنجە داماوە هەرچەندەی چاوەڕێ دەکات، ئەو خەڵکەی لەو ماڵەن چواردەوری چۆڵناکەن، دانیشتوون و خەریکی گوڵەبەڕۆژە قرتاندنن، قرتاندنی گوڵەبەڕۆژە لە ناو کوردەواری زۆر باوە، بە کۆمەڵ دادەنیشن و چەند کاتژمێرێك گوڵەبەڕۆژە دەقرتێنن، لە کۆمەڵگای پیشەسازییدا مرۆڤەکان پەرت و بڵاون تاك تاك و جوت جوت پێکەوە دەژین، تەنها لە کاتی کارکردندا دەبنەوە گروپ، ئێستاش لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا دەبینین وەك ساڵانی ١٩٧٠-١٩٨٠ سەدەی ڕابردوو نییە، دە دوازدە کەس پێکەوە لە یەك ماڵ بژین، بەڵکو جۆری کارکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا گۆڕاوە، بۆیە ئەندامی خێزانیش کەمتر بوون و زووتر پەرت دەبنەوەو دوو دوو سێ سێ پێکەوە دەژین، بەڵام شاعیر گەڕاوەتەوە سەردەمی هەرزەکاری خۆی و ئەو سەردەمە لەسەر زاری ئەو گەنجە دەستگیراندارە دەگێڕێتەوە.

سێزدەهەم: پەرێشانی

ئەو هەر لە خەیاڵ و بیرکردنەوەیەدایە، هەست بە دڵەڕاوکێ و پەرێشانییەکی زۆر دەکات لە ترسی ئەوەی کە بە ئارەزووەکانی دڵی نەگات، و وەك هەموو جارەکانی تر بە دەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە:

من نازانم هەموو جارێ لەم سەرەوە،
بە خەیاڵی چەند دەرفەتی ڕەنگاو ڕەنگی

---

٦٦) بڕوانە: ئیرۆتیك لە شیعری نالیدا، ل. ٢٤، ٢٥، ٢٦.

دەست گوشین و مەم گوشین و ڕان گوشین و

ماچ و مووچەوە، خۆم ئەکەم بەمماڵەداو

بەڵام لەوسەر درەنگانێ

کە هەڵئەستم، لۆژ لۆژ لەگەڵ

دوو دەستی زۆر نا ئومێدو

لچێکی شۆڕو باوەشێ

پڕ له هەوەسی ڕووخاو و...کوژراودا

ئەگەڕێمەوە بۆ ماڵێ!... ل. ٩١

هەروەك چۆن" پاڵەوان لە ئەدەبی ڕۆمانسیزمدا، کە زۆربەی جاران نووسەرەکە خۆیەتی، له واقیع بێزاره، له خەودا دەژیت، دەیەوێت شتی نموونەیی بێنێته بوون، بەڵام به تەواوەتی دەستەوەستانه له وەدیهێنانی ئەو مەبەستەی، بۆیه هەڵوێسته پڕ له هەڵچووەکانی پاڵەوانی ڕۆمانسی هەمیشه له ڕەشبینی و هەسته تورەکان و غەمی گەورەو دڵتەنگی و باری دەروونی نائارامەوە سەرچاوه دەگرن،... بۆیە کاتێك تروسکاییەك لە واقیعەکەی نابینێتەوە تیایدا بحەسێتەوە، به ڕەشبینییەوە پەنا بۆ خەون، یان خۆ مەستکردن دێنێت، بۆ ئەوەی لە سای ئەمانەدا ئارامییەك بۆ دەروونە ماندوو، شکستخواردووەکەی خۆی زامن بکات"(٦٧)، ئەویش دەیەوێت ئەو ئارەزووەی له واقیعدا پێی ناگات به خەیاڵ به دەستی بهێنێت، ئەو خاڵەش خاڵێکی سەرەکییە لە بونیاتی زۆر

---

٦٧) قۆناغی پێش ڕۆمانسیزمی شیعری کوردی (١٨٥١ – ١٩٢١)، ل ٧٤.

دەقی ئەدەبیدا،" هەڵبەتە زۆربەی زۆری هۆنەران، لە هۆنراوەکانیاندا، بە چ ئەندامێکی جەستەی ژنانەوە سەرسامبووبن، پتر باسی ئەو ئەندامەیان کردووە، بۆ نموونە: کاتێ باسی مەمکی ژنیان کردووە، هەروا بە خۆرایی نەبووە، بەڵکو زۆر ڕێی تێدەچێ، لە هەموو ئەندامەکانی دیکەی جەستەی ژن، کاری لە هەست و هۆشیان کردبێ، بەهرەی داهێنانی هونەریی و وێژەیی تەقاندبنەوە، لەرەی مەم هەژاندبنی، جولاندبنی، جۆش و خرۆشێکی بێ وێنەی لا پەیداکردبن و ئارەزوویەکی بەهێزی سێکسی، لە ناخیاندا چاندبێ، تا بەو شێوەیە، ڕاڤەیان لە سەرسامبوونی خۆیان کردبێ، تابلۆیەکی ڕەنگینی ڕیالیزمیی، یان ئەندێشەیی مەمکیان کێشابێ"[٦٨]، ئەمەش یاسایەکی تەواو گشتی نییە، چونکە ڕەنگە شاعیر هەبێ جوڵەی سمتەکاتی بەلاوە جوان بێ، زۆرجاریش بۆی ناگونجێ ئاوا بە زەق و زۆپی ناوی ئەو ئەندامەی لەش بهێنرێ، هەربۆیە ئەویش هەموو هەستوسۆزی لەوەدا کۆبۆتەوە، کەوا ئەو دەرفەتە بە دەستبهێنێت دەست و مەمکی خۆشەویستەکەی بگوشێت، مەمك بە یەکێك لە ئەندامە سێکسییەکان ئەژماردەکرێت، لە بنەڕەتدا " مەمك لە هەشت بەش پێك دێت کە ئەم بەشانەی خوارەوەن: ١. سینگ: بناغەی مەمك پێك دێنێت. ٢. ماسولکەی سەرەکی سینگ. ٣. گرێی مەمك. ٤. سەری گۆپکە. ٥. گۆپکە. ٦. مەمەڕی شیر. ٧. دونگ = بەز. ٨. پێست"[٦٩]، هەریەك لەم بەشانە گرنگی و بایەخی خۆیان هەیە لە چێژبەخشین بە هەردوو ڕەگەزەکە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی

---

٦٨) یاقووت و زمرووتی کوردیی، ل. ١٣٥.

٦٩) ئیرۆتیك لە شیعری نالیدا، ل. ٥٣.

بەشداری لە ئارەزوو بزواندنی سێکسییدا دەکەن، بە هەمان شێوە لەم دەقە شیعرەدا، شاکەسی سەرەکی دەقەکە کە شێرکۆ بێکەس خۆیەتی، زۆر بەشەوق و ڕەوقەوە ڕوو دەکاتە ماڵی دەستگیرانەکەی، پڕ لە ئومێدو هیوایە بۆ دەستگرتن و ڕوانین و گۆڕینەوەیەکی سۆزو خۆشەویستی، بەڵام دواتر بێهودە دەبێت و لە گەڕانەوەیدا بە دەروونێکی شکاو بەرەو ماڵ دەبێتەوە، بێبەش بوونی ئەم گەنجە لەم حەزو خولیا جوانانەی خۆی بارێکی دەروونی خراپی بۆ دروستکردووە، خۆ کچەکەش هەمان حەزو خولیای هەیە بۆ کوڕەکە، بەڵام ئەوان لە نێو سنوورێکی قەدەغەو لە نێو چوار دیواری پڕ لە سانسۆردان، دیارە کە دەستگیرانیەتی و حەڵاڵی یەکترن، بەڵام هەر ڕێگری زۆر هەیە لە بەردەم ئارەزووەکانییان، هەموو جارێك شەرمنانە دەچێتە ئەو ماڵە، حەزو خولیای لەوەندە زیاتر نییە کە بە خەیاڵ لە دەستگیرانی نزیك بێتەوەو لەمە زیاتر هیچ شتێکی تر ڕێگە پێدراو نییە، تەنانەت ناتوانێت لە تەنیشتیشی دابنیشێت و بە دڵی خۆی قسەی لەگەڵدا بکات، چ جای ئەوەی داوای لێبکات پێکەوە پیاسەیەك بکەن و بچنە پارکێك و ڕازی دڵییان بۆ یەکتری بەیان بکەن، هەڵبەتە شاعیر باس لە زەمەنێك دەکات کە هێشتا هۆکارەکانی پەیوەندی کردنی وەك تەلەفۆن و مۆبایل و هۆکارەکانی تر بەمشێوەیەی ئەمڕۆ بڵاوبونەتەوە، بەهۆی نەبوونی ئەو جۆرە پەیوەندییانە لەوپەڕی تامەزرۆییدا دایە بۆ گەیشتن بە دەستگیرانەکەی، ئارەزووی گەیشتن بە مەمکەکانیشی بەشێك لەم ئارەزووە پێکدەهێنێت، بەڵام دوای چاوەڕوانییەکی بێهودە نە دەستی بە مەمك ڕادەگات و نە ماچ و گوشینەکانی تری پێدەبڕێت و بێئەنجام دەگەڕێتەوە.

چواردەهەم: وروژانی سێکسی:

حاڵەتی وروژاندنی سێکسی و خەیاڵ کردن و نەگەیشتن بـەئارەزووەکان، لـە چەند دێڕێکی تری شیعرەکەدا هەر بەردەوام دەبێت:

من ئێستاکە لەم دیوەوە،
ئارەزوویەکی پڕحیلەو
شەهوەتێکی داگیرساوی پەل و پۆداری
بێ ئۆقرەم،
ماخۆلانێکی بێ دەنگم، لە گێژەنێکی قوڵ ئەچم،
کە لوول ئەخوا،
لە عەزرەتا هەر سمێڵ و لێو ئەجووم و
دەمێ هێواش... دەمێ خێرا،
بەناو هۆڵدا دێم و ئەچم،
وەك بەلوعەی ئاو لێ بڕاو،
قرخە قرخکەر،
یان پرتە پرتی چرایەك،
لەبەر خۆمەوە بۆڵەم دێ.
نەکەوتووم و نە خوڵاوەی بووم و نەهیچ،
کەچی زوو زوو بەهەردوو دەست،
بەرسینگی خۆم ئەتەکێنم... ل. ٩٣

لەم چەند دێرەشدا گەنجەکە هەر لە خەیاڵ کردندا دەژی، دەیەوێت لە دونیای دەوروبەر داببڕێت، وروژاوەو بە بێئاگا دێت و دەچێت و لێوو سمێڵی خۆی دەگەزێت، هەر لە خۆوە جلەکانی خۆی دادەتەکێنێت بە بێئەوەی هیچ پیسییان پێوە بێت، ئەمە حاڵەتی دڵەڕاوکێ و پەرێشانی پیشاندەدات، وەك ئەوەی کەسێك لەم حاڵەتانەدا لچی خۆی دەکرۆژێت یان نینۆکی خۆی دەخوات...، ئیتر بواری نییە لە شوێنی خۆی هیچ جوڵەیەك بکات، تەنها هەرئەوەندەی لە دەست دێ وەك (گۆران) ی شاعیر وتەنی پێشکەشی بکا یەك هەناسە پڕ لە پەرستن لە تاسە، هەناسەی پڕ لە حەزو ئارەزووی کپکراو هەڵدەمژێت.

پانزدەهەم: خەیاڵی ئیرۆتیکی:

مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا زۆرجار لە خەیاڵاتدا دەژی، بەشێکیش لەو خەیاڵانە سەبارەت بە سێکسە، " هەموو مرۆڤێك خەیاڵی سێکسی تایبەت بەخۆی هەیەو کەسێتی مرۆڤ لەو خەیاڵەدا ڕەنگدەداتەوە، تەنانەت بڕی خەیاڵە سێکسییەکان دیسانەوە ڕەنگدانەوەی کەسێتی ئەو کەسەیە لە ڕووی سێکسییەوە"[٧٠]، ئەو ڕێژەیەش لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا هاوشێوە نییە، بەڵکو لە نێوان ژن و پیاودا جیاوازی دەربارەی خەیاڵە سێکسییەکان هەیە، و پیاوان خەیاڵی سێکسیان لە ژنان زیاترە، خەیاڵی سێکسی ژن زیاتر بریتییە لە ڕووی

---

٧٠) خەونە سێکسییەکان، د. فەوزیە دریع، گۆڤاری زانستی سەردەم، ژمارە ٣٩، ل. ٣٣.

سۆزو ڕۆمانسییەت و لەم ڕووەوە لە پیاو بەهێزترە[٧١]، ئەو حاڵەتەش لەم چەند دێڕەی خوارەوەی شیعرەکەدا بەرچاو دەکەوێت:

لە دوایشداو لە پڕێکدا،
لەبەردەمی وێنەیەکی هەڵواسراوتا
ڕائەوەستم، ڕائەمێنم... ڕائەمێنم
وێنە چوارچێوەی لائەداو
وێنە هەمو جلەکانی پارچە پارچە دائەکەنێ و
وێنە هەنگاو هەڵئەهێنێ و
دێتە دەرێ و
تەنهاو تەنها،
بەیەك دەرپێیی گوڵی چەسپی سوور باوەوە،
لەبەردەما ڕائەوەستێ!
لەناکاوێ یەکیان دێتە هۆڵەکەوە،
منیش دووسێ جار ئەکۆکم،
تۆش جل لەبەر ئەکەیتەوە،
بە پەلە پەل ئەچیتەوە ناوچوارچێوە!... ل. ٩٤

لەڕووی هەستە سێکسییەکانەوە، ژن و پیاو جیاوازن،" پیاو ئەو کاتە هەستە سێکسییەکانی دەوروژێن و چێژ وەردەگرێ، کە ژن خۆی بۆ ئەم بڕازێنێتەوەو بە نازو خۆنواندن و بە لەنجەو لارو خۆ بەدەستەوە نەدان و خۆبواردن

---

٧١) بڕوانە: هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

له کردەی سێکس، تاسەی پیاو ببزوێنێ و له داوی بخا"[٧٢]، لێرەشدا ئەو گەنجە ناتوانێت ئەم هەموو سانسۆرە ببەزێنێت و دەستی بە جەستەی دەستگیرانەکەی بگات، بۆیە وێنەیەکی هەڵواسراوی کچەکە سەرنجی ڕادەکێشێت، ناچارە بە سەرنجدان لە وێنەکەو لە ڕێگەی خەیاڵ و زیندە خەونەوە حەزو خولیاو ئارەزووەکانی دابمرکێنێتەوە، چونکە چەپێندراوەکان بە تەواوەتی سەرکوت ناکرێن، هەر مرۆڤێك هۆکاری ڕاستەقینەو واقیعێك نەبوو بۆ تێرکردنی حەزەکانی ئەوا پەنا دەباتە بەر خەیاڵ، دەیەوێت لە ڕێگەی خەیاڵەوە حەزەکانی تێر بکات، خەیاڵ ئەو ساتەیە کە مرۆڤ دەخزێنێتە نێو دونیایەکی تر واقیعێك دروستدەکات لە پەردەی خەیاڵداو لە دەوروبەر دادەبڕێت و بەشێك لە حەزەکانی پێ دابین دەکات، سیگمۆند فرۆید لە بارەی خەون و خەیاڵەوە دەڵێت: خەون" گەیشتنە بەو شتانەی کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانە پێیان ناگات"[٧٣]،مەرجیش نییە بەرەهای خەون هەر ئەوە بێت، چونکە زۆرجار خەون بە شتێکەوە دەبینی کە هیچ پەیوەندی بەسێکس و ئەو شتانەش نییە کە پێیان نەگەیشتووی، ئەو گەنجەش هەرچەندە لە خەیاڵاتدا دەژی، بەڵام لەناو خەیاڵیشدا ترسی هەیە، ئەوەتا دەکۆخێت بۆ ئەوەی کچەکە بچێتەوە نێو چوارچێوەی وێنەکە. هەڵبەتە مرۆڤ، کە خەیاڵیش دەکات نایەوێت تەواو بچێتە نێو وەهمەوە، بەڵکو دەیەوێت

---

٧٢) ژن لە فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوادا، سۆزان مۆلێر ئۆکێن، ئامادەکردنی و وەرگێڕانی بۆ فارسی نووری زادە، وەرگێڕانی ڕەسوڵ سوڵتانی، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٨، چاپخانەی خانی، دهۆك، ل. ١٣٣.

٧٣) بنيات السردية، اندرى بريتون، ترجمة صلاح برمدا، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي،دمشق، ١٩٧٨، ل.٢٢.

لەنێو خەیاڵدا واقیعێك بخولقێنێت، ئەویش لەناو ئەو خەیاڵەدا دەستگیرانەکەی بە جلی ژێرەوە دەبینێت و چاوەڕێی ئەوە دەکات ئەو چەند پارچە جلەشی دابنێت تا تەواوی جەستەی دەربکەوێت، لەو وێنەیەدا کچەکە تەنها دەرپێیەکەی (گوڵی چەسپی سوورباو) ی لەبەردایە، هەڵبەتە ڕەنگی سوور کار لە چێژو ئارەزووی مرۆڤ دەکات، کاتێك دەرپێی ئەم کچە گوڵداری سوور بووە، کەواتە کوڕەکە زیاتر وروژاوە، چونکە" ڕەنگی سوور بە گشتی هێمای ژیانە، هێمای هێزە، ڕەنگی خوێنە، ڕەنگی ئاگرە، ڕەنگی شەهوەت و دڵە،... ڕەنگی چالاکی، جوانی، هێز، گەنجی، تەندروستی، ئیرۆسە"[٧٤]، ئەو ڕەنگە لە ژیانی ئاسایی مرۆڤدا،" کاریگەری لەسەر هەستەکان دادەنێت، ئەگەر زۆر تەمەشای بکەین دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی فشاری خوێن و ڕێژەی هەناسەدان زیاد دەکات"[٧٥]، کەواتە ڕەنگی سوور وروژاندنی سێکسی بە گوڕتر دەکات، واتە شاعیر لە هەڵبژاردنی ڕەنگی سوور بۆ جلوبەرگی ژێرەوەی کچەکە مەبەستێکی ئیرۆتیکی هەبووە، هەڵبژاردنەکەی لە جێگەی خۆی بووە.

---

٧٤) الألوان، (دورها، تصنيفها، مصادرها، رمزيتها، و دلالاتها)، كلود عبيد، نقيبة الفنانين التشكيليين في لبنان، مراجعة و تقديم د. محمد حمود، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، ٢٠١٣م. ل. ٧٧،٧٦.

٧٥) دەروونزانی گشتی، هانی سلێمان، و. ئامانج محەمەد، چ. ٣، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١١، ل. ١٧٠.

شازدەهەم: وروژاندن:

لەم بەشەی دەقە شیعرییەکەدا وروژاندنی سێکسی زیاتر لای گەنجەکە لە چەند خاڵێکدا دەردەکەوێت:

حیلە زۆرم بۆئەهێنێ
یاڵ ڕەپ ئەبێ،
گڕی شەهوەت، بڵێسەیەکی ئاگرەو
تێم بەرئەبێ!
ئەوسا ئیتر
چاوەکانم ئەنوقێنم،
لە پەنجەرەی خەیاڵێکی سوور باوەوە،
بەبێ خشپە، وەك بڵێسەیەکی بێدەنگ و
یا سکڵێکی زۆر گەشاوە،
بەدەرپێیەکی ڕەشەوە،
دێمە ژووری حەمامەوە... ل. ٩٥

لە دێڕی یەکەمدا ئاماژە بە هەستان و ڕەپ بوون دەکرێت، ئەویش ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەوپەڕی وروژاندن لە ڕەگەزی نێردا، لە حاڵەتی وروژاندنی سێکسییدا چەند پەرچەکردارێك لە جەستەی مرۆڤدا بەدیدەکرێت، بە شێوەیەکی گشتی سوڕی سێکسSexual cycle لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەتوانرێت بکرێت بە چوار قۆناغی سەرەکییەوە، لە هەریەك لەم قۆناغانەدا کۆمەڵێك هۆرمۆن ڕۆڵی سەرەکی دەبینن، یەکەم قۆناغ بریتییە لە سەرهەڵدانی

ئارەزووی سێکسیlibido or sexual desire [٧٦]، بەڵام ئەگەر باس لە جەستەی پیاو بکەین،" لە پیاودا لە قۆناغی وروژاندنی سێکسیدا، هروژمی خوێن بۆ ناو ئەندامەکانی زاوزێ زیاددەکەن و گەڕانەوەشی لە هەمان کاتدا کارێکی گرانە، بەهۆی تەسکبوونەوەو پەستاوتنی خوێنهێنەرەکانەوە، بەمجۆرە بە خێرایی چوك گەورە دەبێت و دەگاتە سێ ئەوەندەی قەبارەکەی خۆی لە کاتی سیسبوونیدا، ڕەق دەبێت و درێژییەکەشی بە بڕی ٧-٨ سم زیاد دەکات و جێگەی خۆشی دەگۆڕێت و ڕوودەکاتە سەرەوە نزیك دیواری سك، (هەر لەمەشەوە ناوی کردارەکە نراوە هەستان Erigere) و بە ڕوودانی هەستان یا ڕەپبوون ئیتر پیاوەکە ئامادەی جووتبوونە، واتە داخڵکردنی ئەندامی سێکسی (چووك) بۆ ناو زێ، لەگەڵ ڕوودانی ڕەپبوونەکەشدا ئارەزووی کارەکەو خۆ ڕزگارکردن لەو شڵەژانە سێکسییە زۆر دەبێت"[٧٧]، ئەویش لە خەیاڵەکەیدا وایدەبێت کەوا بە دەرپێیەکی ڕەشەوە بەرەو ناو حەمامەکە دەچێت، بۆ گەیشتن بە جەستەی دەستگیرانەکەی، هەڵبژاردنی ڕەنگی ڕەش بۆ ئەو جلانە مەبەستی خۆی هەیە، چونکە ڕەنگی ڕەش، ڕەنگی هێزە، ڕەنگی هەوری باراناوییە کەوا هۆکاری بوژاندنەوەی زەوییە، بۆچوونێك هەیە پێیوایە ڕەنگی ڕەشی شەو بنچینەی هەموو خوڵقێنراوەکانە، کە بە ڤینۆس ناویدەبەین، ئەو ڕەشە لەناو جەرگەی گەردووندا لەگەڵ ڕەنگی سووری ئاگرو خوێندا تێکەڵ دەبێت و ڕەمزی هێزو ژیان پێکدەهێنێت، هەر بۆیە لە هەموو جیهاندا لە زۆر کاری هونەرییدا ڕەنگی سوورو ڕەش پێکەوە تێکەڵدەکرێن[٧٨].

---

٧٦) بڕوانە: فسیۆلۆژی سێکس، شاخەوان حمەأمین سعید، گۆڤاری زنە، گۆڤارێکی پزیشکی گشتی یە خوێندکارانی کۆلیژی پزیشکی زانکۆی سلێمانی دەری دەکات، ژمارە٢، ساڵی ٢٠٠٤، ل. ١٩.

٧٧) سێکس لە مرۆڤدا ٢-٢، پەرچڤەی دانا قەرەداخی، ل. ١٢٧.

٧٨) بڕوانە: الألوان، (دورها، تصنیفها، مصادرها، رمزیتها، و دلاتها)، ل. ٦٥، ٦٦.

حەڤدە: لەزەتی زیندە خەون:

لـەم چـەند دێـڕەی دواتـری شـیعرەکەدا، هەوڵـدان بـۆ تێرکردنـی حـەزو ئارەزووەکان لە ڕێگەی خەیاڵ و زیندە خەوەوە بەردەوام دەبێت، بێگومـان هـەر کاتێك مرۆڤ ئەوەی لادروست بوو لـە ژیـانی واقیعـدا ناتوانێـت ئارەزووەکـانی بهێنێتە دی، بە ناچاری پەنا بۆ زیندەخەون و خـەیاڵ دەبـات و هەوڵـدەدات لـە ڕێگەیانەوە حەزوو ئارەزووە تێر نـەکراوەکانی ژیـانی واقیعـی تێـر بکـات، لـە لایەکی تریشەوە ئەوەی بۆ دەردەکـەوێت کـە خـەو و خـەیاڵ زۆر ئاسـانترو بـێ کێشەترە(٧٩)، خەسڵەتە تایبەتییەکانی زیندەخەون ئەمانەن یەکەم: لـە هـەواری زیندە خەوندا خەوبین هەمیشە مەیلی گۆشـەگیری و تـەنیایی و دوورە پـەرێزی هەیەو لە دەنگەدەنگ و ئاپۆڕەی خەڵك دوور دەکەوێتەوە، ئەم جۆرە ژینگەکەی هێمن و کپ و خامۆش پێویستە،... دووەم: لەم دیاردەیەدا پڕۆسـەی خـەوتن و خەوبینین ڕاستەقینە لە واتا زانستییەکەی قۆناغ بە قۆنـاغ ڕوونـادات، کەواتـە گۆڕانکارییە سایکۆلۆژیی و فسیۆلۆژییەکانی پڕۆسەی خەوبینین لە دڵ و دەروون و جەستەدا ڕوونادەن(٨٠)، کەواتە" زیندەخـەون لـە هـەموو قۆنـاغێکی ژیانـدا هەیە، بەڵام زیـاتر لـە قۆنـاغی منـاڵی و هەرزەکاریـدا بـاوە" (٨١)، مەسـەلە سێکسسیەکان تەواوی ژیانی لاوان کۆنتڕۆڵ دەکەن، کوڕە گەنجەکەش بە خـەیاڵی

٧٩) سایکۆلۆژیای گەشە(مناڵ و هەرزەکار)، د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، چ. ١، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل. ٤٨٣، ٤٨٤.

٨٠) بڕوانە: ڕەهەندی خەون لەشیعری کوردیدا، فازیل شەوڕۆ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤، ل.٤٢.

٨١) سایکۆلۆژیای گەشە (مناڵ و هەرزەکار) ل. ٤٨٣.

خۆی تەنها دەرپێیەکی ڕەشی لەبەربووەو دەچێتە نێو حەمامەوە، هەروەکو لەمەوپێش ڕوونکرایەوە، سایکۆی ڕەنگی ڕەش ئەوەیە کە توانای داگیرکردنی هەستی بەرامبەری هەیە[٨٢]، ئەمیش بەم دەرپێ ڕەشەوە دەیەوێ هەستی دەستگیرانەکەی ڕابکێشێ و ئازایەتی خۆی بنوێنێت:

ئێستا بە تەنها چاوی خواو
چاوەکانم وا بەڕووتی، ڕووت و قوتیی
لە حەمامدا تۆ ئەبینن؟!
بەژنێکی بەرز، ئەڵێی نووری سپی و تەڕە،
ئەوەتا وا بە پێوەیەو سەرتاپاشی
هاڵاوێکی زۆر تەنکی ئەفسوناویی لێهەڵئەستێ،
پرچی زەردی نووساوە بەشان و ملییەوە،
خاڵی پەپوولەیی سەر سنگ،
کەفێك بووە بە دەوەنی و
باڵی جووتەو وەك حەزبکا هەر لەوێ بێ و
ئیتر نەفڕێ!
لەپاش تۆزێ،
هەردوو باسکە نەرم و نۆڵ و سپییەکانی
بۆلای سەری بچکۆلانەی هەڵئەبڕێت و
بەهێواشی...زۆر هێواشی،

---

٨٢) دەرونزانی گشتی، هانی سلێمان، و. ئامانج محەمەد، ل. ١٧١.

هەردوو مەمی گوڵ بەدەمی،
قنج و قوتی خۆی ئەگلۆفێ
لەوساتەداو لەتاواندا، دەستەکانم
واخەریکن شێت ئەبن و
پەنجەکانم واخەریکن یاخی بن و
لە عەزرەتا هەردوو مەچەك جێبێڵن و
بەرەو بناری مەم بفڕن!
ئای خودایە، چی نابینم؟!
لەناکاوێ جامە ئاوێ،
بەسێ چوار جار تۆپەڵە کەفی سەر مەمك،
سەر کەفەڵ و سەر ناوك و سەر بانەگا،
بەرەو بەرپێ ڕائەماڵن.
ئیتر هەرچی هێڵی سنگ و ڕان و
قەوسی سمت و خەت و خاڵی قۆڵ و باسك و
توکە بەری نەرم و نۆڵی، تۆزێ لوولی بەبریسکەی
دەوروبەری سێگۆشەکەی کانی حەیاتی نێوانی
شلەی ڕانی، ڕوون ئەبنەوەو دەرئەکەون!
سێگۆشەیەك سەربەرەو خوار،
سێگۆشەیەکی ئەزەلی،
تەلیسمێکی بەرجەستەی خوا.
سێگۆشەیەك هەرچی گۆشەی جوانی "بوون"ە

لە درزێکی ناوەڕاستا جێی بۆتەوەو

لەوێشەوە ئەم ژیانە،

هەڵدەقوڵێت و هەڵدەقوڵێ

سێگۆشەیەك سەربەرەو خوار،

کە بە ڕووتی تەماشای پیاو کەوتە ناوی

ئیتر بینین گڕئەگرێت و ئەسووتێت و

لەدوای سووتان، خۆڵە مێشی ژیلەمۆیەك

لەناو لەشیا بەجێ دێڵێ!

من ئێستاکە...گۆشتی ئاگر،

ستوونەکەی ناوەڕاست و خوار ناوکم،

ڕاست بۆتەوەو سوور بۆتەوەو

دەرپێی کردووە بە چادر!

تەقەی جام و خوڕەخوڕی ئاو لەولاوە،... ل. ٩٧

لە سەرەتای ئەو بەشەی شیعرەکەدا دوای ئەوەی وەسفی جەستەی کچە دەکات، کوڕە دەیەوێ زۆر دڵنیا بێت، کە دونیای دەوروبەری کشوماتە، تەنها چاوەکانی خۆی و خودا ئەم ئافرەتە بە ڕووتی لە نێو حەمامدا دەبینن، بینینی ئافرەتێکی جوان بە ڕووتی، پڕاوپڕ دەبێت لە حەزو خولیاو وروژاندن، بەڵام ناتوانێت زیاتر نزیك ببێتەوە، لە ترسی سانسۆر، لە ترسی ئەندامانی خێزانەکە، ترسی کچەکە کە ڕەنگە ئەو ڕەفتارانە قبوڵ نەکات، هەرچەندە ئەم بە خەیاڵ واینیشانداوە کە ماڵەکە چۆڵە، چونکە هەر لەو کاتەدا کە دایکی کچەکە قسەی

بۆ دەكات، ئەم گوێی بە قسەكان نەداوەو كەوتۆتە جیهانی خۆیەوە، چونكە زیندەخەون ئەو حاڵەتەیە كە تاك خۆی لە دەوروبەری خۆی دادەبڕێت و ناخی خۆی دەخواتەوەو بەرەو قوڵایی هەست و ناخی خۆی شۆڕ دەبێتەوە، ئەوەتا لەم زیندەخەوەدا دەیەوێت بگات بە لە زەتی جەستەی دەستگیرانەكەی. لەوێوە وەسفی ئەندامێكی سێكسی ئافرەت دەكرێت، ئەو بەشەی كەوا بە سێگۆشەی جوانی ژیان و بوون ناوبراوە، ئەو وێنەیە بریتییە لە ئەندامی سێكسی ئافرەت، ئەو ئەندامەی لەشی ئافرەت لە چەند بەشێك پێكدێت،" بەكۆی ئەندامە دەرەكییەكانی زاوزێ، واتە ئەوانەی دیارن پێیان دەوترێت دۆلان (ئەندامی مێ). دۆلان لە پێشەوە سەرینێكی گۆشتنی كەمێك هەڵئاوساو بەری گرتووەو لە خانەی چەوری پێكهاتووە. دۆلان لە پێشەوە بە چەند ماسولكەیەك كۆتایی دێت كە لە كۆم جیای دەكەنەوە، واتە پێیان دەوترێت نێوانە ماسولكە یا (عەجان). ئەو ماسولكانە واتە عەجان ئەو ئەندامانە ڕادەگرێت كە كەوتونەتە ژێر سكەوە"[٨٣]، ئەمە ئەم بەشەیە كەوا لە شێوەی سێگۆشەیەكی سەر بەرەو خواردا دەبینرێت، و خاڵی سەرەكی لە كردەی سێكسییدا پێكدەهێنێت، ئەویش لە جۆرێك ماسولكە پێكدێت، وەك ئاشكرایە، بە شێوەیەكی سەرەكی لە لەشی مرۆڤدا دوو جۆر ماسولكە هەیە، ماسولكەی خۆویست و ماسولكەی خۆنەویست، ماسولكەی خۆویست لە ژێر كۆنترۆڵی مرۆڤ دایە، وەك

---

٨٣) سوودەكانی ماچ لە نێوان هاوسەرەكاندا، ناسیح سەوابی، گۆڤاری خود، یەكەمین گۆڤاری سیكسۆلۆژییە لە ڕوانگەی ئایینی و كۆمەڵایەتی و دەروونییەوە، هەموو پانزەی مانگێك دەردەچێت، ژمارە ٥، ئەیلولی ٢٠١٠، ل. ٣٦.

ماسولکەکانی دەست و قاچ و مل... هتد، بەڵام ماسولکە خۆنەویستەکان لە ژێر کۆنترۆڵی مرۆڤدا نین، وەك ماسولکەکانی گەدەو دڵ، ماسولکەی ئەندامەکانی نێرینە و مێینە، کەوا جووڵەیان لە ژێر ویستی مرۆڤدا نییە، هەرچەندە مرۆڤ کە مەیلی سێکسی بزواو بیری لێکردەوە ئەم ماسولکەیە ئامادە بێت، بەڵام خۆ وەك ماسولکەی دەست نییە، بە ئارەزووی خۆی لە هەموو ئانوساتێکدا بیەوێ بجولێنێتەوە، ئەو گەنجەش کە لەم حاڵەتەدا دەژی و بێ ویستی خۆی ماسولکەی ئەندامی نێرینەی کەوتۆتە حاڵەتی ڕەپ بوونەوە، هەروەکو لە بە ستوونێکی هەڵستاوی خوار ناوك ناویدەبات، بەهۆی ئەم حاڵەتەوە دەیەوێت تەواو شۆڕبێتەوە بۆ جیهانی خۆی، پەنا دەباتە بەر داخستنی چاوەکانی، یاخود ڕوانینی بە شێوەیەکی وا کە لە شوێنێکدا چاوەکانی دەچەقێنی کە تەواو چاوەکانی لە بینین دەکەون و ناخی خۆی دەدوێنێت، مەنەلۆگێك لەگەڵ خۆی ساز دەکات و کۆمەڵێك پرسیار دەردەبڕێت و بە سەرسوڕمانەوە لەبەرخۆیەوە ئاخ هەڵدەکێشێت، هەڵبەتە هەروەك ئاماژەمان پێکرد، خۆدواندن یان" مەنەلۆگ قسە لەگەڵ خۆکردنە لە ناخەوە، واتە: بێدەنگ تەنها لە نێو زەیندا"(٨٤)، ئەمجارەشیان هەر بەهۆی بوونی ئەم هەموو سانسۆرە، هەست بە شکست و ڕووخانی دەروونی خۆی دەکات، دیسان لە ڕێی هەستە پەنگخواردووەکانی خەمە زۆرەکانی خۆی دەردەبڕێت، کە لە زۆر شوێندا هەست بەم دەنگە کپەو ئەم جۆرە مەنەلۆگە دەروونییە دەکرێت، ئاواتەخوازە کە سانسۆر لەو ماڵە نەمێنێت و لەگەڵ یارەکەی بچێتە حەمامەوە...، لە وەسفی

٨٤) گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا، ل. ٢٢٩.

حەمامەکەشدا دەردەکەوێت، کەوا حەمامێکی کۆنە، کـە تێیـدا جـام بـۆ خـۆ شوشتن بەکاردەهێنێت، دەرگاش ئاسنەو گرمەی دێت، دواتر دەستگیرانەکەی بە ڕازاوەترین شێوە دێتە دەرەوە، بەڵام ئەو لە خەیاڵەکەی ڕادەپـەڕێت و دەبینێـت ماڵەکە هێشتا هەر هەمووی سانسۆرەو ڕێگـەی جووڵـەکردنی پێنادرێـت، وەك هەموو جارەکانی تر بەدەستی خاڵی دەگەڕێتەوە.

هەژدەهەم: ترۆپکی وروژاندن:

وەك ئاشکرایە وروژاندن و ئارەزووەکانی سێکس لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە یەك ئاست ڕەت نابن، بەڵکو لە چەند ئاست و قۆناغێك پێکدێت، دوای قۆناغی وروژانـدنی سـەرەتایی، قۆنـاغی دووەم دەسـتپێدەکات، ئـەو قۆناغـە" ئـەو گۆڕانکارییە دەگرێتەوە کـەوا ڕوودەدەن. لـە ئەندامـەکانی زاوزێـی نێـرو مـێ ئەوانیش: ڕەپبوونی ئەندامی زاوزێ لـە نێـردا errection و گـەورە بـوون و دەردانی ماددەیەکی لینج لە ئەندامی زاوزێی مێـدا"[٨٥]، ئـەو قۆناغـەش لـە وروژاندن لە چەند دێڕێکی تری شیعرەکەدا بەرچاو دەکەوێت:

لە خوار ژووری ناوکەوە،
چەپۆکانی ئەسپێکی زۆر چەمووش و هار،
سمکۆڵانی گلاراوی،

---

٨٥) فسیۆلۆژی سێکس، شاخەوان حمە أمین سعید، گۆڤاری زنە، گۆڤارێکی پزیشکی گشتی یە خوێندکارانی کۆلیژی پزیشکی زانکۆی سلێمانی دەری دەکات، ژمارە ٢، ساڵی ٢٠٠٤، ل. ١٩.

چەخماخەدار،
هەتاکو بێ هەر زیاد ئەکا،
وا ئێستاکە حیلەی ئەسپم
کوڕژنەکەی تەواو بەرزەو
سەری ڕەپی بەحەواوەو
خەریکیشە پشتی سەری
بدا لەبەرایی سکم! ... ل. ١٠٠

لوتکەو ترۆپکی وروژاندن دەبێتە هۆی ڕەپبوونی ئەندامی نێرینەی کوڕەکە، هەروەکو لەمەوپێش ئەم حاڵەتە ڕوونکرایەوە،" فسیۆلۆژی ڕەپبوون errection بریتییە لە یەکەم گۆڕان کە ڕوودەدات لە ئەنجامی وروژاندنی سێکسییەوە، پلەی ڕەپبوون ڕاستەوانە دەگۆڕێت لەگەڵ پلەی بزواندن، جا ئایا ئەوە بزواندنێکی ڕاستەقینەی چووك بێت یان تەنها وروژاندنێکی لایەنی دەروونی بێت، وەك بیرکردنەوە لە سێکس. هەستە سێکسییەکان بەهۆی دەمارەکانەوە دەگەنە سەنتەرەکەی خۆیان لە دڕکە پەتك کە ئەمەش وەڵامدەدرێتەوە بە دەمار دەگوزرێنەوە بۆ ئەندامی زاوزێ، دەبێتە هۆی زیاد بوون و کشانی نیوەتیری خوێنبەرەکان بۆیە خوێن لە شانەکانی چووکدا کۆدەبێتەوە لە ژێر پەستانێکی زۆردا، شانەکانی چووك پێکهاتووە لە بۆشایی زۆر گەورە کە لە کاتی ئاساییدا خاڵین، بەڵام کە دەکشێن خوێنێکی زۆر لە خۆ

دەگرن بۆیە ڕەق و درێژ دەبن"[٨٦]، ئەندامی کوڕەکە ڕەپ بووە، شێوەی چادرێکی دروستکردووە، چونکە" جۆری وریاکەرەوەی سێکسی و بڕەکەی کە پێویستن بۆ ڕوودانی ڕەپبوون لە پیاوێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێن، هەروەها بە پێی تەمەنیش جیاوازن، بە زۆری هەرزەکارو لاوان بە دەست کێشەکانی ڕەپوونەوە نانالێنن، بە وریاکەرەوەیەکی ساکار یا بەبێ وریاکەرەوەش ڕەپبوون تیایاندا ڕوودەدات، بۆ نموونە لاوێکی تەندروست باش لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا لەوانەیە تەنها لە ڕێگای خەیاڵکردنەوە یا وریاکەرەوە سێکسییەکانی دیکەی نابەرکەوتنەوە ڕەپبوونی تیادا ڕووبدات"[٨٧]، ئەو کوڕەش کە لە دەقە شیعرەکەدا دەردەکەوێت، لە هەڕەتی گەنجیدایە، بۆیە وەك لە شیعرەکەدا دەردەکەوێت، ئەندامەکەی وەك ئەسپێك بەرز دەبێتەوە، واتە لەوپەڕی ڕەپ بووندایە، دواتریش هەر لە درێژەی شیعرەکەدا، قۆناغێکی سێکسی تر بەرچاودەکەوێت، کە بە ئۆرگازم دەناسرێت.

نۆزدەهەم: ئۆرگازمی ناکام:

لە ڕووی فیسیۆلۆجییەوە ئەوە سەلمێنراوە، کەوا لە دوای ئەنجامدانی کردەی سێکسی و گەیشتن بەوپەڕی وروژاندن، قۆناغێکی تر لە پڕۆسەکەدا دێتە ئاراوە، ئەویش بریتییە لەقۆناغی کۆتایی، کەوا بریتییە لە ئەوپەڕی وروژاندن و گەیشتن

٨٦) هەمان سەرچاوە، ل. ٢٠.

٨٧) فسیۆلۆژی ڕەپبوون، پەرچڤەی سەرهەند محەمەد، گۆڤاری زانستی سەردەم، ژمارە ٣٩،ساڵی ٩، تشرینی دووەمی ٢٠٠٢، خەزەلوەری ٢٧٠٨، ل. ١٤٨.

بە ئۆرگازم، ئەم قۆناغە پێی دەوترێت:" ئۆرگازم لوتکەی چێژ orgasm بریتییە لەوپەڕی خۆشی لە ئەنجامی کاری سێکسییەوە، کە هەریەکە لە نێرو مێ پێیدەگەن، هەموو ماسولکەکانی لەش توند دەبنەوەو ناوچەی حەوز دەستدەکات بە تەوژمدان کە هەموو (٠,٨) چرکەیەك دووبارە دەبێتەوە"[٨٨]، لەم قۆناغەدا لە لەشی ئەو کەسەدا" هەست بە خاوبوونەوەیەکی گشتی لەش دەکرێت Resolution لەم قۆناغەدا پیاوان توانای ڕەپ بوون و ئۆرگازم بۆ ماوەیەکی کاتی لە دەستدەدەن تەنانەت ئەگەر بزاوندێکی سێکسیش هەبێت Sexual Stimulation"[٨٩]، لەم حاڵەتەدا" خوێنبەرو گیرفانەکان لە چووکدا پاش گەیشتنە سەرگەرمی و ڕژاندن تەسك دەبنەوە، یا کاتێك کە وریاکردنەوەی جەستەیی و دەروونی دەوەستێت. خوێنهێنەرەکان دەکرێنەوەو خوێن لێڕۆیشتن لە چووکەوە زۆر دەبێت. ئیتر کۆتایی بە ڕەپبوونەکە دێت"[٩٠]، ئەم حاڵەتەش زۆر جوان لە چەند دێڕێکی تری شیعرەکەدا بەرجەستە کراوە:

چرکەساتێ و
ئاوێکی سارد ئەکرێ بەپشکۆی هەوەسداو
چزەیەکی درێژکۆڵەی لێهەڵئەستێ،
چرکەساتێ و
ڕەنگی ئاڵ ئەبێ بە ڕەنگی خۆڵەمێشی و

---

٨٨) فسیۆلۆژی سێکس، ل. ١٩.

٨٩) هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

٩٠) فسیۆلۆژی ڕەپبوون، ل. ١٥١.

پۆپنەی کەڵەشێر ئەکەوێ بەلایەکداو

ئاگرەکە ئەکوژێتەوە.

حیلە دائەمرکێتەوە.

هەناسە خاو ئەبێتەوە.

گلاراوی، جێگە بۆ ویقار چۆڵ ئەکاو

لە دوایشدا،

لە پەنجەرەی خەیاڵێکی شین باوەوە

وەکو هیچم نەبیستبێ و نەکردبێ،

بە ئەسپایی دەچمەدەرێ

من هێشتا هەر چاوەڕوانم ... ل. ١٠١

ساتی فڕێدانی تۆ (مەنی) و گەیشتن بە پلەی ئۆرگازم، بەو ئاگرە دەچوێندرێت کە بە ئاوێکی سارد دەکوژێنرێتەوە، ئەمە ئەو ساتەیە کە" هروژاندنی سێکسی زیاد دەکات، پیاوەکە دەگاتە چێژی سێکسی، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك گۆڕانی فسیۆلۆژی ڕوودەدەن، وەك خێرابوونی هەناسەدان، بەرزبوونەوەی زیاتری گونەکان و گەورەبوونیان و خاوبوونەوەیەکی ماسولکەیی سەراپاگیریش ڕوودەدات، لەوانەیە پەڵە یا سوربونەوە لەسەر هەندێك ئەندامی جیاوازی جەستەش ڕووبدات..."[٩١]، ئەویش کەوا خەونە خۆشەکەی دەڕەوێتەوەو ڕەنگی کاڵی جوان لە بەرچاوەکانی دەبێت بە خۆڵەمێشی، ڕەنگی خۆڵەمێشی ڕەنگێکی مردوو دەگەیەنێت، پۆپنەی کەڵەشێر کەوا ڕەنگی گۆڕاوە، ئەسپە خورتەکەش کە حیلەی نامێنێت و دادەمرکێتەوە، بریتین لە ئەندامی

---

٩١) هەمان سەرچاوە، ل. ١٤٦.

نێرینەی کوڕەکە، کەوا ڕەپ بوونەکەی دادەمرکێتەوە، دواتر بە پەرێشانییەوە لە زیندە خەونەکە دەگەڕێتەوەو چاوەڕێی گەڕانەوەی یارەکەی دەکات، بەڵام ئەو ئۆرگازمەی پێیی دەگات، ئۆرگازمێکی ناکامە، واتا ئەم خۆشییەی نییە کە بە سروشتی لەگەڵ ئافرەتێك جووت بێت، زۆر لە توێژەران پێیان وایە" خۆش ڕابواردن و ورووژاندنی دەماری، پاش تێپەڕبوونی خاڵی لوتکە، جۆرێك لە هەستی خەم لە دوای خۆیان بەجێدێڵن"[92]، بەڵام بە کامی دڵ گەیشتن بە لوتکەی ئۆرگازمی سێکسی بە لامانەوە ئارامی دەروونی دەبەخشێت، هەرچەندە " لە کاتی کردەی سێکسیدا پێویستە هەردوو لا مۆراڵێکی باشیان هەبێ، پەرێشانی ڕۆحی دەبێتە گیران و نا ئارامی ماسولکەکان"[93]، ئەمانە لە کاتی کردەی سێکسیدا نەك بە خەیاڵ و زیندەخەون، هەڵبەتە پاش ورووژاندنی سێکسی مێشك لە ڕێگای دەمارەکانەوە هەڵدەستێ بە هاندانی لێشاوی خوێن لەو خوێنبەرانەی کە لە کۆئەندامی نێرینەدا کۆبونەتەوە (penis) پڕ دەبن لە خوێن، لەناو شانە ئیسفنجییەکانی ناو ئەندامەکە وردە وردە دەئاوسێن و پڕ خوێن دەبن، پاشان خوێنبەرو خوێنهێنەرەکان زمانەی تایبەتییان هەیە بۆ ڕێگەگرتن لە گەڕانەوەی خوێن لە ئەندامی نێرینەدا، کەواتە بە گشتی ئەندامی نێرینە تا ڕادەیەك لە تەڕکردنی پارچە ئیسفنجێك دەچێت، پاش ئۆرگازم و دامرکانەوەی ورووژانی سێکسی، خوێن بەرە بەرە لە ئەندامی نێرینە دەکشێتەوەو وەك پێش توند بوونی لێدێت[94]، ئەم خاووبوونەوەی ئەندامی

---

٩٢) لاوازی سێکسی و هۆکارو چارەسەر، نووسینی دەستەیەك، وەرگێڕانی: شێرزاد موکریانی، چ. ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل. ٢٧.

٩٣) هەمان سەرچاوە، ل. ٤٦.

٩٤) بڕوانە: سێکس و دووسەد نهێنی، د. عادل حوسێن عەبدوڵڵا، چاپی پێنجەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٦، ل. ٢٢.

گەنجەکە لەم بەشەی شیعرەکەدا بەرچاو دەکەوێت وەك بەدەربڕینەکانی ئاوی ساردو کپبوونی حیلەی ئەسپ گوزارشتی لێکراوە.

بیستەم: خەم و بێ هودەیی:

دوای ئەوەی گەنجەکە بێئەوەی بگاتە جەستەی دەستگیرانەکەی، دەگاتە حالەتی ئۆرگازم، هەست بە پەرێشانی و نائارامی دەکات، هەڵبەتە لە کرداری سێکسیدا کاتێك کە جەستە خاوبووەوە مێشك مادەیەك دەرێژێت، ئارامی بە دەروون دەبەخشێت، بەڵام لەم جۆرەی گەیشتن بە پلەی ئۆرگازم هەست بە پەرێشانی دەروونی دەکرێت، چونکە جوتبوونێکی ئاسایی نییە، ئەمەش لە دوا دێڕەکانی دەقەکەدا بە ڕوونی دەرکەوتووە:

لە هۆڵەکەدا دانیشتووم

بەدەم وتنەوەی ژێر لێوی

گۆرانییەکەی " ئەی نارەوە و ئەی نارەوە"

سەر هەڵئەبڕم،

لە پڕێکدا،

دوای گرمەیەك، دەرگای حەمام ئەکرێتەوە،

لەگەڵ هورژمی هاڵاوێ،

بە سیمای پەمەییەوە،

بە بریقەی ڕوومەتەوە،

بە ڕۆبێکی سپی پشتێن بەرەڵڵاوە،

کە چمکێکی لە ئەرز ئەخشێ،

دەست گیرانم دێتە دەرێ،

لەم ساتەدا لەدڵی خۆمدا وا ئەڵێم:
خودایە کەی ئەوڕۆژە دێ
سانسۆر لەم ماڵەدا بمرێ و
بەم کەف و کوڵی جەستەوە،
لەگەڵ ئەودا...
بچمە ژووری حەمامەوە! ... ل. ١٠٢

لێرەدا هەموو خەون و خەیاڵەکانی گەنجەکە کۆتاییان دێت، ئەمەش یەکێکە لە سیفەتە هەرە باوەکانی ڕۆمانسییەت، هەروەکو شاعیر خۆی لە دیمانەیەکدا سەبارەت بە ڕۆمانسییەت دەڵێت:" لە ڕاستیدا ڕۆمانسیەت گەڕانەیەوە بۆ ناو ناخ، بۆ قوڵاییەکانی غەریزە (خود) یان زاتی مرۆڤ لە ڕۆمانسیەتدا یەکەمین خانەی بوون پێکدەهێنێ. ڕومانسییەکان هەمیشە لەگەڵ سروشتدا ئەو جمکەن کە جیابوونەوەیان بۆ نییە. گۆرانییە هێواشەکان ماچێك لەبەر مانگەشەودا، شەپۆڵە دەست لەملەکانی ڕووبارێ، دارستانێکی کپ و خوێندنەوەی شیعرێ، بێدەنگییەك لەناو تێڕامانێکی قوڵدا، مۆمێك و ڕووخساری دوو عاشق لەسەر مێزێك، ئاگرێکی نارنجی لە ئێوارەیەکدا کەسەرو ملی تۆو دڵدارەکەت لەبەریا نارنجی بنوێنن، بە کورتی هەموو ساتەوەختە ڕۆمانسییەکان ناسکن و لە خەوێکی خۆش یان لە سەمایەکی هێواشی نێوان دوو جەستەی تێکئاڵاو ئەچن"[٩٥]، هەر بەم هۆیەشەوە شاعیر ناونیشانی ڕۆمانسییەتی داوەتە پاڵ شیعرەکەیەوەو لەم ڕووەوە ناوەرۆك و ناونیشانەکە لەگەڵ یەکتریدا هاوتەریبن، هەروەکو لە شیکردنەوەی دەقەکەدا خرایە ڕوو.

---

٩٥) شێرکۆ بێکەس، گفتوگۆ، گۆڤاری ڕۆمانسی، گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی وەرزییە، ئا: جەبار سابیر، ژمارە (١)، بەهاری ٢٠٠٧ی زایینیی، ل. ٥.

تەوەرەی سێیەم

خستنە رووی شیعری (حەمام) لە رێی بۆچوونەکانی (سیگمۆند فرۆید)دا

بەهۆی بوونی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئەو دەقە شیعرەی سەرەوە، لەگەڵ دەروونی مرۆڤ، بە پێویستی دەزانین لە رێگەی پیشاندانی سێگۆشەیەکی تایبەتی سیگمۆند فرۆید دەقەکە شیبکەینەوە، بەڵکو زیاتر پەیامی لێکۆڵینەوەکە بە خوێنەر دەگات:

سێگۆشەی فرۆید:



دەقە شیعرەکە بەپێی سێگۆشەکەی فرۆید



وەك لە سێگۆشەکەدا دیارە، لایەنی سێکسی و (کچ) یش دەکەونە نەست، (من) منێکە هی کەسێکی گەورەیەو زەبت و ڕەبتی هەیە، نایەڵێت غەریزەو حەزەکان سەربکەن بەرەو منی باڵا، چونکە (من) لە شێوەی فلتەرێکدایە پارێزگاری لە (منی باڵا) دەکات، (من) ئەو سانسۆرەیە، کە ڕێگا نادات مرۆڤ ئاژەڵانە ڕەفتار بکات[٩٦]، واتە (منی باڵا) ئەو کوڕەیە، کە لەناو خێزانەکەدا ناسراوەو دەبینرێت، (من) ئەم سانسۆرە خودی و دەرەکییانەیە، کە لە ناخی کوڕەکەدا پەنگیان خواردۆتەوە، (ئەو) ئەو حەزە سێکسییە کپکراوانەن، کە کوڕەکە هەیەتی بەرانبەر کچەکە، بەڵام لەبەر ترسی (من)، کە سانسۆرە بەسەریەوە، ناچار دەبێت پەنابباتە بەر زیندەخەون، بۆ ئەوەی لەو کاتەدا سانسۆرەکە نەمێنێت و (ئەو) دزە بکات و حەزە خەفەکراوەکان بێنەوە جیهانی (منی باڵا)و بەو مەرامەی حەزەکان تێر بکرێن.

٩٦) بڕوانە: ڕەهەندی دەروونی لە شیعری لەتیف هەڵمەت دا، د. هاوژین صلیوە، ل. ٢٠٨.

تەوەرەی چوارەم

هاوسەنگی لە نێوان شیعری (حەمام)ی شێرکۆ بێکەس و شیعری (بیرم چوو ئاوی حەمامەکە بگرمەوەوە)ی قوبادی جەلیزادەدا :

لە بواری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا زاراوەی بەراوردی ئەدەبی زۆر بەرچاو دەکەوێت، لە سادەترین پێناسەی ئەم زاراوەیەدا دەتوانین بڵێین" بەراوردی ئەدەبی کردارێکە لە نێوان دوو دەقی ئەدەبی جیاواز ئەنجام دەدرێت، و دەشێت بگوترێت زانستی ئەدەبی بەراود لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەدەبە جیاوازەکان دەکۆڵێتەوە، کە بریتییە لە پەیوەندی (ڕاستەوخۆ، کاریگەری، لێکچوونە هاوبەشەکان) و ئەو کارانەی کە دەبنە هۆی بەرەو پێش چوونی ئەدەبی جیهانییەکان"[97]، بەڵام زۆرجار لە بەراوردی ئەدەبیدا بە مەرج دەگیرێت، ئەو دوو بەرهەمە ئەدەبییەی بەرامبەر یەکتری دەکرێن بە دوو زمانی جیاواز نووسرابن، ئەو دوو شاعیرەش کەوا لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین، " هەردووکیان کورد زمانن و لە زمان و نەتەوەو ژینگەی جیاواز نین، بۆمان نییە ئەم هەوڵە بە بەراوردی ئەدەبی ناوبنێین، بەڵکو بە کردارێکی تر دادەنرێت کە بە (هاوسەنگی ئەدەبی) ناودەبرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە نێوان قوتابخانەکانی ئەدەبی بەراوردکاریدا جێگەی بیروڕای جیاجیایە"[98]، کەواتە هاوسەنگی ئەدەبی بە

---

٩٧) وێنەی لێکچواندنی پایز لە شیعری (گۆران) و (قوبادی جەلیزادە) دا، هاوژین صلیوە عیسا، دەریا جەمال حەوێزی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٢٠، ٢٠١١ـ ٢٧١١ی کوردی، ل. ٥١.

٩٨) هەمان سەرچاوە، ل. ٥١، ٥٢.

ڕووبەڕوو کردنەوەی ئەم دەقە ئەدەبیانە دەگوترێ کە لە نێو زمانی نەتەوەیەکدا ئەنجام دەدرێت، بەراوردی ئەدەبیش، بەو ڕووبەڕووبوونەوەیە دەگوترێ کە لەنێو دوو دەقی زمانی جیاوازدا ئەنجامدەدرێت، هەڵبەتە ئەمەیان چەندان قوتابخانەی بەراودی هەیە کاری لەسەر دەکات لەوانە: قوتابخانەی بەراوردی فەڕەنسی، قوتابخانەی بەراوردی سۆشیالیستی، قوتابخانەی بەراوردی ئەمریکی... هتد.

شێرکۆ بێکەس لە مارتی ٢٠١٠ شیعرەکەی خۆی نووسیوەو لە ساڵی ٢٠١٣ لە دیوانی (خێراکە مردن خەریکە بگات) بڵاوی کردۆتەوە، قوبادی جەلیزادە لە دیوانی (چاکەتێك لە کۆنە دەکرِم) ساڵی ٢٠١٥ بڵاوی کردۆتەوە. ژن لە شیعری قوباددا جیهانێکی تایبەتی بە خۆی هەیە،" زۆرجار قوباد وەکو شاعیری ژن و جەستەی ژن دەناسرێت و ناودەبرێت، بەڵام یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بەداکۆکیکارێکی سەرسەختی ئازادی ژن و گەیشتن بەمافەکانیان دادەنرێت، چونکە قوباد پێیوایە تا ژنان ئازاد نەبن پیاوەکانیش هەست بەئاسوودەیی و ئازادی ناکەن، لەخەباتی ژندا قوباد پاڵپشتێکی سەرسەختەو هەموو کاتێك دووپاتی دەکاتەوە کە ئەو لەبەرەی ژندایە، نەوەکو پیاو لەو خەباتەی کە ژنان دەستیان داوەتێ بۆ ئازادی و ڕزگاری قوباد لەبەرەی ئەو خەباتە دایە"[٩٩] قوباد خۆی لەمبارەیەوە دەڵێ:" پەیوەندی من بە ژنەوە پەیوەندییەکی شۆڕشگێرانەیە نەك داگیرکەرانە، من پێشمەرگەم و ژن وڵاتێکی

٩٩) پێگەی ژن لە دیدی قوبادی جەلیزادەو نەزار قەبانییدا، د. ڕێزان ساڵح مەلوود، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣، ل. ١٧٩، ١٨٠.

داگیرکراوە، شەڕی من کە چەکەکەی شیعرو جوانییە، شەڕێکی مۆدێرن و حەزارییە لە پێناو ئازادکردنی ئەم نیشتمانە بن دەستە"[١٠٠]. ئەم وێنەیەی بۆ کچێك یان ژنێکیشی کێشاوە لەم دەقە شیعرەدا، لە زۆر خاڵدا لەگەڵ دەقەکەی شێرکۆ بێکەس هاوشێوە دەبینرێن، بۆیە بە پێویستمان زانی قسەی لەسەر بکەین.

لە توێژینەوەی کۆندا خەمی توێژەر ئەوەبوو، کە بزانێت شاعیری دووەم دەقی شاعیری یەکەمی خوێندۆتەوە یان نا؟ بۆ ئەوەی بیکاتە بەڵگەو توێژینەوەکەی ئەنجام بدات، وەلێ لە توێژینەوەی ئێستادا گرنگی بەو خاڵە نادرێ، یاخود توێژەر بەدوای ئەوەدا ناگەڕێ، بەڵکو بە دوای ئەوەدا دەگەڕێ، بیرۆکەی دوو دەقی ئەدەبی لێکنزیکەو خاڵی هاوبەشیان لە نێوان دا هەیە، ئیتر ئەوە بە ڕێکەوت بووە، یان دەقنووسی دووەم کاریگەربووە بە دەقنووسی یەکەم، گرنگ ئەوەیە دوو دەق لێکنزیکن مەودای توێژینەوەو قسەکردن بە توێژەر دەدەن.

---

١٠٠) قوبادی جەلی زادەو هێنانەوەی جەستە لە مەنفا، دیدار، گفتوگۆی تەڵعەت تاهیر، گ. گەلاوێژی نوێ، ژ. ٥، ساڵی یەکەم، ك. ٢، ١٩٩٨، ل. ١٥٧.

قوبادی جەلیزادە شیعرەکەی بە ناوی (بیرم چوو ئاوی حەمامەکە بگرمەوە)
یەو دەڵێت:

بەرەبەیان، بە بۆنخۆشترین شامپۆ، خۆم شت.
دانم بە بۆنخۆشترین مەعجون، پاك کردەوە.
ڕدێنم تاشی، بە بۆن خۆشترین قۆڵۆنیا،
ڕوومەت و چەناگەم، برژاندەوە.
دەیان جار کراس و پانتۆڵەکەم گۆڕی.
بن باڵم تەڕکردن بە موعەتتەڕ.
پێم وابو دێی!
دەیان جار تەمەشای دیارییەکەم کرد،
کە قوتوێکی بچکۆڵە بوو، ملوانکەیەك و
جووتێ گوارەو موستیلەیەکی زیوی تێدابوو.
عەصارەکەم داگیرساند،
چەند قۆخێکم تیا کوشی، دوو پەرداغم لێ پڕکردن.
بیرم چوو دەرگای سەلاجەکە داخەم.
بیرم چوو ئاوی حەمامەکە بگرمەوە.
نەعلەکەم لینگەوگۆڕ کردە پێم.
نەمزانی سیدی گۆرانییەکانم لەکوێ بە جێهێشت.
چەرخم لێ ببوو بە موبایل..ئەلوو..
هەموو ماڵەکەم بۆ موکێشەکە گەڕام.
ئاوێنە بچکۆڵەکەم لەدەست کەوتە خوارەوەو شکا..

قەڵەمێکم نەدیتەوە تا لەیەکەم لاپەڕەی کۆمەڵە شیعرەکەم بنووسم پێشکەشە بەتۆ.

چەند جارێ دەهاتمە سەر بالکۆنەکەو تەماشای ڕێگە دوورەکانم دەکرد.

هەموو ژنەکان دەبوون بەتۆ.

ڕەنگی هەموو ماشێنەکان، ڕەنگی ماشێنەکەی تۆیان گرتبوو.

درەخت و دار تێلەکان، دەست خەڵەتیان دام.

عەصارەکەم داگیرساند

دڵە خەمگینەکەم تیا کوشی

پەرداخێکم لێ پڕکرد لە خوێن.

دەزانم نایەی،

بەڵام من خۆم لە گێلی دەدەم!(١٠١)

ڕووی لێکچواندنی ئەم دووشیعرە لەم خاڵانە بەدیدەکرێ:

١- ناونیشانی شیعرەکەی شێرکۆ بێکەس بە ناوی (حەمام)ە، هی قوبادی جەلیزادە بە ناوی (بیرم چوو ئاوی حەمامەکە بگرمەوە)، هەردوو ناونیشان لەیەکەوە نزیکن.

٢- هەردوو شیعرەکە چاوەڕوانیان تێدایە، ئەوەی شێرکۆ بێکەس چاوەڕوانییەکە لە ماڵی دەست گیرانەکەیەتی، ئەوەی قوبادی جەلیزادە لە ماڵی خۆیەتی.

---

(١٠١) چاکەتێك لە کۆنە دەکرم، قوبادی جەلیزادە، چ١، چاپخانەی پیرەمێرد، ٢٠١٥، ل. ١١٤-١١٦.

٣- شێرکۆ بێکەس لە شیعرەکەدا باسی پرژاندنی بۆن بە سەر ڕیشی تاشراودا دەکات، هی قوبادیش هەمان شتی تێدایە ئەوەتا شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

...دوو کەرەت ڕای ئەوەشێنم و دەمی ئەکەمە ڕوخسارم و
چوار پێنج جارێ پژ...پژ...پژ
لە ڕوومەت و لە سمێڵ و لە لاجانگ و
لە لامل و ملیوانی کراسەکەی ئەپرژێنم،
هەندێ شوێنی ڕیشی تاشراو
بۆ ساتێ ئەچوزێنەوەو
چوزانەوەیان زۆر تیژەو
چاوێکم پێ ئەنوقێنن!...

٤- شێرکۆبێکەس باسی حالەتی دڵەڕاوکێی کوڕەکە دەکات، کە لە چاوەڕوانیدا جگەرەی داگیرساندووە، ئەوەتا دەڵێت:

...لەو ساتەدا
دەمم لەلای دەمی ئەوەو
پێی نازانم جگەرەیەك
سەرەو قنگ دائەگیرسێنم،
تووتن ئەچێتە دەممەوەو
بە زمانمەوە ئەنووسێ و
ئەوسا سەرێك بائەدەم و
خۆشم بەخۆم پێئەکەنم!...

لە شیعرەکەی قوبادی جەلیزادەش هەمان نیگەرانی لەلای کوڕی چاوەڕوان کراو دەبینرێ، کەوا تەواو شڵەژاوە، تەنانەت چەرخی لێبۆتە موبایل و نەعلەکانی لینگاوگۆڕ لە پێکردووە... هتد.

٥- خۆخەریك کردن بە ئاوێنە: شێرکۆ بێکەس باس لەوە دەکات کەوا گەنجەکە زۆر خۆی بەڕێکخستن خەریك دەکات ئەوەتا دەڵێت:

...ئەوا ئێستاش خۆم گۆڕیوەو
بەر ئاوێنەی دیوارەکە بەرنادەم و
لاجانگ درێژ...لە پەڕەی گوێش بەرەو خوارتر
جارێك لەسەر لا تەماشای خۆم ئەکەم و
جارێکی تر، ڕێك بەرامبەری ئەوەستم
ئەچمە پێشی و دێمە دواوەو
دەست ئەخەمە سەر کەمەرو
ئەمجارەیان بەتەنها هەر دەم و چاوم
لە ئاوێنەکە زۆر نزیك ئەخەمەوە...

ئەو کەسەی قوبادی جەلیزادەش باسی دەکا هەر خەریکی خۆ ڕێکخستنە، تاوەکو ئاوێنەکەی لێدەکەوێتە خوارەوە، هەروەکو لە شیعرەکەدا دەرکەوتووە.

٦- ئەو گەنجەی شێرکۆ بێکەس باسیکردووە، هەوڵیداوە لە ڕێی خەیاڵ و زیندەخەونەوە بگات بە جەستەی ئافرەتەکە، لە شیعرەکەی قوبادی جەلیزادەشدا دەگوترێت: (دەزانم نایەی، بەس من خۆم لەگێلی دەدەم)، واتا ئەو

کەسە بە خەیاڵ کەش و هەوایەکی بۆخۆی دروستکردووە، وەك بڵێی فیلێك لە خۆی دەکات بۆ ئەوەی لە ڕێی خەیاڵەوە وا هەست بکات کە ئافرەتەکە دێت.

٧- ئاکامی هەردوو دەقەکە بریتییە لە پەرێشانی و نەگەیشتنە بەو حەزوو ئارەزووەی کە نەخشەیان بۆ کێشابوو.

ڕووی جیاوازی هەردوو شیعرەکە:

١- شیعرەکەی شێرکۆبێکەس دوورو درێژە، ئەوەکەی قوباد چڕو کورتە.

٢- هی شێرکۆ بێکەس باس لەوە دەکات کە کوڕێك لە ماڵی دەستگیرانەکەی چاوەڕێی دیدار دەکات، کەچی ئەوەی قوبادی جەلیزادە کوڕێك لە ماڵی خۆی چاوەڕێی ئەوە دەکات ئافرەتێك سەردانی بکات، جگە لە چاوەڕوانییەکە باسەکان لە دوو ماڵی جیاوازن.

٣- ئەوەی شێرکۆ بێکەس باسی دەکا، کوڕو کچەکە زۆر لێك نزیکن، تەنانەت کوڕەکە لەو سەردانەدا کچەکەی بینیووە، بۆیە بە خەیاڵ حەزە سێکسییەکەی خاڵی دەکاتەوە، لای قوبادی جەلیزادە کوڕەکە هێشتا چاوەڕێیە بۆ ئەوەی ئافرەتەکە بێتە ماڵەکەیەوە، بەڵام هێشتا نەهاتووە، لەبەرئەوەی شیعرەکە چڕو کورتە خەیاڵەکانی ئەم کوڕە بە تەواوی نەخراوەتە ڕوو، هەڵبەتە چاوەڕێی کوڕەکە بۆ کچەکە ئەوەیە لێکنزیك ببنەوە ئیتر قۆناغەکانی تر پلەیەکی دواترن... هتد.

٤- شیعرەکەی قوباد ڕەنگ و ڕووی خۆی هەیە، واتا کاریگەرییەکە کوێرانەو دەروێشانە نییە، بەڵکو هەڵمژینی بیرو بەهرەی دەقێکەو ڕەنگدانەوەیە لە دەقێکی ترو خستنە ڕووی دەقێکی سەربەخۆیە.

هەڵبەتە بە خوێندنەوەی هەردوو دەقە شیعرەکە خوێنەر باشتر بابەتەکەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، بۆیە وا لە خوارەوە دووبارە تەواوی دەقی شیعرەکەی شێرکۆ بێکەس پیشاندەدەینەوەو خوێنەر دەتوانێت بەسەریەکەوە بیخوێنێتەوەو لەگەڵ ئەو شیعرەی قوبادی جەلیزادەدا بەراوردی بکات.

حەمام

شێرکۆ بێکەس

ژماردوومە پازدە ڕۆژە دەزگیرانی و
ئەڵقەی پەنجەی دەستی ڕاستمان
دوو ئەستێرەی زێڕینن و
جریوەیان زۆر تازەیە،
ئاوێنەی پێکەنینیشمان
چون ڕوومەت و چاوی گەشمان
بۆ یەکتر ئەبریسکێنەوە!
لە ناوەوەش ماخۆلان و هەوەسی جنس ژیلەمۆیەو
بای گەنجێتی لێی ئەدات و
گڕ ئەگرێت و لرفەی دێت و
بەردەوامیش
کوورەیەکی داگیرساوی
شەوانەیەو ڕۆژانەیە!
هەموو ڕۆژێ دوو سێ جارێ
بە بیانووی جۆراو جۆرەوە،
کە کەس بڕوایان پێناکا،

دێمە ماڵتان!
ئەوا ئێستاش خۆم گۆڕیوەو
بەر ئاوێنەی دیوارەکە بەرنادەم و
لاجانـــگ درێـــژ..لە پەڕەی گـــوێش بەرەو خوارتر
جارێك لەسەر لا تەماشای خۆم ئەکەم و
جارێکی تر، ڕێك بەرامبەری ئەوەستم
ئەچمە پێشی و دێمە دواوەو
دەست ئەخەمە سەر کەمەرو
ئەمجارەیان بەتەنها هەر دەم و چاوم
لە ئاوێنەکە زۆر نزیك ئەخەمەوە
لەولای لێومەوە زیپکەیەك بەدی ئەکەم
زۆر بچوکە، بەڵام ئەبێ بەمەراق و
خۆم لە دڵما گەورەی ئەکەم.
لە پڕ بەبیرم دێتەوە: نیو قولانجێ
پاژنەی پێمی بۆ هەڵئەبڕم، لەسەر ڕەفەی
گەچینـــی ژوور، شووشـــە بـــۆنی ســـەر نەکراوەی
مارکەی" پاریس" دائەگرم و کڵاوەکەی با ئەدەم و
ئەکرێتەوە و ئەمسەر ئەوسەر،
دوو کەڕەت ڕای ئەوەشـــــێنم و دەمـــــی ئەکەمە ڕوخسارم و
چوار پێنج جارێ پژ...پژ..پژ

لە ڕوومەت و لە سمێڵ و لە لاجانگ و
لە لامل و ملیوانی کراسەکەی ئەپرژێنم،
هەندێ شوێنی ڕیشی تاشراو
بۆ ساتێ ئەچوزێنەوەو
چوزانەوەیان زۆر تیژەو
چاوێکم پێ ئەنوقێنن!
ئەوسا ئیتر ئەچمە دواوەو قۆپچەی چاکەت دائەخەم و
ئێجگار دڵم بە خۆم خۆشەو
هەر خۆیشم خۆم هەڵئەکێشم
بەڕاستی تەواو گۆڕاوم و
بووم بە " ئازاد" ێکی ترو
بەقەد"ڕۆك هدسن" قۆزم و
تۆش"جنیڤەر جۆنز"ی خۆمیت،
ئەوەتا وا
"کافێ"یەکەم حەرفی ناوە جوانەکەشتم
خستۆتە ناو دڵێکەوەو
داومە لەیەخەی چاکەتم!
وا ئەمجارەش قاچ لەسەر قاچ
لە هۆڵەکەدا دانیشتووم
قۆندرەی باتەی قاوەیی
پێش هاتنم بۆیاخکراو
گەردێ چییە پێوەی نییەو
لەسەر تاکی هەڵبڕاویان

کە لە چەرمی بە بریسکەی ورد ئەبمەوە،
نیوەی دەم و چاوم دیارەو
ئاوێنەیە!
قژی ڕەش و پڕی چەند جار شانە شکێن،
هێشتا کزرەو بۆ پشتەوە داهاتووە،
" لەم ساتەدا تەپڵی سەرم
خورووی‌ەکی زۆر نەگریسی تێئەکەوێ،
هەرچۆنێك بێ، خۆم ڕائەگرم، نایخورێنم
بۆ ئەوەی قژم تێکنەچێ "!
کراس تازە ئوتووکراو
بەحاڵ بۆنی دواى ئوتووەکەی هێشتا لێدێ
خەتی پانتۆڵ دەمی تیژەو بە شاقولی،
تا پشتی پێ، ڕێك ڕاوەستاو
درەلنگی لە خوارەوە پان و پۆڕەو
دوو ئەوەندەی سەرو پوز و لای ڕان ئەبێ،
چاکەتی قات، دوو قڵیشەو
هەندێ جاریش لەسەر کورسی
چایخانەکان
چمکیان لە درزێ گیرئەبێ،
لە خۆمەوە
زوو زوو دەست ئەبەم بۆ ملم،
بێ ئەوەی شل بووبێتەوە،
بۆینباخ توند ئەکەمەوە!
هیچ نەبووەو لە خۆمەوە شڵەژاوم

پـــاکەتی درێژی"ســـۆمەر" لە گیرفـــانم دەرئەهێنم
"قیسارە" کەی لە ناو خەیاڵدا ئەژەنم،
لەو ساتەدا
- دەمم لەلای دەمی ئەوەو -
پێی نازانم جگەرەیەك
سەرەو قنگ دائەگیرسێنم،
تووتن ئەچێتە دەممەوەو
بە زمانمەوە ئەنووسێ و
ئەوسا سەرێك بائەدەم و
خۆشم بەخۆم پێئەکەنم!
لەسەر تەپڵەکی تەنیشتم
دەست ئەدەمە گۆڤارێك و ئەیکەمەوە،
"مارلین مۆرۆ"دەرئەکەوێ
"با"یەك کراسە سپییەکەی،
بەرەو ژوور هەڵداوەتەوەو
ئەویش ئەیەوێ بە دوو دەست
کراسی هەڵفڕیو بگرێ،
گۆڤار لە چاوم نزیکتر ئەخەمەوە
بەشکو سەرو تر ببینم!
ئەوسا تفێك قوت ئەدەم و
لە جێی خۆی دائەنێمەوە!
لە ڕادیۆی ماڵێکی دووری گەڕەکەوە
لەسەر باسکەکانی هەوا

وەك هەورازو نشێو بكا،
جارێ بەرزو جارێ نزم
دەنگی سۆزی شەماڵ سائیب
" ئەرێ لەیلێ "
سەربانەو سەربان ڕێ ئەکاو
لەگەڵ حەزێکی فێنکدا
ئەگاتە گوێ،
لەملاشەوە
بۆنی ئاوڕشێنی نزیك
لەسەر گڵە سووری حەوشە،
تێکەڵ بە گۆرانی ئەبێ و
کونە لووتم
مشەمشی بۆنی خۆشی تێ ئەکەوێ
لەم ساتەدا من دەنگ و بۆنی دڵداری
بەیەکەوە هەڵئەمژم!
لە پەنجەرەوە تیلماسکێ
لە هەتاوی گەنج هاتۆتە
باوەشمەوەو
لەبەر ئەودا، ڕەنگی شینی پانتۆڵەکەم
گەلێ جوانتر دەر ئەکەوێ!
کە دەست ئەدەم لەناوچەوان و ڕوومەتم
گەرم گەرم
وا هەست ئەکەم
گڕی مۆمێ لەناو خوێنما بەهێواشی

دەسووتێت و
بەرە بەرە پلەی گەرمام سەرئەکەوێ!،
من ئێستاکە دڵم بەقەد دڵی سێوی
سەر لقی باخەکە خۆشە
ئەڵێی شەربەیەکی تازەم،
قاقام پڕەو پێکەنینم لێ ئەڕژێ!
حەزو ئارەزووم غوبابەو
کەڵە شێری ئەم تەمەنەم
وەخت و ناوەختی بۆنییەو
هەر ئەخوێنێ
خێرا خێراش
ئەڵقەی پەنجە با ئەدەم و
قاچی سەر قاچ، ئەلەرزێنم
دایکیشت وا بەرامبەرمەو
لە سەر بەڕەی نەخش و نیگار
درشت و زەق،
بەڕەیەکی زیاد لە پێویست درێژکۆڵە،
بە چوار مەشقی دانیشتووەو
کراسێکی گوڵ باتمانی لەبەردایەو
قۆڵەکانی هەڵکردووەو
جلی شۆراو قەد ئەکات و
بە دەنگێکی تۆزێ بەرزیش
- وەك بۆ یەکێکی گوێگران قسە بکا -
باسی گوڵزاری کچێنی

خۆیم بۆ ئەگێڕتەوەو
چاویشی هەر لەسەر جلە
"بەسەزمانە وائەزانێ گوێم لێگرتووە،
بەڵام نە سەرو نە دڵ و نە گوێچکەشم،
لای ئەو نییەو
خەیاڵم هەر لەلای تۆیە"
تۆش لەو سەری ڕاڕەوێکی
نیوە ڕووناکی تەنکەوە،
پشت لە منی و چاوم لێیە
بە ڕۆبێکی پشتێن بەربووی سپییەوە
- ڕۆبەکە کەمێ سپی تر لەپاو پووز-
وا خەریکە دەسکی دەرگاکە بگریت و
بچیتە ناو حەمامەوە.
ئیتر ئەبێ وەکو کراسی داکەنراو
تا ئەو وەختەی تەواو ئەبێ، چاوەڕوان بم!
لەم ساتەدا
ئەبم بەگلۆپی سفرو
کزۆلەم و ئەڵێی خاولی بەجێماوم
زەوقم گڕەو بۆشم نییەو قەدەغەیە
لەگەڵا تۆدا بچمە ژووری حەمامەوە،
لەو دیوەوە تۆ سورگی دەرگات ڕاکێشاو
وا ئێستاکە
لە مابێنی درەوشی چاوی دایکت و
چەند دەرگایەکی پاسەوان،

چەند دیوارێکی زاڵم و
خوشك و برای گزگڵ گزگڵ،
چاوزیت چاوزیت، سەرزل سەرزل،
ژمارە پێنج، ژمارە شەش، ژمارە حەوت،
کەل و پەل و سانسۆری ماڵ،
هەر هەموویان بە دەستە دارینەکەیان،
بە دەستە بەردینەکەیان،
هەردوو چاویان توند توند گرتووم
ئەڵێی تەلبەندی دڕکاوین.
ڕێگەی حەمامیان لێ بەستووم،
لە حەمام دایت و ناتوانم بیمە ژوورێ.
قەدەغەیە من بەڕووتی تۆ ببینم!
من نازانم ئەمە ماڵە،
یان خانی کاروان سەرایە؟!
من نازانم ئاخر ئەم ماڵە جەنجاڵە،
کەی چۆڵ ئەبێ؟
ئەو ڕاڕەوەو، ئەو ژوورانەو، ئەو حەوشەیە،
لە سوچێکدا لە ژێر پلیکانەو دارێکدا،
لە گۆشەی سەر تەنوورێکدا
کەی دەست بازی و ماچێك و باوەشێکم
لای خۆیان بۆ ئەکەنەوە؟!
داڵدەی ئەم هەوەسە گەنجەم،
کەی پێ ئەدەن؟
من نازانم!

زەردە زیڕەو سەرە مێکوتەی منداڵان
چ وەخت ئەڕۆن؟! چ وەخت ئەنوون؟!
ئەم هەمو میوانە زۆرە،
کوللەو سوننە زەردو سوورە،
کەی دەست لە قرتەقرتی خواردنی
گوڵە بەڕۆژە هەڵئەگرن؟! ماڵیان هەیە؟!
کەی هەڵئەستن؟! ئەڕۆنەوە؟!
ئاخر من کەیی و لە کوێوە
قومێ دوو قووم، لەو ناو دەمە بخۆمەوە؟!
من نازانم هەموو جارێ لەم سەرەوە،
بە خەیاڵی چەند دەرفەتی ڕەنگاو ڕەنگی
دەست گوشین و مەم گوشین و ڕان گوشین و
ماچ و مووچەوە، خۆم ئەکەم بەم ماڵەداو
بەڵام لەوسەر درەنگانێ
کە هەڵئەستم، لۆژ لۆژ لەگەڵ
دوو دەستی زۆر نا ئومێدو
لچێکی شۆڕو باوەشێ
پڕ لە هەوەسی ڕووخاو و...کوژراودا
ئەگەڕێمەوە بۆ ماڵێ!
من ئێستاکە لەم دیوەوە،
ئارەزوویەکی پڕحیلەو
شەهوەتێکی داگیرساوی پەل و پۆداری
بێ ئۆقرەم،

ماخۆلانێکی بێ ده‌نگـم، له گێژه‌نێکـی قـوڵ ئه‌چم،
که لوول ئه‌خوا،
له عه‌زره‌تا هه‌ر سمێڵ و لێو ئه‌جووم و
ده‌مێ هێواش... ده‌مێ خێرا،
به‌ناو هۆڵدا دێم و ئه‌چم،
وه‌ك به‌لوعه‌ی ئاو لێ بڕاو،
قرخه قرخکه‌ر،
یان پرته پرتی چرایه‌ك،
له‌به‌ر خۆمه‌وه بۆڵه‌م دێ.
نه‌که‌وتووم و نه خۆڵاوه‌ی بووم و نه‌هیچ،
که‌چی زوو زوو به‌هه‌ردوو ده‌ست،
به‌رسینگی خۆم ئه‌ته‌کێنم
له دوایشداو له پڕێکدا،
له‌به‌رده‌می وێنه‌یه‌کی هه‌ڵواسراوتا
ڕائه‌وه‌ستم، ڕائه‌مێنم... ڕائه‌مێنم
وێنه چوارچێوه‌ی لائه‌داو
وێـــنه هه‌مـــو جله‌کـــانی پـــارچه پـــارچه دائه‌که‌نێ و
وێنه هه‌نگاو هه‌ڵئه‌هێنێ و
دێته ده‌رێ و
ته‌نهاو ته‌نها،
به‌یه‌ك ده‌رپێیـــی گـــوڵی چه‌ســـپی ســـوور باوه‌وه،

لەبەردەمما ڕائەوەستێ!
لەناکاوێ یەکیان دێتە هۆڵەکەوە،
منیش دووسێ جار ئەکۆکم،
تۆش جل لەبەر ئەکەیتەوە،
بە پەلە پەل ئەچیتەوە ناوچوارچێوە!
حیلە زۆرم بۆئەهێنێ
یاڵ ڕەپ ئەبێ،
گڕی شەهوەت، بڵێسەیەکی ئاگرەو
تێم بەرئەبێ!
ئەوسا ئیتر
چاوەکانم ئەنوقێنم،
لە پەنجەرەی خەیاڵێکی سوور باوەوە،
بەبێ خشپە، وەك بڵێسەیەکی بێدەنگ و
یا سکڵێکی زۆر گەشاوە،
بەدەرپێیەکی ڕەشەوە،
دێمە ژووری حەمامەوە
ئێستا بە تەنها چاوی خواو
چاوەکانم وا بەڕووتی، ڕووت و قوتیی
لە حەمامدا تۆ ئەبینن؟!
بەژنێکی بەرز، ئەڵێی نووری سپی و تەڕە،
ئەوەتا وا بە پێوەیەو سەرتاپاشی
هـــاڵاوێکی زۆر تەنکـــی ئەفســـوناویی
لێهەڵئەستێ،
پرچی زەردی نووساوە بەشان و ملییەوە،

خاڵی پەپوولەیی سەر سنگ،
کەفێك بووە بەدەوەنی و
باڵی جووتەو وەك حەزبکا هەر لەوێ بێ و
ئیتر نەفڕێ!
لەپاش تۆزێ،
هەردوو باسکە نەرم و نۆڵ و سپیەکانی
بۆلای سەری بچکۆڵانەی هەڵئەپڕێت و
بەهێواشی...زۆر هێواشی،
هەردوو مەمی گوڵ بەدەمی،
قنج و قوتی خۆی ئەگلۆفێ
لەوساتەداو لەتاواندا، دەستەکانم
واخەریکن شێت ئەبن و
پەنجەکانم واخەریکن یاخی ببن و
لە عەزرەتا هەردوو مەچەك جێبێڵن و
بەرەو بناری مەم بفڕن!
ئای خودایە، چی نابینم؟!
لەناکاوێ جامە ئاوێ،
بەسێ چوار جار تۆپەڵە کەفی سەر مەمك،
سەر کەفەڵ و سەر ناوك و سەر بانەگا،
بەرەو بەرپێ ڕائەماڵن.
ئیتر هەرچی هێڵی سنگ و ڕان و
قەوسی سمت و خەت و خاڵی قۆڵ و باسك و

تــوکە بەری نەرم و نــۆڵی، تــۆزێ لــوولی بەبریسکەی
دەوروبەری سێگۆشــەکەی کـانی حەیـاتی نێوانی
شلەی ڕانی، ڕوون ئەبنەوەو دەرئەکەون!
سێگۆشەیەك سەربەرەو خوار،
سێگۆشەیەکی ئەزەلی،
تەلیسمێکی بەرجەستەی خوا.
سێگۆشــەیەك هەرچــی گۆشــەی جـوانی "بوون"ە
لە درزێکی ناوەڕاستا جێی بۆتەوەو
لەوێشەوە ئەم ژیانە،
هەڵدەقوڵێت و هەڵدەقوڵێ
سێگۆشەیەك سەربەرەو خوار،
کە بە ڕووتی تەماشای پیاو کەوتە ناوی
ئیتر بینین گڕئەگرێت و ئەسووتێت و
لەدوای سووتان، خۆڵە مێشی ژیلەمۆیەك
لەناو لەشیا بەجێ دێڵێ!
من ئێستاکە...گۆشتی ئاگر،
ستوونەکەی ناوەڕاست و خوار ناوکم،
ڕاست بۆتەوەو سوور بۆتەوەو
دەرپێی کردووە بە چادر!
تەقەی جام و خورەخوڕی ئاو لەولاوە،
لە خوار ژووری ناوکەوە،

چەپۆکانی ئەسپێکی زۆر چەمووش و هار،
سمکۆڵانی گلاراوی،
چەخماخەدار،
هەتاکو بێ هەر زیاد ئەکا،
وا ئێستاکە حیلەی ئەسپم
کوڕژنەکەی تەواو بەرزەو
سەری ڕەپی بەحەواوەو
خەریکیشە پشتی سەری
بدا لەبەرایی سکم!
چرکەساتێ و
ئاوێکی سارد ئەکرێ بەپشکۆی هەوەسداو
چزەیەکی درێژکۆڵەی لێهەڵئەستێ،
چرکەساتێ و
ڕەنگی ئاڵ ئەبێ بەڕەنگی خۆڵەمێشی و
پۆپنەی کەڵەشێر ئەکەوێ بەلایەکداو
ئاگرەکە ئەکوژێتەوە.
حیلە دائەمرکێتەوە.
هەناسە خاو ئەبێتەوە.
گلاراوی، جێگە بۆ ویقار چۆڵ ئەکاو
لە دوایشدا،
لە پەنجەرەی خەیاڵێکی شین باوەوە
وەکو هیچم نەبیستبێ و نەکردبێ،
بە ئەسپایی دەچمەدەرێ
من هێشتا هەر چاوەڕوانم

لە هۆڵەکەدا دەنیشتووم
بەدەم وتنەوەی ژێر لێوی
گۆرانییەکەی " ئەی نارەوە و ئەی نارەوە"
سەر هەڵئەبڕم،
لە پڕێکدا،
دوای گرمەیەك، دەرگای حەمام ئەکرێتەوە،
لەگەڵ هورژمی هاڵاوێ،
بە سیمای پەمەییەوە،
بە بریقەی ڕوومەتەوە،
بە ڕۆبێکی سپی پشتێن بەڕەڵڵاوە،
کە چمکێکی لە ئەرز ئەخشێ،
دەست گیرانم دێتە دەرێ،
لەم ساتەدا لەدڵی خۆمدا وا ئەڵێم:
خودایە کەی ئەوڕۆژە دێ
سانسۆر لەمماڵەدا بمرێ و
بەم کەف و کوڵی جەستەوە،
لەگەڵ ئەودا...
بچمە ژووری حەمامەوە!

ئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا چەند ئەنجامێك بەدەستهاتوون، کەوا گرنگترینییان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورتدەکەینەوە:

١- سێکس و ئیرۆتیك پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە بابەتە ئەدەبییەکانەوە هەیە، حەزە کپت بووەکانیش لە ڕێی خەون و خەیاڵ و بابەتە ئەدەبییەکانەوە بەتاڵ دەبنەوە، چ بەئاگایی چ لە بێ ئاگایی لە نەستەوە دزە دەکەنە نێو بابەتە ئەدەبییەکان.

٢- ئیرۆتیك پەیوەندییەکی زۆری بە ڕۆمانسییەتەوە هەیە، چونکە ڕۆمانسییەکان گرنگی بە خەون و خەیاڵ و لایەنی سۆزو نەست دەدەن، ئەم بابەتانەش ئیرۆتیك و حەزە کپت بووەکانیان لێدەچۆڕێتەوە.

٣- ئیرۆتیك جیادەکرێتەوە لەو جۆرە شیعرەی کەوا بە داشۆرین ناودەبرێت، چونکە مەبەست لە داشۆرین تەنها شکاندن و بە کەم سەیرکردنی کەسی بەرامبەرە، بەڵام مەبەست لە ئیرۆتیك چێژوەرگرتن و خۆشی بەخشینەو...

٤- شێرکۆ بێکەس لەم دەقەدا کارێکی زۆری لەسەر یادەوەری خۆی کردووە، لە ڕێی ئەم کوڕو کچەوە سەردەمی گەنجێتی خۆی هێناوەتەوە بیرو حەزە کپتبووەکانی خۆی لەم شیعرەدا دارِشتۆتەوە، هەر لە دیمەنیماڵی کوڕەکەو دەرەوەو ناوەوەی ماڵی دەستگیرانەکەی و ناو حەمام و شوێنەکانی تر، کەوا هەموویان هی سەردەمی گەنجی شاعیرن.

٥- لەم دەقەدا لە زۆر شوێن پەنا دەبرێتە بەر خەیاڵ و زیندە خەون، ئەویش لەبەرئەوەیە کە ئەم گەنجە نەیتوانیووە لە واقیعدا بەو ئامانجانە بگات، بۆیە لەڕێی خەون و خەیاڵ و زیندە خەونەوە حەزەکانی خۆی تێر دەکات.

سەرچاوەکان

أ. قورئانی پیرۆز.

کتێب

ب. بە زمانی کوردی:

١. ئافرەت لە فێمینیستی شیعرەکانی عەبدوللا پەشێودا، ناسیح حوسێن سلێمان، عەبدوڵڵا پەشێو شاعیرێك لە ڕەگەزی سەربزێوی، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی زیاد نادر عالڵلایی، لە بڵاوکراوەکانی خانەی ئەربیل بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣.

٢. ئافرەت لە چیرۆکی کوردی دا ١٩٢٥ــ ١٩٧٠، صەباحی غالب، کۆماری عێراق، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، دار الحرية للطباعة، بەغداد، ١٩٧٩.

٣. ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، دکتۆرە شوکریە رسول، مطابع تعليم العالي، أربيل، ١٩٨٩.

٤. ئیرۆتیك لە شیعری نالیدا، زانا خەلیل، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

٥. پێگەی ژن لە دیدی قوبادی جەلیزادەو نەزار قەبباني‌یدا، د. ریژان سالح مەلوود، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.

٦. بزووتنەوەی ڕوانگەو شیعری نوێی کوردی، شادمان قادر حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٥.

٧. تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، نووسینی بورهان محمد أمین، پێداچوونەوەی لیژنەیەك، له بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ڕۆشنبیر، سلێمانی ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٤.
٨. جیهانبینی شیعری هاوچەرخی کوردی (کرمانجی ناوەڕاست) لە باشووری کوردستاندا، د. دەریا جەمال حەویز حەویزی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ژمارە (٢٦٨)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.
٩. چاکەتێك له کۆنه دەکرم(شیعر)، قوبادی جەلیزادە، چ١، چاپخانەی پیرەمێرد، ٢٠١٥.
١٠. دەروونزانی گشتی، هانی سلێمان، و. ئامانج محەمەد، چ.٣، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١١.
١١. ژن له فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوادا، سۆزان مۆلێر ئۆکین، ئامادەکردنی و وەرگێڕانی بۆ فارسی نووری زادە، وەرگێڕانی ڕەسوڵ سوڵتانی، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨.
١٢. ڕەهەندی خەون له شیعری کوردیدا، فازیل شەوڕۆ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.
١٣. ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، د. هاوژین صلیوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ. ١، هەولێر، ٢٠١٣.
١٤. ڕوخساری ڕووتی ئافرەتی عەرەب، نەوال سەعداوی، وەرگێڕان زەروان، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.
١٥. ڕووتەمەنی له ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا، پێشڕەوی سەید برایم، ٢٠٠٨.
١٦. ڕێبازە ئەدەبییەکان، وەرگێڕان و توێژینەوەی فەرهاد پیربال، دەزگای وەرگێڕان، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٧. سایکۆلۆژیای گەشە (منداڵ و هەرزەکار)، د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، چ. ١، ٢٠٠٩.
١٨. سایکۆلۆژیای گشتی، د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، چاپخانەی حاجی هاشم، چ.٢، هەولێر، ٢٠٠٧.
١٩. سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، لە ڕوانگەی پێوەرە ئاکاری و ئاینییەکانەوە (شیعری کوردی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە) بە نموونە، د. ئازاد عەبدلواحید کەریم، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەلایەتی کەرکوك، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، چ.٢، ٢٠١٣.
٢٠. سێکس و دووسەد نهێنی، د. عادل حوسێن عەبدوڵڵا، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، چ. ٥، ٢٠٠٦.
٢١. گێڕانەوە لە چیڕۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا، د. پەری ساڵح موفتی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢.
٢٢. قوتابخانە ئەدەبییەکان، ڕەزا سەید حسێنی، و. حەمە کەریم عارف، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦.
٢٣. قۆناغی پێش ڕۆمانسیزمی شیعری کوردی ١٨٥١-١٩٢١، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی مێژووییە، ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتیی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٦.
٢٤. لاوازی سێکسی و هۆکارو چارەسەر، نووسینی دەستەیەك، وەرگێڕانی: شێرزاد موکریانی، چ.١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٢٥. نەخۆشی گرفتە دەروونی و کۆمەلایەتییەکان، د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، چاپخانەی پەیوەند، چ.٢، سلێمانی،٢٠١٠.

٢٦. هونەری شیعر (شیعر ناسی)، ئەرەستۆ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پێشەکی و پەراوێزی عەزیز گەردی، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٢٧. یاقووت و زمڕووتی کوردیی، دکتۆر حوسێن موحەمەد عەزیز، بەرگی چوارەم، چاپی یەکەم، کوردستان، سلێمانی، ٢٠١١.

گۆڤار:-

١. ئافرەت و جوانی لە شیعری گۆراندا، کەمال مەمەند، گۆڤاری نووسەری کورد، گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد، ژمارە ١، ئەیاری ١٩٧٩، ل. ١٠، ١١.
٢. قوبادی جەلی زادەو هێنانەوەی جەستە لە مەنفا، دیدار، گفتوگۆی تەڵعەت تاهیر، گ. گەلاوێژی نوێ، ژ. ٥، ساڵی یەکەم، ك. ٢، ١٩٩٨، ل. ١٥٧.
٣. خەونە سێکسییەکان، د. فەوزیە دریع، گۆڤاری زانستی سەردەم، ژمارە ٣٩، ل. ٣٣.
٤. سوودەکانی ماچ لە نێوان هاوسەرەکاندا، ناسیح سەوابی، گۆڤاری خود، یەکەمین گۆڤاری سیکسۆلۆژییە لە ڕوانگەی ئایینی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە، هەموو پانزەی مانگێك دەردەچێت، ژمارە ٥، ئەیلولی ٢٠١٠، ل. ٣٦.
٥. سێکس لە مرۆڤدا (١-٥)، پەرچڤەی دانا محەمەد، گۆڤاری زانستی سەردەم، گۆڤارێکی زانستی گشتی وەرزییە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەری دەکات، ژمارە ٣٣، ل. ١٥٥.
٦. سێکس لە مرۆڤدا ٢-٢، پەرچڤەی دانا قەرەداخی، گۆڤاری زانستی سەردەم، ژمارە ٣٤، ساڵی ٩، مایسی ٢٠٠٨، گولانی ٢٧٠٨ی کوردی، ١٢٧.

٧. سێکس و پیری و گۆشەگیری لە شیعرەکانی هێمندا (١٩٦٨- ١٩٨٦ ز)، د. فەرهاد قادر کریم، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، گۆڤارێکی ئەکادیمیيە زانکۆی کۆیە دەری دەکات، ژمارە ٢٣، حوزەیران، ٢٠١٢، ل. ١١٨.

٨. شێرکۆ بێکەس، گفتوگۆ، گۆڤاری رۆمانسی، گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی وەرزییە، ئا: جەبار سابیر، ژ.١، بەهاری ٢٠٠٧ی زایینی، ل. ٥.

٩. فسیۆلۆژی ڕەپبوون، پەرچڤەی سەرهەند محەمەد، گۆڤاری زانستی سەردەم، ژمارە ٣٩، ساڵی ٩، تشرینی دووەمی ٢٠٠٢، خەزەلوەری ٢٧٠٨، ل. ١٤٦.

١٠. فسیۆلۆژی سێکس، شاخەوان حمە أمین سعید، گۆڤاری زنە، گۆڤارێکی پزیشکی گشتی یە خوێندکارانی کۆلیژی پزیشکی زانکۆی سلێمانی دەری دەکات، ژمارە ٢، ساڵی ٢٠٠٤، ل. ١٩.

١١. قەیرانی ڕووبەری سێکس لە پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکاندا، نەوزاد ئەحمەد حسین، گۆڤاری ئاینده، گۆڤاری ئەدەب و هونەری هاوچەرخە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەریدەکات، ژمارە ٣٠ ئاداری ٢٠٠٢، ل. ٣٦.

١٢. وێنەی لێکچواندنی پایز لە شیعری (گۆران) و (قوبادی جەلیزادە) دا، هاوژین صلیوە عیسا، دەریا جەمال حەوێزی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٢٠، ٢٠١١ـ ٢٧١١ی کوردی، ل. ٤٦- ٨٣.

أ. بەزمانی عەرەبی:

١. الألوان، (دورها، تصنيفها، مصادرها، رمزيتها، و دلالاتها)، كلود عبيد، نقيبة الفنانين التشكيليين في لبنان، مراجعة و تقديم د. محمد حمود، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، ٢٠١٣م.

٢. الوسيط في شرح قانون الأحوال الشخصية العراقي رقم ١٨٨ لسنة ١٩٥٩ و تعديلاته، (عقد الزواج، و الفرقة و آثارها، و حقوق الأقارب)، طبع على نفقة جامعة السليمانية، جامعة السليمانية، ٢٠٠٤.

٣. بنيات السردية، اندرى بريتون، ترجمة صلاح برمدا، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي،دمشق، ١٩٧٨.

٤. الكاماسوترا Kama Sutra علم الجنس الهندي، هو كتاب قديم وجد في الهند، يعتبر أول كتاب في التأريخ عن طرق ممارسة الحب (الجنس)، تأليف: Vatsayayana، نسخة عربية منقحة، كاستون فاتول، تقديم كلود دوزون، مكتبة قميصي نت للكتب المجانية .http://www.qassimy.com/book

پ. بەزمانی ئینگلیزی:ـ

1. Grand,L., Laws and Attitudes towaedes towards Homosexuality
2. from Antiquity to the modern Era ponte 43:4-5 (1987).
3. The Symposium, in Benjamin Jowett trans, The Essential plato 1999.
4. http:en.wikipedia.org/wiki/pornography
5. http: dictionary.reference.com/browse/erotics
6. Andrea Dworkin.(n.d).Brainy Quote.com.Retrieved August 18-2011-from Brom Beainy Quote.com

د. پێگەی ئەلیکترۆنی و ئینتەرنێت:ـ

١. ألأيروتيكا، www.alimbratur.com

٢. إيروتيكية الجسد في ملحمة كلكامش، مركز نور، حكمت مهدي جبار www.alnoor.se/article.asp

هجاء، شعر،من ويكيبيديا الموسوعة الحرة www.wikipedia.org

3. Erotic-Literature www.en.m.Wikipedia.org/wiki/

الخلاصة

إن غريزة الجنسية و الرغبة الإيروتيكة موجودة عند كل الفرد من المجتمع، و هذه الغرائزو الرغبات تتجسد في كل المواضع الأدبية، خاصة في الشعر. أسباب إختيارنا لهذا الموضوع يرجع إلى عدم وجود أية البحوث الأكاديمية حول هذا الموضوع، بالرغم من إنها قد شغلت جزءاً لا بأس به في الأثار الأدبية الكردية من الفولكلور حتى أدبنا المعاصر.

حدود البحث: إن المادة الخامة لهذة البحث من ماُخوذة من أحد أشعار الشاعر المعاصر الكردي شيركو بيكس بعنوان (الحمام)، المنشور في آخر دواوينه الشعرية بعنوان (إسرعي الموت يكاد يصل).

ميتود البحث: ميتود هذا البحث هو الميتود الوصفي و التحليل النفسي، في الجزء الاول: أخذنا ميتود التحليلي النفسي و في الجزء الثاني إختلطنا المتودين معاً.

ستراكتور البحث: يتكون البحث من الفصلين: الفصل الاول: يتكون من عدة المباحاث، المبحث الأول: يتحدث عن مفهوم (الإيروتيك) و مدلولاته، و في المبحث الثاني نتحدث عن علاقة السيكس و الإيروتيك و علاقتهما بال اُدب. و أخذنا باُعتبار آراء عدة باحثون و علماء النفسيون في هذا الصدد. و في المبحث الثالث: نتحدث عن الإيروتيك و الرومانسية و نقاط المتشابهة و المشتركة بينهما، لأن الرومانسيون يهتمونَ بالناحية العاطفية الاشعور و الكبت الجنسي و هنا يتداخل مع عالم الإيروتيكي.

و الفصل الثاني خاص بالتحليـل الإيروتيـك في شـعر شـيركو بـيكس و الذي يتكون مـن المبحثيين الرئيسيين، شرحنا فيهِما كل المراحل التي يمر بهـا الإيروتيـك إلى مـا تسـمى بالأورجـازم، و في الأخـير نحـل الـنص بالمثلـث الفرويـدي الشـهير. و في النهايـة وصـلنا إلى مجموعـة اسـتنتاجات و وردنـا المصـادر و المراجـع الـتي اسـتفدنا منهـا و أخـيراً ملخـص البحـث بـاللغتين العربية الانجليزية.

Abstract

Everyone has sexual instinct and erotic desire, these instincts and desires, as areal subject, come into the literary subjects. They stay in the literary genres through the literary language, poetry gets the lion's share.The reason of choosing this subject relates to the inadequacy of the research about this subject, however, the erotic texts have conquered a large area of the Kurdish literature from the folkloric works up to now.

The scope of the research:The scope of the research is a poetry by (Sherkobekas) entitled Hamam "Bath" which he published in his latest divan. The poetry has a form of story, and is a possible text to this research.

The method of the research:We have used a descriptive psychoanalytical method. In the first chapter the descriptive method, and in the second chapter the psychoanalytical method are used, in some parts of the second chapter both of the methods have been mixed.

The structure of the research:This research consists of two chapters, the first chapter is divided into some subchapters.the first subchapter, is the concept of erotic in which the term of erotic is talked about, and its meaning and connotations are presented. The second subchapter entitled the "relatedness of sex and eroticism to literature", adducing the views of some scientists and psychologists, erotic and sexual sides, and to what extend they reflect in literature are explained. The third subchapter indicates the relation of erotic to romanticism which have a common world and share arelevant atmosphere, because the romantics paid a great attention to the feelings, emotions,the unconscious of the individual and the sexual taboos all of which come into the eroticism world. The second chapter is special to the sherkobekas's poetry entitled hamam"Bath"Which is gradually interpreted and analyzed starting at first from the passionate and romantic imagesto the last degree of erotic orgasm of the poetry.